زیندووکردنەوەی

# عەبدالڵ داودە و بەرهەمەکانی

دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی

زنجیرەی ڕۆشنبیری

*

**خاوەنی ئیمتیاز: شەوکەت شێخ یەزدین**

**سەرنووسیار: بەدران ئەحمەد حەبیب**

* * *

ناوونیشان: دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، شەقامی گوڵان، هەولێر

زیندووکردنەوەی

# عەبداڵ داودە و بەرهەمەکانی

هەردەوێڵ کاکەیی          ساڵح هەلاج

ناوی کتێب: زیندووکردنەوەی عەبداڵ داودە و بەرهەمەکانی
ئامادەکردنی: هەردەوێڵ کاکەیی + ساڵح هەلاج
بڵاوکراوەی ئاراس– ژمارە: ٨٦٢
دەرهێنانی هونەریی ناوەوە: ئاراس ئەکرەم + کوردستان کەیفی
هەڵەگری: شێرزاد فەقێ ئیسماعیل + بۆکان نووری
بەرگ: مریەم موتەقییان
چاپی یەکەم، ٢٠٠٩
لە بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی کتێبخانە گشتییەکان لە هەولێر ژمارە ٦٤٦ی
ساڵی ٢٠٠٩ی دراوەتێ

# پێشەکی

شاعیر خەلیل فەقێ ڕەمەزان کە لە نیوەی دووەمی سەدەی نۆزدەیەم و نیوەی یەکەمی سەدەی بیستەم لە دەڤەری شارۆچکەی کفری ژیاوە و نازناوی "عەبدالّ"ی بۆ خۆی هەڵبژاردووە، دەمێکە ناوە ناوە لە گۆڤار و رۆژنامەکاندا ناویمان بەرچاو کەوتووە، بەڵام مخابن کە تا هەنوکە بەدروستی سەرگوزەشتەی نادیارە و بەرهەمەکانیشی کۆ نەکراونەتەوە و هەر بەنەناسراوی ماوەتەوە.

لە مانگی مایسی (٢٠٠٨ی ز)دا بەڕێز نووسەر مامۆستا ساڵح هەلاج لە شارۆچکەی کەلارەوە دەستنووسێکی کۆنی بۆ هێنام مێژووەکەی دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی (١٩٥٦ی ز) تا بەڕێنووسی کوردی تۆماری بکەم و بەدووقۆڵی بڵاوی بکەینەوە، دەستخەتەکە بریتییە لە چەپکێ لە بەرهەمەکانی عەبداڵی شاعیر و بەشێوەزاری گۆران داڕێژراوە، بەندەش دڵیم نەشکاند و بەو ئەرکە هەستام و پەڕاوێزیشم بۆ ئامادە کرد. بەش بەحاڵی خۆم دەستخۆشی لە مامۆستا ساڵح هەلاج دەکەم بۆ ئەوەی بەدوای ئەم شاعیرە و تێکڕای شاعیرانی گەرمیاندا وێڵ و شەیدا بووە لە پێناوی زیندووکردنەوە و بووژانەوەی کەلەپووری نەتەوەییمان لەو دەڤەرەدا[1].

---

(١) مامۆستا ساڵح هەلاجی شاعیر و نووسەر کتێبێکی داناوە بەنێونیشانی: "گوڵبژێرێک لە شیعر و شاعیرانی گەرمیان"- لە چاپخانەی ئارابخا لە کەرکووک لە ساڵی ٢٠٠٨ی ز. لە چاپی داوە، لەوێیش هەندێ باسی لەم شاعیرە کردووە.

شادڕەوان مستەفا نەریمان لە کتێبی ئیبراهیم خانی دەلۆدا کە ساڵی ١٩٨٦ی ز. لە بەغدا چاپی کردووە، وتوویەتی: «عەبداڵ ناوی خەلیلە و لە هۆزی داودەیە، بەشێ لە شیعرەکانیشیم کۆ کردووەتەوە» بەندە ئەوەم بەچاک زانی بەدوای ئەوانەی ئەویشدا بگەڕێین، بۆیە ڕۆژی ٢٠٠٩/١/٢٩ چوومە خزمەتی برای ئازیز نووسەر مامۆستا ئازاد هیدایەت دەلۆ لە شارۆچکەی مەلا ئۆمەر کە سەر بەشاری هەولێرە، چونکە لەمەو پێش بەئاگاین کە هەر هەموو دەستنووس و نامەکانی مامۆستا مستەفا نەریمان کەوتووەتە لای ئەم ڕێزدارە، ئەویش درێغی نەکرد و بەڕوویەکی گەشەوە پێشوازی لێ کردین و شەو تا کاتی نووستن هەر هەموو دەستنووس و نامەکانی خوالێخۆشبوومان بەدووقۆڵی بەوردی پشکنی و خۆشبەختانە ئەو بەرهەمانەمان بەدەست هێنا، لەگەڵ دەستنووسێکی شادڕەوان مەلا فاتیح عەبدولکەریم مودەڕیس کە تەنیا سێ پارچە شیعری شاعیری تێدایە و لە دەستنووسێکی خەلیل منەوەردا ڕوونووسی کردووە و لە کاتی خۆیدا داویە بەمامۆستا نەریمان، لە ئاکامدا ئەو دەستنووسانەمان لەگەڵ ئەوانەی لای خۆماندا بەوردی بەراورد کرد و تا ڕادەیەکی باش سوودمان لێیان بەدەست هێنا، ئەوەشمان لە یاد نەچێ مامۆستا نەریمان شیعرەکانی لە هەمان سەرچاوەی لای ئێمە بە دەست هێناوە(٢).

(٢) مامۆستا نەریمان بەشێ لە شیعرەکانی عەوداڵی لە کتێبی "ئەدیب و نووسەرانی کفری و دەورو پشتی"دا بڵاو کردووەتەوە، کتێبەکە لە پاش خۆی دەزگای ڕۆشنبیری و بڵاوکردنەوەی کوردی لە بەغدا لە ساڵی ٢٠٠٧ی ز. لە چاپخانەی (مطابع دار الشؤون الثقافية العامة)دا لە چاپی داوە، بەڵام مخابن گەلێ هەڵەی تێدا کراوە.

بێگومان دەڤەری گەرمیان لە بواری فۆلکلۆر و تێکڕای کەلەپووردا فرە دەوڵەمەندە و بەدەیان شاعیری پایەبەرزی وەک ئەم شاعیرەمان تێیدا هەڵکەوتووە، لە چەند شاعیرێک بترازێ کە خۆشبەختانە بەرهەمەکانیان کۆ کراونەتەوە و بەچاپ گەیشتوون، بەڵام ئەوانی تر هەر بەنەناسراوی ماونەتەوە و بەرهەمەکانیشیان کۆ نەکراونەتەوە و بەچاپ نەگەیشتوون لەوانە: «غەمناکی، حەسەن کەنۆش "جنوونی"، فاتمەی کچی حەسەن کەنۆش، مەحاک، محەمەد ئاغا، عەلی، مەلا فەتۆش، فەقێ سمایل خەلیفە مەحموود زەنگەنە، یەسو ساوکی کاکەیی، محەمەد چۆبان، گریانی، قەمەر بەگلەر، مەلا نەوشای، سەیید ئەمین شەوقی، ساڵح دەردوونی، ئەحمەد ئاغای کوڕی میر سمایل زەنگەنە، سلێمان بەگی زەنگەنە، مەلا زەینەڵ کاکەیی، محەمەد خورشید ئاغای داودە "خەتاپۆش"، چۆبان یوسف ساوک» و بە دەیان شاعیری تریش، بەڕای من هۆکارەکەی بە زۆری دەگەڕێتەوە بۆ کەمتەرخەمی خۆمان و کەسوکارەکانیان و داگیرکردنی دەڤەرەکە لە لایەن ناحەزان و دوژمنانی گەلەکەمانەوە و ڕاونانی قەڵەم بەدەستان و تێکڕای رۆشنبیران لەلایەن حوکمەتە شوفینییە یەک لە دوای یەکەکانی عێراقەوە بەتایبەتی ڕژێمی بەعسی ئەفلەقی کە بە سەدان ئاوایی کاول کرد و لەگەڵ زەویدا تەختی کردن و خەڵکەکەیشی ئاوارەو دەربەدەر و سەرگەردان کرد. بێگومان لەگەڵ ئەم کارەساتە دڵتەزێنانەدا بە هەزاران دەستنووس و کەشکۆڵ و پەرتووکی بە نرخ بوون بە خۆراکی گڵ یا ئاگر، بەمە زەرەرو زیانێکی گەورە بەر ئەدەب و کولتووری نەتەوایەتیمان کەوتووە. سەرەڕای ئەم کۆست و چۆرتمانەیش هیچ ئەوە بەدوور نازانم ئەگەر بێتو بەوردی کون و

قـوژبـن بپـشـکنرێ بەرهـەمی هەندێ لـەو شـاعـیـرە نەنـاسـراوانەمـان بەردەست دەکەون و لە مەرگ ڕزگاریان دەبێت.

بریا ئەو کـەسـانـەی بەرهـەمی ئـەو شـاعـیـرە نەنـاسـراوانە یـا هـەر دەستنووس و کەشکۆڵە شیعرێکیان لا پارێزراوە بیخەنە بەردەستی ڕۆشنبیران و قەڵەم بەدەستانی دڵسۆز بۆ ئەوەی لە پاش لێکۆڵینەوەیان لە چاپیان بدەن و بیخەنە بەردەست و دیدی خوێنەرانەوە و بۆ هەتاهەتاییش لە نەمان ڕزگاریان بێت.

هەردەوێڵ کاکەیی
٥/ ٢ / ٢٠٠٩ کەرکووک

# ژیانی شاعیر

ئەو ماوەیەی کە لە ناو ڕیزەکانی پێشمەرگایەتی بووم گەلێ شاعیری نەناسراوی دەڤەری گەرمیانم لە دەمی خەڵکییەوە دەست کەوت و هەمووییم لای خۆم پاراست، بەڵام مخابن لە کارەساتی ئەنفالدا زۆریانم ون بوون، دوای ڕاپەڕینی جەماوەری کوردستان لە بەهاری ١٩٩١ جارێکی تر سەلیقەی بەدواچوونی ئەو بابەتانەم کەوتە سەر، جا هەمان ساڵ لە کفری پرسیارم لە گەلێ کەس کرد ناوی خوالێخۆشبوو پارێزەر "باقی سەمین"یان پێدام بۆیە شەوێک دیدەنیم کرد منیش هەروەک خوالێخۆشبوو مامۆستا "مستەفا نەریمان" وام زانی مامۆستا باقی کوڕەزای شاعیری ناوچەی گەرمیان "خەلیل منەوەر"ی کاکەییە، پێم وت: بەڕێزتان باقی سەمین خەلیل منەوەرن، کەچی ئەو فەرمووی نەخێر باقی سەمین خەلیل فەقێ ڕەمەزانم، من هەندێ وەستام و داوای لێبووردنم لێ کرد و پاشان باسی شیعر و ئەدەبی کوردیم بۆ کرد خۆشبەختانە مامۆستا باقی وتی باپیری منیش شاعیر بووە بەناوی "خەلیل فەقێ ڕەمەزان" پاشان لێم پرسی ئەی هیچ شتێ لە بەرهەمەکانی ماوە؟ وتی بەڵێ لە دەفتەرێکی (٦٠) لاپەڕەییدا تۆمار کراون، دەستبەجێ چوو بۆی هێنام و منیش بردم کۆپیم کرد. ئەم بەرهەمە بە دەستنووسی "محەمەد مەلا عەبدولکەریم" ناوێک لە ساڵی ١٩٥٦ نووسراوە و بۆ مامۆستا باقی نێردراوە. بەڵام دوو شیعری (محەمەد خورشید ئاغای[1] دوراج)یشی تێدایە.

---

(١) محەمەد خورشید کوڕی محەمەد باقرە (١٨٧٦ - ١٩٢٥)ی ز، یەکێک بووە =

عــەبداڵ "ناوی خــەلیل فــەقێ ڕەمــەزان"ە ســاڵی هاتنە دنیــاوەی نەزانراوە، بەڵام خەڵکی دوڕاجی[٢] ناو هۆزی داودەیە[٣]. هاو تەمەن و هاوڕێی مــحــەمــەد خــورشــیــد ئاغــای داودییــە و، لە خــۆشی و ناخۆشییەکانیدا هاوسەفەری بووە. عەبداڵ پیاوێکی خوێندەوار و ڕۆشنبیر بووە دوو کوڕی بە ناوی "ئەمین و سەمین" هەبووە و لە شاری کفری نیشتەجێ دەبن. نووسەر خوالێخۆشبو مستەفا نەریمان لە گۆڤاری (بەیان) ژمارە (١١١)ی ساڵی ١٩٨٥ بابەتێکی لەسەر نوسیوە بەم جۆرە: (خەلیل فەقێ ڕەمەزان "عەبداڵ " شاعیرێکی ناو ونبووی کوردە لە چلەکانەوە بە دووی شیعری (خەلیل منەووەر)[٤] کەوتبووم و ناوی لە گوێما ئەزرنگایەوە، لەو مەیدانەدا جار جارێک ناوی خەلیلێکی

= لە سەرەک هۆزەکانی داودەی ئەو رۆژگارە، محەمەد خورشید پیاوێکی شاعیر و ڕۆشنبیر بووە. چەند شیعرێکی لامان پارێزراوە و نازناویشی "خەتا پۆش" بووە، بەڵام زیاتر بە محەمەد دوڕاجی ناسراوە. پێش شەڕی گەورەی یەکەمی جیهانی لە ئیمپراتۆری عوسمانی یاخی دەبێت پاش چەند شەڕوشۆڕ محەمەد خورشید ئاغا دەشکێت و بەرەو ناوچەی بنکورەی ئەوبەری سیروان دەڕوات. لە ناو هۆزی باجەلان لای وەلی ئاغای باجەلان دەگیرسێتەوە (عەبداڵ)ی شاعیریش لەگەڵیا بووە. لە سەردەمی شەڕی جیهانیدا کە عوسمانییەکان دەشکێن و لەم ناوچەیە نامێنن ئەوانیش دەگەڕێنەوە بۆ ناو کەسوکار و هۆزەکەی خۆیان. لە ساڵانی بیستی سەدەی ڕابوردوودا کۆچی دوایی دەکات.

(٢) دوڕاجی: گوندێگی داودەنشینە و سەر بە شارۆچکەی "خورماتوو"ە.

(٣) داودە: هۆزێکی کوردە، لە دەڤەری گەرمیانی کەرکووکدا نیشتەجێن، بەشێکیان لە نێو شەبەکەکاندا نیشتەجێن لە دەڤەری مووسڵ.

(٤) شاعیر خەلیل منەوەر کاکەیی (١٨٧٨ – ١٩٢٣ی ز) – دیوانەکەی لە ساڵی ٢٠٠٦ی ز لەلایەن هەردەوێڵ کاکەییەوە کۆ کراوەتەوە و لە دەزگای ئاراس لە هەولێر چاپ کراوە.

ترم له شیعردا دەبیست تا وام لێ هات ئەم دوو ناوەم لێ ئاڵسكان[٥] بەیەكدا و له نووسینەكەی ژمارە (١٦) ی ساڵی ١٩٧٤ ئەم گۆڤارە كه بە ناوونیشانی (شاعیری دەشتی گەرمیان خەلیل منەووەر) بڵاوم كردبووەوە وا بۆی چووبووم كە میرزا خەلیل منەوەر له هۆزی "داودە"یە تومەز له وەدا بەهەڵە چووبووم پاش ئەوە بۆم دەركەوت كە خەلیلێكی تری شاعیر له هۆزی داودەدا هەیە لەگەڵ میرزا خەلیل منەوەر كاكەیی لە یەك سەردەم و یەك هەرێمدا ژیاون ئەویش "خەلیلی فەقێ رەمەزان"ە كە نازناوی «"عەبداڵ "ی بۆ خۆی هەڵبژاردووە». خەلیل فەفێ رەمەزان (عەبداڵ) له ناو هۆزی داودە لە دەڤەری گەرمیاندا له دایك بووە. له تەمەنی (٧) ساڵیدا باوكی بۆ "خورماتوو"[٦] ماڵ دەگوێزێتەوە و عەبداڵی كوڕی لە حوجرە لە لای مەلایانی ئەو سەردەمە دەنێتە بەر خوێندن، لە پاش (١٥) ساڵێك كۆچ دەكەنە (كفری)[٧] و شاعیر هەر لەوێ ژن دەهێنێ و (ئەمین) و (سەمین)ی لێ دەبێت ئەوەندە لەم ناوچەیە ئۆقرە ناگرێت و ئەكاتە ئەوبەری سیروانەوە و دەچێتە (خانەقی) لەوێیش ماوەیەك دەمێنێتەوە ئینجا دەگەڕێتەوە ناو هۆزی (باجەڵان) لەوێیش چەند ساڵێك دەمێنێتەوە لەگەڵ ئاغاكانیاندا تێكی دەدات و دەگەڕێتە دواوە، بەپێی ئەو قسانەی دەماودەم بیستراون من پێم وایە دەبێت (عەبداڵ) لە دوا ساڵەكانی سەدەی نۆزدەیەم هاتبێتە دنیاوە، لە سەفەر بەردا بۆ سەربازی ڕای دەپێچن وا دیارە خۆی دەرباز دەكات لە چاو ون دەبێت،

(٥) ئاڵسكان، ئاڵزكان: تێكچوون، ئاڵكاندن: (دەزووەكە ئاڵسكاوە).

(٦) خورماتو: شارۆچكەیەكە سەر بە شاری كەركووك و دەكەوێتە سەر ڕێگەی كەركووك – بەغدا بە (٩٥ كم)ە.

(٧) كفری: شارۆچكەیەكە سەر بە شاری كەركووكە.

پاش شـەڕی جـیـهـانیی یەکـەم جـارێکی تر سـەر هەڵدەداتەوە و دەگەڕێتەوە ناو هۆز و کەسوکارەکەی بە بۆچوونی من ڕەنگە لە دوا ساڵەکانی بیستدا کۆچی دوایی کردبێت. بێگومان "عەبداڵ" شیعری زۆر و زەبەندی هەبووە، ئەوەی بەرچاوم کەوتبێت بیست پارچە شیعرە لە دەفتەرێکی (٦٠) لاپەڕەییدا وەکو ئامـاژەم بۆ کـرد لای مامۆستا "باقی سەمین" کوڕەزای شاعیر بووە، لە ساڵی ١٩٥٦ بەدەستخەتی "محەمەد مەلا عەبدولکەریم" ناوێک لەبەر بەیازێکی تردا نووسراوەتەوە. منیش لە کاتی سۆراخکردنی شیعری شاعیرانی ناوچەی گەرمیان ساڵی ١٩٩١ بە ڕێکەوت ئەو بەیازەی بە دەستخەتی خوالێخۆشبوو محەمەدی مەلا عەبدولکەریمی داودە نووسرابوو لای مامۆستا باقی حاجی سەمین کوڕی خەلیل فەقێ ڕەمەزان "عەبداڵ" دەستم کەوت کە بەخەتی شکستە ئاوای نووسیوە:

«تمت شد این غزلیات خلیل فقیه رمضان بەدست حقیر الفقیر محمد أبن ملا عبدالکریم در ماه رەبیع الموار در روز شنبه مبارک سنەی ١٣٧٦ برانبر ١٩٥٦ برای اخ العزیز عبد الباقی ابن الحاج سمین خلیل فقیه رمضان ساکن در شهر صلاحیه[٨] است تا لدی الحاجات بکار اید. سلام علا من أتبع الهدا».

دیسـان یەکـێکی تر هەر بە ناوی خـوالێخۆشبوو "مستەفا نەریمان"ەوە لەگۆڤاری "نەو شەفەق" ژمارە (٢٢)ی ساڵی (٢٠٠٥ی ز)دا هەمان بابەتی لەسەر "عەبداڵ" بڵاو کردووەتەوە، جا لەبەرئەوەی هەر هەمان بابەت بوو بۆیە بەباشم نەزانی دووبارەی بکەمەوە.

ساڵح هەلاج

(٨) صلاحیە (سەڵاحیە): ناوی مەرکەزی شاری کفرییە لە سەردەمی ڕژێمی عوسمانییەکاندا.

# بەشی ئەویندارى

## شرین شریندا

شرین شیریندا، شرین شریندا
شرین سەرتاپا شێوەی شریندا
چین[١] سان[٢] پڕچین جە سەر چین چیندا
هەر چینێش خەراج[٣] چین و ماچیندا[٤]
مەیل غەزاش[٥] بی دەست وە یەمیندا[٦]
مەبۆ[٧] جیهانش بدۆم[٨] وەشیندا
شەونم شەند[٩] وە شان کەتف[١٠] کەتویندا[١١]
ڕێزەی ڕایحەی[١٢] عەتر مشکیندا[١٣]
حاشیەی[١٤] شەوبەند[١٥] چەرخ سەرویندا[١٦]
سەد سەف بی سەفێش بین[١٧] ئەلف بیندا
تەداروک[١٨] وە تیپ سوپای پڕقیندا
فتوای[١٩] سەرهەنگان[٢٠] ڕووی سەر زەمیندا
هەر کەس دی وەڕەنگ ئەو نازەنیندا
جە سەنعان[٢١] بەتەر ئیستیعفای[٢٢] دیندا
شاهان گشت نەموڵک تەخت وێش[٢٣] توندا
زوومەرەی[٢٤] بادەنۆش[٢٥] نەشار چیندا
فەرهاد[٢٦] نیمەی شەو خوسرەو[٢٧] ئەویندا
(عەبداڵ وەست بە کۆس جانی[٢٨] هەر شیندا

(١) چین: لا لەسەر لا، توێ لەسەر توێ: "چینی زوڵف".

(٢) سان: ڕانانی لەشکر.

(٣) خەراج: باج، پیتاک، خەرج، ئەو پارەی پیاوی میری لە خەڵکی دەسێنێت.

(٤) چین و ماچین: وڵاتی چین.

(٥) غەزا: شەڕی ئاینی.

(٦) یەمین: قەستەم، سوێند خواردن.

(٧) مەبۆ: دەبێ.

(٨) بدۆم: بدەم.

(٩) شەند: وەشاندی.

(١٠) کەتف: شان، دەفەی شان.

(١١) کەتوین: ١) کەتوون، پشتێن، کەمەربەند: ٢) پەتی درێژی سەر ئاڵقە بۆ گرتنی حەیوانی ڕەوەک.

(١٢) رایحە: بۆن، هەر بۆنێک، خۆش یا ناخۆش.

(١٣) موشکین: ئەوەی وەکو موشک بۆنی خۆشە، موشک مادەیەکی بۆن خۆشە لە ناوکی مامزی موشک دێتە دەرێ، مسک.

(١٤) حاشیە: پەڕاوێز.

(١٥) شەوبەند: شەوبەن، داری دەرگە لە پشتەوە داخستن.

(١٦) سەروین: سەرپێچی ژنان.

(١٧) بین: بە تورکی هەزار، ئەلف: بە عەرەبی هەمیسان هەزار، واتا، هەر ریزێکی هەزار کەسە.

(١٨) تەداروک: ئامادەکردن.

(١٩) فتوا: بە ڕەوا زانین.

(٢٠) سەرهەنگ: پلەیەکە لە سەربازی.

(٢١) سەنعان: شێخ سەنعان، دڵدارێکە لە فۆلکلۆریدا دەڵێن: موسڵمانێکی خواناس بووە، لە پێناوی خۆشەویستیدا لە ئاینی موسڵمان پاشگەز بووەتەوە.

(٢٢) ئیستیعفا: داوای لێبوردن، ئازادی لە ئیشوکاردا.

(٢٣) وێش: خۆی.

(٢٤) زومره: تاقم، گرۆ.
(٢٥) باده: شەراو، مەی.
(٢٦) فەرهاد: ناوی بەردتاشێک بووه له سەردەمی خوسرەوی پەروێزدا عاشقی شیرین بووه، داستانه شیعرێک بەناویانەوه هەیه بەشێوەزاری گۆران.
(٢٧) خوسرەو: خوسرەوی پەروێز، نەوەی نەوشیروانی دادپەروەره، له سەردەمی ئەمدا محەمەد پێغەمبەر (د.خ) پەیدا بووه، پادشایەکی دادپەروەر بووه، دڵداری لەگەڵ شیرین بووه بەسەرچاوەی چیرۆکی شیعر له ئەدەبیاتدا.
(٢٨) جانی: یاری میهرەبان، ئەویندارى دڵنەرم.

# شرین ئەبرۆدا

شرین ئەبرۆدا .. شرین ئەبرۆدا
بەسەد نەزاکەت[١] ناز وە ئەبرۆدا
سوپای شەڕ بەستش[٢] جە[٣] سەدچین ڕوودا
سەنعان جە سامش[٤] وێش وەسجود دا
چین بە مەودای[٥] چین چلچنگ[٦] چۆدا[٧]
ئاوردش وە باڵ پەڕ تووک[٨] خۆدا
قەرفی[٩] ئەگریجان قەڵاخی[١٠] نۆدا[١١]
ئەو ڕەنج فەرهاد مایەش بێسوود دا
دوو دیدە شێوەی عەین ئاهوودا[١٢]
پارەی[١٣] جەرگ و دڵ هەم وەشێرۆ دا[١٤]
دوو چنگی عەقرەب[١٥] تاریای ڕوودا
نەوفڵ[١٦] مەست زەهر[١٧] ، مەجنون وەکۆهدا[١٨]
دوو کەمان وەکەتف کیان[١٩] وەکۆدا
حەی[٢٠] ئاسا[٢١] کەلاف[٢٢] توول سەر توولدا
کافر فتوای قەتڵ قەستم[٢٣] جە نۆدا
ئەوسا سوپای من جە نۆ هەم ڕوودا
هەی کەرد[٢٤] لە قۆشەن[٢٥] چینی گێسودا[٢٦]
پەی سوپای قەستم سوپا جە زوودا

جـــــه ســــــام ســــــوپای هـهیبـــــهت[٢٧] نـموودا[٢٨]
هـۆشـم تـرســـــــیــــــا فــــــامم فــــــهرهـوودا[٢٩]
قــیـبـلـهم لێــوهی[٣٠] قــهیس[٣١] وه (عــهبدالْ) ڕوودا
شــــــــهیدای لـهیلـێ بـیـم وه شـــــــێـــــــوهی تـۆدا

.............................................................................

(١) نەزاکەت: لەسەرخۆیی و پەسەندی.
(٢) بەستش: بەستی، بەستییەوە.
(٣) جە: ژە، چە، لە.
(٤) سام: ترس، خۆف.
(٥) مەودا: ١) ماوەی نێوانی دوو شت: ٢) لێواری تیخ.
(٦) چلچنگ: شانەی سەر داهێنان.
(٧) چۆ: دار.
(٨) تووک: موو، قژ.
(٩) قەرفی: ڕەشی تاریک.
(١٠) قەڵاخی: ڕەش، ڕەشی، تۆخ، پارچەی ڕەش.
(١١) نۆ: نوێ، تازە.
(١٢) ئاهوو: مامز، ئاسک، ئاسی.
(١٣) پارە: پارچە، لەت، پاژ.
(١٤) شـێرۆ: کـوڕی خـوسـرەوی پەروێزە، حـەزی لە شـیرینی باوەژنی کـرد و لە پێناویدا باوکی خۆی کوشت تا شرین داگیر بکات.
(١٥) عەقرەب: دووپشک، کوڵاژدم، کڵاشدم، دەمارەکوڵ.
(١٦) نەوفڵ: ئـەمـیش وەک مـەجنوون شـەیدای لـەیلا بووە، شـاعـیری بەناوبـانگی کورد میرزا شـەفیع کولیائی داسـتانە شیـعرێکی بە ناوی نەوفڵ و مـەجنوون داناوە، لە ساڵی ٢٠٠٠ی ز. ئەمین کوجەری "شاهۆ" لە چاپی داوە.
(١٧) زەهر: ژار، ژەهر.
(١٨) کۆە: چیا، کێو.
(١٩) کییان: ژان، ئێش و ئازار.

(٢٠) حەی: مار.

(٢١) ئاسا: وەک، وەکو.

(٢٢) کەڵاف: کەڵافە: کڵافەی مار، پێچانی مار بە دەوری خۆدا.

(٢٣) قەست: نیازی کوشتن.

(٢٤) کەرد: کردی.

(٢٥)قۆشەن: سوپا، ئۆردو.

(٢٦) گێسو: پرچ، کەزی، قژ.

(٢٧) هەیبەت: ترس، مەترسی.

(٢٨) نموو: گەشەکردن.

(٢٩) لێوە: شێت، فێدار.

(٣٠) فەرهوود: تالآن.

(٣١) قەیس، مەجنوون، دڵدارەکەی لەیلایە.) قۆشەن: سوپا، ئۆردو.

## شرین سێوەنگ[١] کەرد

شــرین ســێــونگ کــەرد، شــرین ســێــونگ کــەرد
دوو دیدە وەعــەین ســـورمــە[٢] ســێــونگ کـــەرد
نـازکـــتـــر جـــەعـــەین ئـاهـوان[٣] ڕەنگ کـــەرد
هـۆشـم بـەرد جـــەســـــەر خـــەیاڵـم تـەنگ کـــەرد
بـاڵ مـــــژانـان[٤] گـــشـت بـە خـــەدەنگ[٥] کـــەرد
شی[٦] نەجـامــەی قــار هەم بینـای جـەنگ کـەرد
عـــەزم[٧] غـــەزاش[٨] بی تـەمـــامـی ســـاو دا[٩]
یەکـــایـەک بـەخـــوون[١٠] ڕیشـــــەی دڵ ئـاو دا
ســوپای حــەبەشـی[١١] ســێــوەنگی خــۆشــبــۆ
قـــــەترانـی[١٢] و زەنگـی[١٣] تـا دێـز خــــام لۆ
کـــەچی[١٤] ئـەگــریجــان[١٥] حــاشــیــەی ئـەبرۆ
ســـیـــاتـەر[١٦] جـــە تـەرز خـــوردەی بـاڵ قـــۆ[١٧]
جـــەرگـــمـــدا وە گـــاز ڕێزا[١٨] جـــەنـاو دا
یەکـــــایـەک بـە خـــــوون ڕیشـــــەی دڵ ئـاودا
ســوپای ســـوعـــبـــانـان[١٩] ئـاڵای تـاوســـتـــار[٢٠]
گـــرتـەن[٢١] دائـیــرەی[٢٢] جــەمـین[٢٣] شـــەوق نـار[٢٤]
تـــاخـــم وە تـــاخـــم تـــاچـــون وەڵـــگ دار[٢٥]
تـاریـای چلـچـنگ ئـاوێـزای[٢٦] ڕوخـــــســــــار

شەوق گۆنای گوڵ دەرونم تاو دا
یەکا یەک بەخوون ڕیشەی دڵ ئاودا
بینی مەر سافی بللور[٢٧] بێگەرد
عەتر ڕایەحەش شیفای جەمیع[٢٨] کەرد
فەم[٢٩] مەست بادەی کەیل[٣٠] مائلوەرد[٣١]
مەرهەمەن پەی ئێش هەناسان سەرد
وێش وە شیفای زام دەردان حەساو دا
یەکایەک بەخوون ڕیشەی دڵ ئاو دا
زنج[٣٢] تۆپ گوڵ سیمای سای[٣٣] گەردەن
خاڵ ماوی[٣٤] بیم زەرد هەردوو جەیەک تەن[٣٥]
ئالاش بنچینەی یانەم[٣٦] جە بێخ[٣٧] کەند[٣٨]
زۆر جەحوکم موهر[٣٩] سلێمانی[٤٠] سەند[٤١]
چون فەرهاد خوونم ڕێزا وە کاودا[٤٢]
یەکایەک بەخوون ڕیشەی دڵ ئاودا
جە زیلەی[٤٣] گۆشبەند[٤٤] زایەڵەی[٤٥] زەم زەم [٤٦]
هەوای زیل و بەم[٤٧] ئاوێزا وە هەم
زرنگەی زەنگزڕ[٤٨] هۆشم وەست ئەو ڕەم[٤٩]
چون[٥٠] پێشەنگ[٥١] جە پێش شەهزادەی[٥٢] عەجەم
شکستدا وە بەخت چەند مەرد[٥٣] لاودا
یەکایەک بەخوون ڕیشەی دڵ ئاو دا
سینەی ڕوقاقی[٥٤] خاڵ نەقش چینی
نەچین ئاوردەن عەتر موشکینی

زەردێ بەی جـــە تار[٥٥] شـــوعلەی[٥٦] زەڕبینی[٥٧]
وە ســـۆز مـــەگـــڕیۆ پەی شـــەو نشـــینی
ئانە[٥٨] مـــەجنونش وێڵ کـــەرد نەکـــاودا
یەکـــایەک بەخـــوون ڕیشـــەی دڵ ئادا
نـاف[٥٩] نـاف ئـاهـوی[٦٠] ئـارائـی[٦١] هـەردان[٦٢]
بڵـــێـــســـە نەجـــەرگ (عـــەبدالْ)ی وەردان[٦٣]
ســـۆزنا جـــەرگم چون ڕێزەی قـــاودا[٦٤]
یەکـــا یەک بەخـــوون ڕیشـــەی دڵ ئاودا

.............................................................................................

(١) سێوەنگ: ڕەشی زۆر جوان و برووسکەدار.
(٢) سورمە: کل.
(٣) ئاهوان: کۆی ئاهوو، ئاسک، مامز.
(٤) مژانان: کۆی مژان، برژانگ.
(٥) خەدەنگ: تیر.
(٦) شی: ڕۆیشت.
(٧) عەزم: مەبەست، نیاز، بڕیار، سووربوون.
(٨) غەزا: شەڕی ئاینی.
(٩) ساو: پێدا ساوین، تیژکردن، بە هەسان.
(١٠) خوون: خوێن.
(١١) حەبەشی: ١) میللەتێکی پێست ڕەشن لە ئەفەریقادا دەژین: ٢) کەسی پێست ڕەش.
(١٢) قەتران: ١) دەرمانێکە ڕەشە لە کوڵاندنی داری سنەوبەر دێتە دەست: ٢) ئاماژەیە بۆ هەر شتێکی ڕەشی تۆخ.
(١٣) زەنگی، ١) کەسێ خەڵکی زەنگبار بێ کە ناوی وڵاتێکە لە ئەفەریقا دانیشتوانی ئەوێ پێستیان رەشە: ٢) برێتی لە هەموو پێست ڕەشێک.
(١٤) کەچ: چەوت، خوار، لار.

(١٥) ئەگریجە: بسک، مووی بەسەر لاجانگدا هاتوو.
(١٦) سیا، ڕەش، سیاتەر: ڕەشتر.
(١٧) قۆ: قو، باڵندەیەکە لە قاز زلتر و سپیتر، سەر باڵەکانی نەخشینە.
(١٨) ڕێزا: ڕزا، ڕزان، لەبەر یەک چوون و خراپبوون.
(١٩) سوعبانان: (ثعبانان)، کۆی (ثعبان)، مار، ئەژدیها.
(٢٠) تاوس: باڵندەیەکی جوانی پەڕ ڕەنگامەیە، تاوستار، بەشێوەی تاوس.
(٢١) گرتەن: گرتوویەتی.
(٢٢) دائیرە: دایرە، شوێنی کارگێڕی دەوڵەت.
(٢٣) جەمین: توێڵ، ناوچەوان، هەنیە.
(٢٤) نار: ئاگر، ئاور.
(٢٥) وەڵک دار: گەڵای دار، گەڵای درەخت.
(٢٦) ئاوێزان: هەڵواسراو، شۆڕەوە بوو.
(٢٧) بللور: جۆرێ شووشەی جوان و ئەستوور.
(٢٨) جەمیع: هەموو.
(٢٩) فەم: زار، دەم.
(٣٠) کەیل: پڕاو پڕ، دارماڵ.
(٣١) مائلوەرد: گوڵاو، عەتر.
(٣٢) زنج: چەناگە.
(٣١) مائلوەرد: گوڵاو، عەتر.
(٣٢) زنج: چەناگە.
(٣٣) سا: ١) سێبەر: ٢) برێتی لە داڵدە.
(٣٤) ماوی: کەوە، عەبی.
(٣٥) تەن: لەش.
(٣٦) یانە: ماڵ.
(٣٧) بێخ: ڕەگوڕیشە.
(٣٨) کەند: هەڵکێشان، هەڵکێشانی درەخت لە ڕەگو ڕیشەوە.
(٣٩) موهر: مۆر.
(٤٠) سلێمان: کوڕی داودە، لە سەدەی پێش زاین بووەتە پێغەمبەر، زمانی هەموو

ئاژەڵ و باڵندەیەکی زانیوە، ئەنگوستیلەیەکی هەبووە ناوی "ئەعزەمی" لەسەر نووسراوە، هەموو گیاندارەکان لە پەلەوەر و ئاژەڵ لە ژێر فەرمانی ئەودا بوون، تەنانەت مێرووله و فریشتەکانیش.

(٤١) سەند: سەندی، وەری گرت، کڕی.

(٤٢) کاو: چیا، کێو.

(٤٣) زیلە: دەنگی زەنگۆڵە، زڕان، زڕین.

(٤٤) گۆشبەند: ئەوەی لە گوێ بەند دەکرێ، گوارە، گۆشوارە، شاعیر گوارەی یارەکەی بە زەنگ لە قەڵەم داوە.

(٤٥) زایەڵە: ١) دەنگدانەوە: ٢) دەنگی شیوەن و گریان.

(٤٦) زەمزەم: ناوی بیرێکە لە مەککە لە نزیک کەعبەوەیە، قووڵایی (٢٤م)ە بۆ پیرۆزی حاجییەکان لێی دەخۆنەوە، گوایە جبرائیل ئەم بیرەی کردووەتەوە بۆ ئەوەی هاجەر و ئیسماعیلی کوڕی لێی بخۆنەوە، لەبەرئەوەیە بیری ئیسماعیلیشی پێ دەڵێن، لە سەردەمی کۆندا شوێنی ون بووبوو، بەڵام عەبدولموتتەلیبی باپیری پێغەمبەر دۆزییەوە.

(٤٧) زیل و بەم: ناوی دوو ئامێری موزیکن.

(٤٨) زەنگ، زەنگۆڵە، زەنگزڕ: دەنگ لێهاتنی زەنگۆڵە.

(٤٩) ڕەم: هەڵاتن.

(٥٠) چون: وەک، وەکو.

(٥١) پێشەنگ: نواکێش.

(٥٢)شەهزادەی عەجەم: شازادەی ئێران، نەوەی شا.

(٥٣) مەرد: ئازا، چاونەترس.

(٥٤)ڕوقاق: تەنک و ناسکی هەموو شتێک.

(٥٥) تار: تاریک: تاریکی.

(٥٦) شوعلە: مەشخەڵ، گڕی چرا، گڕی ئاگر.

(٥٧) زەڕبینی: لە شێوە و ڕەنگی زێڕ.

(٥٨) ئانە: ئەوە، ئا ئەوە.

(٥٩) ناف: ناوک، نافک، نێوک.

(٦٠) ئاهوو: مامز، ئاسکە، ئاسی.

(٦١) ئارائی: جێگە ژینی هەمیشەیی.
(٦٢) هەرادان: کۆی هەردە، زورکان، دەشتی بەگردۆڵکە.
(٦٣) وەردا: بەردا، بەری دا.
(٦٤) قاو: پووشووی دار، لەگەڵ ئەستێ و بەردە ئەستێدا بەکار دێ بۆ ئاگر کردنەوە.

## لەیلێ تازە کەین

لـەیلـێ تـازە کــــەین، لـەیلـێ تـازە کــــەین
بـا مـــــەیل قـــــەدیم جـــە نـۆ تـازە کــــەین
دڵ چـون پـەڕەی گـــوڵ پـەڕەوازە[1] کـــــەیـن
ڕازانـێ[2] بـەنـاز وە هـەمـــــــڕازە کـــــــەین[3]
کۆی خـەمان باتـڵ شادی گشـت جەم[4] کەین
چەم و[5] دەم و فـــــەم داخـل وەهـەم کــــەیـن
زەڕەێی جــە شــەربەت من و تـۆ نۆش کـەین
ســـاتـێ خــــەیاڵان بـا فــــەرامــۆش کـــەین
دڵەی غـــــەمـــــینم وە بـاڵات شـــــاد کـــەین
وە شــــادی پـڕ شـــەوق دەمێ وەباد[6] دەین
یەکسـەر مـەتڵـوبان[7] تەمـام حـاسڵ کـەین
وێنەی نـادر شـــا[8] وە تـەخت واسـڵ کـــەین
ئـازیز بەتـاقـی[9] ئەر[10] بۆ وەی تـەور[11] بۆ[12]
چمـان[13] مـەبەخـشـی جـیـهـان وە مـن تۆ
وەرنە[14] ها عەبداڵ مەردەن[15] لێش ڕەستەن[16]
کـەس ئاگـاش نیـیـەن تیـر تۆش گـەسـتـەن[17]

---

(١) پەڕەوازە: ئاوارە، تەرە.
(٢) ڕازانێ: ئامادەبوون.

(٣) هەمڕاز: هامڕاز، دۆستی زۆر نزیک.

(٤) جەم: کۆمەڵ، کۆ.

(٥) چەم: چاو.

(٦) باد: با، هەوا.

(٧) مەتڵوبان: کۆی مەتڵوب، داواکراو، خوازراو، ویستراو.

(٨) نادر شا: یەکێکە لە شاکانی وڵاتی ئێران، لە سەردەمی میرزا ئەلماس خانی شاعیر ژیاوە، داستانە شیعرێک بەناوییەوە هەیە بەشێوەزاری "گۆران"، یەکێکە لە بەرهەمەکانی شاعیری ناوبراو.

(٩) تاقی: ڕاستی.

(١٠) ئەر: ئەگەر.

(١١) تەور: جۆر، شێوە.

(١٢) بۆ: ببێ.

(١٣) چمان: دەڵێی.

(١٤) وەرنە: وەرنا، دەنا، ئەگەرنە، ئەگینا.

(١٥) مەردە: مردوو، مردن.

(١٦) ڕەستەن: گەیین، گەیشتن.

(١٧) گەستەن: پێکراو، لێدراو، پێوەدراو.

## سەوزەی[١] شکاری

ســــــەوزەی شـکـاری، ســــــەوزەی شـکـاری
ســــەوزەی واشــــە چەم ســــەوزەی شکاری
شـــاهـێن[٢] شــــەشــــدانگ[٣] دیدە نیگاری
چـنگ بەخـــوون دڵ ڕەنگ بـەســــتــــەی ژاری
غـــەزەب بـەست وەبـان عـــەین خـــومـــاری[٤]
خـــەوفم[٥] پـەیدا کـــەرد زات نشـــتـــە زاری[٦]
ئەو کــە خــەشم[٧] ئاوەرد[٨] من ســەندم تاری[٩]
زانـام پـەرێ[١٠] قــــەست مـن شـی نـەقـــاری
دا وە جــەســتــەمـدا شــەست[١١] قـەهـاری[١٢]
هـۆشـم زایـە[١٣] بـی دەردم[١٤] بـی کــــــاری
ســەوزە بـۆ وە خــێــر مــەردەی وێت جــاری[١٥]
نـیم زەڕە جـــە عـــەتر دوو لـیــــمــــۆت باری
ببــەخــشــــە وەزام نـاســـۆر[١٦] نـەکــاری
ســــاکن[١٧] کــــەر دڵم جــــە تـەقــــەداری[١٨]
سەوزەی غـەمزەی[١٩] ناز خوب[٢٠] لەنجەو لاری
مــەردەی هـۆشــمــەندەی[٢١] زندە[٢٢] بیـمـاری
پـێکای وەجــــــەرگم یـەک نـێش[٢٣] خـــاری[٢٤]
مـــەر وێت وە ڕیشـــەی جـــەرگم بـەرئـاری
ئەر[٢٥] دەرد (عـــەبـداڵ) وێت نـەکـــەی چاری
نمە بۆ عـــیــلاج ســـەد حـــەکــیم[٢٦] باری[٢٧]

.............................................................................

(١) سەوزە: ئەسمەر.

(٢) شاهێن: مەلێکی ڕاوکەرە، نینۆک و چنکێ بە هێزی هەیە.

(٣) شەشدانگ: تەواو، بێ کەموکووڕی، کامڵ.

(٤) عەین خومار: چاو خومار، چاومەست.

(٥) خەوف: ترس.

(٦) زاری: گریان و شیوەن.

(٧) خەشم: غەزەب، قار، تووڕە.

(٨) ئاوەرد: هێنای.

(٩) تار: ١) تاریک: ٢) ڕەنگی بێ بریقە و مات.

(١٠) پەرێ: بۆ.

(١١) شەست: ١) قولاوی ماسی گرتن: ٢) پەنجە کەڵە.

(١٢) قەهار: بە توانا، بەهێز.

(١٣) زایە: ون، بزر، گوم.

(١٤) دەردم: دەستبەجێ، هەر ئێستا.

(١٥) جاری: ڕەوان، ڕەوانی.

(١٦) ناسۆر: برینی تەشەنە کردوو.

(١٧) ساکن: وەستاو، مەنگ، بە ئارام، خامۆش.

(١٨) تەقەدار: دڵەڕاوکێ.

(١٩) غەمزە: چاو داگرتن، چاو هەڵتەکاندن.

(٢٠) خوب: چاک، باش.

(٢١) هۆشمەند: بە هۆش، هۆشدار.

(٢٢) زندە: زیندوو.

(٢٣) نێش: ئێش، ئازار.

(٢٤) خار: دڕک.

(٢٥) ئەر: ئەگەر.

(٢٦) حەکیم: پزیشک.

(٢٧) باری: بهێنی، بێنی.

## یاران نەخاو[١] دیم

یاران نەخاو دیم، یاران نەخاو دیم
ئەمشەو نەخاودا لەیلێ نەخاو دیم
جە شێوەی شیرین[٢] موڵک ئەرمەن دیم
دوو دیدەی وێنەی ئاهووی خوتەن[٣] دیم
زوڵف عەتر ئامێز[٤] کەیل کلاو دیم
زولاڵتر جە تەرز[٥] بەڕەزای[٦] کاو[٧] دیم
جەمین چون سافی تەخت مینا[٨] دیم
دڵەی دەردینان[٩] پێوەی عەتا[١٠] دیم
زوبان وەڕێزەی شەکەر فروخ[١١] دیم
بەوێنەی لەیلێ سالان تۆخ[١٢] دیم
زەوق زەنەخ[١٣] چون شەوق گوڵتۆپ[١٤] نۆ دیم
ڕەوزەی[١٥] بەهەشتی ها من جەتۆ دیم
گەردەن چوون دوربین عەکس[١٦] کەیان[١٧] دیم
عەکسش چون ئەنجوم[١٨] وەڕووی بەیان دیم
دوو قوببە[١٩] جەسەدر[٢٠] سینەی مەسکەن[٢١]دیم
حەیان[٢٢] پەی نیگاش هەر جە وەزەن دیم
پەنجە وە خەننای[٢٣] ڕەنگ بەستەی خاس دیم
پوول دەلیلەی کەمەند[٢٤] بەرماس[٢٥] دیم

مـــەعلومـــەن عـــەبدالّ تالّەش جـــە نـەحـــســـەن
ســـــتـــــارە شـــــومـــــەن تـا ڕۆژ ئـەلەســـــتـــــەن[٢٦]

.........................................................................................

(١) خاو: ١) خەو، نوستن، دژی بێداری: ٢) خاو دیتن لە خەودا.
(٢) شیرین: دڵدارەکەی فەرهادی بەردتاشە، کە بە شیرینی ئەرمەن ناسراوە. واتا: شاعیر یارەکەی خۆی لە خەودا بینیوە و جوانیشی بە شیرینی ئەرمەن شوبهاندووە.
(٣) خوتەن: ناوی کۆنی بەشێک لە تورکستانی ڕۆژهەڵات یا تورکستانی چینە کە مامزی موشکی ئەوێ بەناوبانگ بووە.
(٤) ئامێز: تێکەڵ.
(٥) تەرز: شێوە.
(٦) بەڕەزا: ڕووەکێکی گەڵێ وردی خۆڕسکییە، بۆ دەرمان دەشێ.
(٧) کاو: چیا، کێو، شاخ.
(٨) مینا: شووشە.
(٩) دەردینان: کۆی دەرد.
(١٠) عەتا: خەڵات، بەخشین، دیاری.
(١١) فروخ: (فروخت) فرۆشتن، بەرانبەر کڕین.
(١٢) تۆخ: ڕەنگی پڕ تۆخ، بە تەواوی.
(١٣) زەنەخ: چەناگە، چەنە، چەنەگە.
(١٤) گوڵتۆپ: تۆپە گوڵ، کۆمەڵێ گوڵ لە لقێکدا.
(١٥) ڕەوزە: گوڵستان، مێرگ، سەوزەڵان.
(١٦) عەکس: وێنە، ڕەسم، شکل.
(١٧) کەیانی: ئاماژەیە بۆ پادشاکانی کەیانی لە ئێراندا.
(١٨) ئەنجوم: ئەستێرە.
(١٩) قوببە: گومەز، شاعیر لێرەدا مەبەستی لە مەمکەکانی یارەکەیەتی.
(٢٠) سەدر: سینە.
(٢١) مەسکەن: ماڵ، خانوو، خەڵوەتگە.

(٢٢) حەیان: کۆی (حیّة) واتا: مار.
(٢٣) خەننا: خەنە.
(٢٤) کەمەند: کەمەن، پەتی درێژ بۆ گرتنەوە و بەستنی ڕاکردوو.
(٢٥) بەر: پێش. ماس: مانگ. بەرماس، وەرماس، بریتی لە پێش ئەوەی مامز خوازیاری نێر بێت بەمانگێک.
(٢٦) ئەلەست: بریتی لە ڕۆژی ئەزەڵ کە خوا بەفریشتەکانی فەرموو: (الست بربکم، قالوا بلا).

## میرزام[١] وەی ڕاوە[٢]

میرزام وەی ڕاوە، میرزام وەی ڕاوە
عەجەب گوڵێ دیم ویەرد[٣] وەی ڕاوە
لەنج[٤] مەکەرد بەڕەفت[٥] جەیران[٦] ئاساوە
سەروێن بی وەتوک پەڕ جوقەی شاوە
پێشانی وە نوور ڕشتەی[٧] ئیللاوە
شەوق مەدا چون خوّر ئێوار نەجاوە[٨]
ئەبرۆوان سەر مەشق مەعنا شکاوە
ساف شێوەی هیلال[٩] ئەوەڵ نماوە
بینی[١٠] هەم بەخەت نەقش یەکتاوە
مەر مینای یەخبەند[١١] وەجای میناوە
عەین عەین جەیران سوب[١٢] جە سەحراوە[١٣]
وەعەزم[١٤] سەیران ڕەم بەست جە کاوە[١٥]
بێ تاوس[١٦] جە تەخت سینەش خەم داوە[١٧]
نیم نیگاش زینەت حوّری[١٨] شکاوە
جەمین وەی سیمای شەمس سەماوە
مەر بەرق، قەمەر[١٩] سوب[٢٠] جە پەناوە
خوردەخاڵ جەدەور خونچەی لەب[٢١] ناوە
چوون مەجنوون سوزا، تەن[٢٢] وە سزاوە

دو بەی چون قەندیل[٢٣] جەتۆی سیماوە[٢٤]
بەگلەران[٢٥] جە بەزم[٢٦] شەوان نیياوە[٢٧]
ناف[٢٨] چینی[٢٩] فەغفور[٣٠] مەست مەیخواوە[٣١]
سۆفی سەر مەست کەرد وە بەیتوڵڵاوە[٣٢]
سەرتا پا وەبەرگ تورکی[٣٣] تورڕاوە[٣٤]
مەرسافی ئەندام وە بەلقیساوە[٣٥]
مەنیجەش[٣٦] نامەن نازدار باوە[٣٧]
سەد شیرین نەشەوق چارەش خێزاوە[٣٨]
یە واتەی عەبداڵ دەروون خونا وە
بەتەر شەیدا بی بەو وەڵەد[٣٩] چاوە

..........

(١) میرزا: خوێندەوار، مەلا.
(٢) ڕا: ڕێگە. وەی ڕاوە، بەڕێوە، ڕۆیشتن بە ڕێگەدا.
(٣) ویەرد: تێپەڕبوو، ڕابورد.
(٤) لەنج: لەنجە، لەنجەولار.
(٥) ڕەفت: ڕۆیشت.
(٦) جەیران: ئاسک، مامز.
(٧) ڕشتە، ڕەژتن.
(٨) جا: شوێن، جێگە.
(٩) هیلال: مانگی یەک شەوە.
(١٠) بین: گەروو.
(١١) مینای یەخبەنان: مینا: گوڵ، یەخبەنان: بەستەڵەک، واتا مەگەر بریقە و جوانی بەستەڵەک کە لە ڕووی گوڵدا مەییيەوە بگاتە جوانی و شیرینی ڕوخساری یار.
(١٢) سوب: بەرەبەیان.

(١٣) سەحرا: سارا، دەشت.
(١٤) عەزم، نیاز، مەبەست، بڕیار.
(١٥) کاو: چیا، کێو، شاخ.
(١٦) تاوس: مەلێکی جوانی بەناوبانگە.
(١٧) خەمداوە: چەماوەتەوە.
(١٨) حۆری: پەری، ڕوو زۆر جوان.
(١٩) قەمەر: مانگ.
(٢٠) سوب: بەرەبەیان.
(٢١) لەب: لێو.
(٢٢) تەن: لەش.
(٢٣) قەندیل: چرای نەوتین.
(٢٤) سیما: تەرح و دیدار.
(٢٥) بەگلەران: کۆی بەگ، گەورە.
(٢٦) بەزم: شادی و کەیف.
(٢٧) نییاوە: نایەوە، واتە شادی و خۆشی.
(٢٨) ناف: ناوک.
(٢٩) چینی: جۆرە قاپێکی فرە باشە، لە خاکێکی تایبەتیدا ئامادە دەکرێ، لە سەرەتاوە لە "چین" دروست کراوە.
(٣٠) فەغفوور: ناوی شاکانی کۆنی چینە.
(٣١) مەیخوا: مەیخۆر، کەسێ کە شەراب دەخواتەوە، واتا: شاعیر ناوکی یارەکەی بە قاپی چینی لە قەڵەم داوە، کە تەنیا شایستەی ئەوەیە گەورە پیاوان شەرابی تێدا نۆش کەن.
(٣٢) بەیتوڵڵا: ماڵی خوا، خانەی خوا، کابە، کەعبە.
(٣٣) تورکی: ئەو شتومەکانەی کە لە تورکیادا ئامادە کراون، واتا: پۆشاکی یارەکەی تورکی و زۆر جوان بووە.
(٣٤) توڕڕە: ئەو دەستە موویە کە بەسەر نێوچەواندا دێتە خوارێ.
(٣٥) بەلقیس: ناوی شاژنی مەملەکەتی سەبایە، بەجوانی و شکۆ و زیرەکی و عەییاری نێوی دەرکردووە، گوایا چووەتە لای سلێمان پێغەمبەر بۆ ئەوەی

هونەری خۆی بۆ بنوێنێ و حیکمەتی لێ وەربگرێ، ئینجا شووی پێ بکا، لە قورئاندا باسی لێوە کراوە.

(٣٦) مەنیجە: مەنیژە، نێوی دڵدارەکەی بێژەنە، داستانە شیعرێک بەشێوەزاری "گۆران"ی کوردی بەنێویانەوە هەیە.

(٣٧) باوە: باوک.

(٣٨) خێزا: بەرز بووەوە.

(٣٩) وەڵەد: رۆڵە، مەبەستی شاعیر لە بێچووە مامزە کە چاوی ئازیزەکەی بەچاوی کارمامز شوبهاندووە.

# میرزام شایی بی

میرزام شایی بی، میرزام شایی بی
رۆژێ زەمزەمەی[١] بەزم و شایی بی
تەمامی خەڵقان جەم هەوایی بی
گۆش[٢] بە سەدای ساز موتریب[٣] دائی بی
دیدەم جە لێشان[٤] دایم مەلەرزی
دیم کەها[٥] نە خاک کەفتەن یەک دەرزی
هورگردم[٦] نەخاک پۆلای مەودا[٧] نێش[٨]
تەمام هەوالان یەک یەک پەرسام[٩] لێش
واتم[١٠] ئەی دەرزی بەشق[١١] شای جیهان[١٢]
ئوستادت جە کۆن[١٣] جەکۆتەن مەکان
پەی چێش وەبێ ناز نەخاک خەریکی؟
جە فەرق[١٤] لیمۆی یاران تەریکی
جە یەقەی نەوتوول گوڵخونچەی باغ بیت
یا جە پیرەژەن[١٥] بەندی و دوستاخ[١٦] بیت
چەنیم[١٧] واچە ڕاست، ئەحواڵت دەرزی
وامەندەی[١٨] یەقەی کام بالا بەرزی
دەرزی ئێد[١٩] ئەژنی[٢٠] ئاما وە[٢١] سوخەن[٢٢]
گەوهەر[٢٣] ڕێزان کەرد نە دورج دەهەن[٢٤]

واتش ئەی دانای هەواڵ پرس دەور
ئەورۆ کە ئوستاد سازنام وە ئی تەور[٢٥]
حەق وەستم بەدەست یەک خەڵف نۆییێ[٢٦]
بیم وە هام ڕەفیق عەنبەرین[٢٧] بۆییێ
پایەی بوزورگیش[٢٨] بەو تەورە پێم دا
بەرشیم[٢٩] جە مەرکەز[٣٠] بە وێنەی گومڕا[٣١]
ساحێب تەخت و تاج عالی مەکان بیم
پاسەبان[٣٢] بەی باخچەی پەنهان[٣٣] بیم
جە گەشت خاڵان سینەی گەردەن بیم
هەردەم[٣٤] جە فتراق[٣٥] شەربەت وەردەن بیم
جە سایەی شنۆی زوڵف خوناو بیم
دایم کاس نەبۆی عەتر گوڵاو بیم
ئەوسا کە من بیم جە شاهان پێش
چوون من نەنیشتن کەس وە تەخت وێش[٣٦]
هیچ کەس وێنەی من شادی نەکەردەن[٣٧]
سەرتەخت ئیقلیم جیهان نەگەردەن[٣٨]
سەد کەس حەسرەتمەند[٣٩] پەی مەکانم بی
جەلای نازداران قەدر خانم[٤٠] بی
ها جە گومڕاهی وەی تەور ئاماپێم
بەرشیم جە مەرکەز تەخت و جاگەی[٤١] وێم[٤٢]
سەرتیپ خەمان جەستەم کەرد هیلاک
ناغافڵ جە یار من کەفتم نە خاک

پەرێم[٤٣] نیگا کەرد دەرلاد[٤٤] جە ئەو دەم [٤٥]
من وێم دام عەیان ئەو نەدیش[٤٦] بەچەم[٤٧]
جەشوومی بەختم جەهەننەم تار بی
شادی و زەق و سەیر جەلام فیرار بی
ئیستە وەبێ زەوق کەفتم وەلای تۆ
مەحاڵەن بشۆن[٤٨] بەو باخچەی خۆشبۆ
ئەندام یاران گشت مەدام بەهەم[٤٩]
مەنیشتم[٥٠] وە تەخت ساف سینەی هەم
جامەی[٥١] زەڕینش[٥٢] ماوەردم[٥٣] وەهەم
هەم مەشیم[٥٤] وەتۆی دوو لیمۆی بێ غەم
چون بەندی گنیام[٥٥] بەدەست عەبداڵ
لەیلێ ڕەفتەوە[٥٦] وە یەقەی بەتاڵ [٥٧]

---

(١) زەمزەمە: دەنگ و ئاوازی خۆش و دڵگیر.
(٢) گۆش: گوێ.
(٣) موتریب: گۆرانیبێژ.
(٤) لێشان: لێیان.
(٥) کەها: ڕوانین، بینین.
(٦) هورگردم: هەڵم گرت.
(٧) مەودا: تیژی لێواری تیخ.
(٨) نێش: ئێش و ئازار، ژان.
(٩) پەرسا: پرس، پرسکردن.
(١٠) واتم: وتم.
(١١) بەشق: بە عەشق.
(١٢) شای جیهان: مەبەست لە یەزدانە.

(١٣) كۆن: كوێیە.

(١٤) فەرق: تەوقی سەر.

(١٥) پیرەژەن: پیرێژن.

(١٦) دوستاخ: گیراو، بەندی.

(١٧) چەنیم: لەگەڵم.

(١٨) وامەندە: بەجێما.

(١٩) ئێد: ئەمە، ئا ئەمە.

(٢٠) ئەژنی: بیستی، گوێی لێ بوو.

(٢١) ئاما: هات.

(٢٢) سوخەن: ئاخافتن، قسە.

(٢٣) گەوهەر: مرواری، گەوهەر ڕێزان: مرواری بارین.

(٢٤) دەهەن: زار، دەم.

(٢٥) تەور: شێوە، جۆر.

(٢٦) خەڵف نۆیێ: برێتی لە نەوجوان، کیژۆڵەی تازە پێگەیشتوو.

(٢٧) عەنبەر: مادەیەکی بۆن خۆشە ڕەنگێ خۆڵەمێشی هەیە، لە گەدە و لوولەکانی ناوەوەی ماسی عەنبەردا هەیە، لە کاتی ڕاوکردنی ئەم ماسییە ماددەکە لە ناو سکی دێننە دەرێ، ماسی عەنبەر سەری گەورە و ددانێ تیژی هەیە، درێژیی تا دە مەترە دەڕوا.

(٢٨) بوزورگ: گەورە.

(٢٩) بەرشیم: دەرچووم.

(٣٠) مەرکەز: چەق، ناوەڕاستی بازنە، پایە، بنە، بنکە، مەبەستی شاعیر سەر سینگی یارەکەیەتی.

(٣١) گومڕا: ڕێ لێ ون بوو، ئەوەی لە دام و دەستووری ئاسایی لای دابێ، ئەوەی باوەڕی بە ئاین و خوا نەبێت.

(٣٢) پاسەبان: پاسەوان.

(٣٣) پەنهان: شاراوە، نادیار.

(٣٤) هەردەم: هەمیشە.

(٣٥) فتراق: خۆ ماتکردن لە شت.

(٣٦) وێش: خۆی.

(٣٧) نەکەردەن: نەیکردووە.

(٣٨) گەردەن: گەڕان، گەشت. نەگەردەن: نەگەڕاوە.

(٣٩) حەسرەتمەند: بە ئارەزوو، بە تاسەی زۆر.

(٤٠) خان: نازناوی دەسەڵاتداران.

(٤١) جاگە: شوێن، جێگە.

(٤٢) وێم: خۆم.

(٤٣) پەرێم: بۆم.

(٤٤) دەرلاد: ١) دەستبەجێ. ٢) ئازیز، شرین.

(٤٥) ئەودەم: ئەو دەمە، ئەو کاتە.

(٤٦) نەدیش: نەیبینی، نەیدی.

(٤٧) چەم: چاو.

(٤٨) بشۆن: بڕۆم.

(٤٩) بە هەم: بە یەکدا.

(٥٠) مەنیشتم: دادەنیشتم.

(٥١) جامە: ١) بەرگ، ٢) لەش.

(٥٢) زەڕین: زێڕین.

(٥٣) ماوەردم: دەمهێنا.

(٥٤) مەشیم: دەڕۆیشتم.

(٥٥) گنیام: کەوتم.

(٥٦) ڕەفتەوە: ڕۆیشتەوە، ڕۆیشت.

(٥٧) شاعیرێکی نەناسراوی گەرمیانی تر وەکو ئەم بەسەر دەرزیدا هەڵی داوە و دەڵێ:

چـــراغـــم دەرزی، چـــراغـــم دەرزی
کـــەسێ پەیم باچۆ کـــەلیـــمـــەی دەرزی
هەی دەرزییـــەکـــەی نەرمـــەســـاو ئاسن
کـەی بیت بە هامـرای بەرمـشتـە و بازن

دەرزی وات:

وەسـتـا نە شـاران هـەر من مـەسـازنا
نـازداران پـەی مـن هـەر داخ مـــەوازنـا
بە ڕۆژ کـوشـتـەی دەس، کـار کـلافـەنا
بە شـەو مـەلامـای سـینەی سـافـەنا
جـاگـە و مـەکـانم جـایە ڕەنگینە
دەورم شــەمــامــەی زەرد و وەنگینە

– بڕوانە هەڵبژاردەیەک لە هۆنراوەی فۆلکلۆریی کوردیی ناوچەی گەرمیان – بەرگی سێیەم – ئیبراهیم باجەلان – هەردەوێڵ کاکەیی – چاپخانەی شڤان – سلێمانی / ٢٠٠٤

هەروەها شاعیرێکی تر لە ناوچەی گەرمیاندا بە ناوی عەبدوڵڵای قادر تۆمتەن زەنگنە لەگەڵ دەرزیدا بەم جۆرە وتووێژ دەکا و دەڵێ:

واتم: ئەی دەرزی عـارەق گـردەی مـەم
کـەی بیت وە هامـڕای زایەڵە و زەمـزەم
دەرزی وات: ئـا ڕۆ، بیـــیـــام پـەروەردە
بیـیـام وە وەکـیل ئا لیـمـۆی زەردە
چەن خـاڵم کـوتان جـە مـابەین لیـمـۆ
وتەنان جـە سـای زوڵف عـەمـبـەر بۆ.

زۆر سوپاس بۆ برای ئازیز نووسەر مامۆستا شوکر حەمە هەیەر، دانیشتووی شارۆچکەی کفری کە ئەم شیعرەی لە پێوەندییەکی تەلەفۆنیدا بۆ خوێندمەوە تا لێرەدا تۆماریان بکەین ــ نموونەیان زۆر بن.

سەرجەم شیعرەکە لە کتێبی "گوڵبژێرێک لە شیعر و شاعیرانی گەرمیان" لە لاپەڕە (١١٢)دا لە لایەن سەلاح هەلاجەوە بڵاو کراوەتەوە.

## دڵە دەواشەن[١]

دڵـە دەواشـــــــــەن، دڵـە دەواشـــــــــەن
دڵـە پـەی زامـت ئـیـنـە دەواشـــــــــەن
جیـهـان حـەسـرەتمەند حـەڵقـەی[٢] سـیـاشـەن[٣]
هەر تـایێ شـــیـفـــای بین[٤] دەرد جــەلاشـــەن
پـەی زەبـوونـی تـۆ مـن فـــــەرمـــــام وەلـەیل
بەمـــیـــقـــراز[٥] گـــاز کـــیـــانا ئـەو بێ مـــەیل
وە دەرد بـێ حـــەد[٦] جـــەســـتـــەی تۆ زانـام
عـــەتر نـیم عـــەرەق لیـــمـــۆی تـۆ شـــانـام[٧]
یە[٨] دڵواز[٩] کیاستش[١٠] پەی شیفای دەردت
ســـابـا[١١] ســـاکن بـۆ هـەنـاســـەی ســـەردت
وەس چـەنـی خـــــــەمـــــــان پـەژارانـت بـۆ
وەس تـەمـــــەنـنـای فـــــەوق دیـارانـت[١٢] بـۆ
وەس چەم نـەڕاگـــەی[١٣] ئـامـــامـــانـت بـۆ
وەس زووخ[١٤] زامـــــان بە دامـــــانت[١٥] بۆ
دڵـە بـا وەس بـۆ[١٦] ئـەی زاری کـــــــــەردە
وەسـدەر[١٧] سـزای تەن[١٨] تۆ جـە تۆی پەردە
ســـاتێ[١٩] ســـاکـن بەر تۆ چـەنـی شـــیـفـــات
وەس چەنی دەردان عـومـرت کـەر[٢٠] سـەوقـات

جـــــەی دمـــــا هـەر وەخت دەرد بـێ ئـەنـدێش
عــــەزم دڵـخــــۆشـی تـۆ کـــــەر وە خــــدێش[21]
تارێ[22] جـە تای زوڵف خـام دێز[23] لوول تا
قـەترانی جـە ڕەنگ جـوقـقـەی[24] کـاوس شـا[25]
وەتـای زوڵـف لـوول دەردان کـــــــــەر بـاتـڵ
دڵە وەس ئـەی دەرد بـگـێــــرە[26] جـــــە دڵ
بـە دەرد تـۆوە (عـــــەبدالْ) عـــــەبدالْ[27] بـی
نامـۆی[28] عـەبداڵیش نەجـیـهـان قـاڵ[29] بی

---

(١) دەواشەن: دەرمانیەتی.
(٢) حـــەلقـــەی ســـیـــا: زوڵفی کـرژی بە گـوریزە، ئەو زوڵفـەی چەمــاوەتەوە و خواروخێچی تێدایە.
(٣) سیا: ڕەش.
(٤) بین: هەزار، وشەکە تورکییە.
(٥) میقراز: قاچی، قەیچی، مقەس.
(٦) بێ حەد: بێ حەساب.
(٧) شانام: وەشاندم.
(٨) یە: ئەمە، ئا ئەمە.
(٩) دڵواز: دڵخواز، ئەوەی دڵ ئارەزووی دەکا.
(١٠) کیاست: ناردی، ڕەوانەی کرد.
(١١) سابا: دەبا، تاکە.
(١٢) دیاران: کۆی (دیار)ە، خانوو، ماڵ.
(١٣) ڕاگە: ڕێگە.
(١٤) زووخ: کێم و جەراحەتی برین.
(١٥) دامان: داوێن.
(١٦) وەس بۆ: بەس بێ.

(١٧) وەس: بەس، وەسدەر: بەسبدە.

(١٨) تەن: لەش.

(١٩) ساتێ: دەمژمێرێ.

(٢٠) کەر: بکە.

(٢١) خدێ: خوو، عادەت.

(٢٢) تار: تاڵێ، تەڵێ.

(٣٣) دێز: ڕەش، بەرانبەر سپی.

(٢٤) جوققە: برێتی لە تاج.

(٢٥) کاوس شا: کەیکاوس شا، پاتشایەکی بەناوبانگی ئێران بووە.

(٢٦) بگێرە: بگرە.

(٢٧) عەبداڵ: هەڵوەدا، تەرە، ئاوارەی دەشت و کێو.

(٢٨) نامۆ: ناو.

(٢٩) قاڵ: بڵاوبوونەوە، پەخشبوون.

# زلێخام وەردا

زلێخام[١] وەردا[٢] زلێخام وەر دا
ڕۆیێ[٣] سوپای چین[٤] وە ئەدەب وەردا
هەر چین نەتارێ سەد چین جە سەردا
ئاوێزان[٥] وە بۆی قورس قەمەردا[٦]
نیم نیگاش فامم[٧] جە سەر گوزەردا[٨]
نە خودا دا مەرگ نەزەمین دەردا
نە لەیلێ[٩] پشتان[١٠] توول[١١] باخم کەرد
چون خواجای[١٢] سەنگین ساف چراخم کەرد
نە ویم دەسەڵات مەداشتم[١٣] وە ئەو
دوود[١٤] هەناسەم سەحرا کەرد وەشەو
عیلاجم ئێد[١٥] بی وە پەنا جە پڕ
مەکەردم سەیران سوپای قەزاقڕ
بزانیم[١٦] دەستەی جەنگی چەند پێشەن[١٧]
هەوای کۆ[١٨] دارۆ هەم قەست کێشەن؟
ئەوەڵ نەسەر فەوق پێشانی پڕخەم
شەفافتەر[١٩] نەشەوق بەدر دوو هەفتەم[٢٠]
تەرتیبدا دەستەی داخ بە دڵ بەردە
کۆرپە ئەگریجان تا ئەبرۆ کەردە

قەرفی[٢١] قەڵاخی[٢٢] سێوەنگی[٢٣] زاخی[٢٤]
مەر فەوج سەرواز[٢٥] جە ئێڵ یاخی
وا دەو[٢٦] مەدەران[٢٧] بە بێ زیاد و کەم
بڕشتدان وە نێش[٢٨] سەر مەودای[٢٩] دودەم[٣٠]
چڵچۆی[٣١] خەندەنگان[٣٢] دیدە پڕمەی[٣٣] کەرد
ئەبرۆ بە کەمان، کەیان کەی[٣٤] کەرد
چین سەر ئاوێز[٣٥] نەو چین کەرد گوزەر
چەمیان[٣٦] جە دەورەی عەین منەوەر
شەونمدا وە مسک[٣٧] گوڵ نم گوڵاو
خەمدا[٣٨] وەلوولەی چەم جە پایەی چاو
نە هەردوو تەرەف[٣٩] وەی تەور دا قەرار
چون عەقرەب[٤٠] نە دەور گۆنای گوڵ ئەنار[٤١]
چینی و چلچنگ[٤٢] جە ئەو کەرد جیا
بەدەو سواران قەڵاخی سیا
چون مەرد داوخواز[٤٣] پێشڕەو نە دەعوا
تاوس پەڕ میسال کۆرپەسای ساوا
گا جە فەهم ڕاز شەهد[٤٤] ڕاز فرۆش
مەنۆشا شەربەت ڕاگەی نۆشانۆش
گازەدەی زەنەخ[٤٥] سای زنج گەردەن
دەور مەدا سوپا مەهوەش[٤٦] بە قەوشەن[٤٧]
چینێ تارنا[٤٨] جەگشت خاس و[٤٩] عام
ئاوێزان بەو بەژن چەرمەو[٥٠] سەوڵ[٥١] ئەنام

هیندستان دەستوور حەبەشی و[٥٢] زەنگی[٥٣]
سەهمناک[٥٤] چون سام[٥٥] ئێلچی فەرەنگی[٥٦]
جەلادا جیلوەی[٥٧] لوولە[٥٨] بەو ئەدەو[٥٩]
داخل بی بەموڵک زەوق باخچەی ئەو
گا[٦٠] حەڵقەی تەناف نەخان دارا
گا لوولە نە دەور بەیان ونارا[٦١]
گا مەگرد[٦٢] خەراج[٦٣] سینەی خاڵ نۆ[٦٤]
گا غونچەی بەیان مەکەردش[٦٥] وەبۆ
گا خەم وێنەی چەم کلاف حەی[٦٦] بی
دایم جە وەزەن[٦٧] دوشمن بەی بی
ئیسمش نییا حەی سەرمەست نۆش مەی
پەی[٦٨] خاینی بی مدرابی[٦٩] پەی وەی
وەی تەور قەراردا سوپای مسک دێز
سەر جوقەی شاهان قەدیم وەست ئەو بێز
چین چین ونارا هەر چین یەک شێوە
شێوەشان مەکەرد عاقڵان لێوە[٧٠]
من زەدەی وەرین[٧١] لێوەی هیجران دڵ
ڕەمنا[٧٢] فامم بەتەر شەوق گوڵ
مەدهۆش و[٧٣] سەرسام چون وە عەرەق مەست
بێ خەبەر جە وێم[٧٤] تومەز بەردم دەست
شکەست دین کولفەت[٧٥] باغچەی بەیانش
تاراج[٧٦] کەین خەراج نوسف[٧٧] جیهانش

چونکه ستارەی[٧٨] بەختم شی[٧٩] نەقار
نەیاوام وەکام[٨٠] حەیان[٨١] بین بێدار
چرکە چەنی زۆر خەم دان وە دراز[٨٢]
سەر پەنجەم گردەن وەنێش پڕگاز
چەنی چرکەی ئەو ستێزا[٨٣] تاقی [٨٤]
زانام نە عومرم نەمەندەن باقی
هەر یەک نەجای وێش هوجووم[٨٥] ئاوردەن
چون سوپای فەرەنگ ئێڵجاڕی کەردەن
ژار حەی وە تەن ناسوری ڕەشتەم[٨٦]
سواران وەتیغ مەدان[٨٧] وە جەستەم
عەقرەبان[٨٨] وەچز، پێم مەدان ئامان
ئەبرۆوان خەدەنگ عەین[٨٩] دان وەگومان
جە شەقەی شەستش[٩٠] کاس بیەن گۆشم[٩١]
پارە کەرد ڕیشەی دڵەی مەدهۆشم
خوردە نیزامان ناز و نەزاکەت
مەدان بە جەرگم زەخم[٩٢] قیامەت
هەر یەک وە تارێ[٩٣] سزا مەدان پێم
وێم کەردم وەپەند من بەدەست وێم
بێ ئەدەبی وێم یاونام[٩٤] وەی دەرد
چەنی زوخ زام بدەین ئاە سەرد
ئێش حەی و نەی بەدتەر جە عەقرەو
نیمچە نیزامان داوخواز ڕووی هەو[٩٥]

جا[٩٦] گرد[٩٧] جەڕیشەی جەرگ و دڵ وە قەس[٩٨]
کاری بیم بە دەست شۆخ دیدە مەس[٩٩]
سوپادار وێش بی شای شیرین قامەت
بە فەرمان ئەو وەنەم دان زامەت[١٠٠]
ئەلوەدای[١٠١] خوونین[١٠٢] کەفتم جە سارا
زامانم جە حەد حیساب وییارا[١٠٣]
مەرهەم بالادەست بێستون تەناف
ئەی زام ناسوور جەستەم کەرۆ[١٠٤] ساف
مەر زەڕڕەی عەتر شۆخ باخچەی لەیل
ببۆ بە مەرهەم زام زووخاو کەیل
وەر نە عەبدالی مات زامەتەن[١٠٥]
جاری زووخاوش[١٠٦] تا قیامەتەن

.....................................................................

(١) زلێخا "زولێخا": ناوی ژنی پووتیغاری عەزیزی میسر بوو ئەوەی یووسف پێغەمبەری بە پارە کڕی، زلێخا عاشقی یووسف بوو، بەڵام یووسف مەیلی بۆی نەبوو لەبەرئەوە لای مێردی بوختانی پێ کرد تا خستییە زیندانەوە، بەڵام لە ئەنجامدا یووسف لە زیندان ڕزگاری بوو لەو کاتەی زلێخا پیر بووبوو، ڕۆژێ لەسەر ڕێی یووسف دانیشت و بە فرمێسک و پاڕانەوە داوای لێ کرد کە لێی خۆش بێ و ئیمانیشی بە پێغەمبەرایەتی هێنا، ئیتر یووسف دوعای بۆ کرد و گەنج بووەوە و شوویان بە یەکتری کرد، لە قورئاندا باسی ئەم ڕووداوانە کراوە.
(٢) وەردا: بەردا.
(٣) ڕۆیێ: ڕۆژێ.
(٤) چین: چینی زولف.
(٥) ئاوێزان: هەڵواسراو.

(٦) قەمەر: مانگ.

(٧) فامم: زانیم.

(٨) گوزەر: تێپەڕبوون.

(٩) لەیلیٚ: ئەویندارەکەی مەجنوونە.

(١٠) پشتان: ئامێز، باوەش.

(١١) توول: نەمام، توولی دار و درەخت.

(١٢) خواجا: سەروەر، گەورە، ئاغا.

(١٣) مەداشتم: ئەمدا.

(١٤) دوود: دووکەڵ.

(١٥) ئێد: ئەمە، ئا ئەمە.

(١٦) بزانیم: بزانین.

(١٧) پێشەن: پێیەتی.

(١٨) کۆ: کویٚ.

(١٩) شەفافتەر: ڕووناکتر، شەوقدارتر.

(٢٠) بەدر دوو هەفتە: مانگی چواردە شەوە.

(٢١) قەرفی: ڕەش، ڕەشی تاریک.

(٢٢) قەڵاخی: ڕەشی تۆخ، پارچەی ڕەش.

(٢٣) سێوەنگ: ڕەشی زۆر جوان و برووسکەدار.

(٢٤) زاخی: جەوهەری تێخ و شمشێر.

(٢٥) سەرواز: سەرباز.

(٢٦) دەو: ڕاکردن، غار.

(٢٧) مەدەران: دەدەن.

(٢٨) نێش: ژان، ئازار.

(٢٩) مەودا: لێواری تیخ.

(٣٠) دوودەم: تێخی دوو دەم، زولفەقار.

(٣١) چڵچۆی: چڵ و چۆ، چڵوچێو، دڕک و داڵ، کینایەیە بۆ برژانگی چاو.

(٣٢) خەدەنگ: تیر.

(٣٣) ئاو، ئاماژەیە بۆ فرمێسک.

(٣٤) کەیان کەی: پاتشای گەورە، نێوی زنجیرە پاتشاکانی ئێرانە لە دوای پێشدادییان.
(٣٥) ئاوێز: هەڵواسین.
(٣٦) چەمیان: چەوت بووەتەوە.
(٣٧) مسک: میسک، بۆنێکی خۆشە لە جۆرە ئاسکێک بەدەست دەهێنرێت.
(٣٨) خەمدا: چەمایەوە.
(٣٩) تەرەف: لا.
(٤٠) عەقرەب: دووپشک.
(٤١) ئەنار: هەنار.
(٤٢) چلچنگ: شانەی سەر داهێنان.
(٤٣) داوخواز: خواستنی خۆیی.
(٤٤) شەهد: هەنگوین، هەسەڵ.
(٤٥) زەنەخ: چەنە، چەناگە.
(٤٦) مەهوەش: مانگەشەو.
(٤٧) قەوشەن: سوپا، لەشکر.
(٤٨) تارنا: تاراندی.
(٤٩) خاس: باش، چاک.
(٥٠) چەرمە: سپی.
(٥١) سەوڵ: گوڵی پۆپە کەڵەشێرە.
(٥٢) حەبەشی: ١) میللەتێکی پێست ڕەشن لە ئەفەریقادا دەژین: ٢) کەسی پێست ڕەش.
(٥٣) زەنگی: ١) کەسێ خەڵکی زەنگبار بێ کە نێوی وڵاتێکە لە ئەفەریقادا دانیشتوانی ئەوێ پێست ڕەشن: ٢) برێتی لە هەموو پێست ڕەشێک.
(٥٤) سەهمناک: ترسناک.
(٥٥) سام: نێوی باپیرەی ڕۆستەمی زاڵە، یەکێکە لە پاڵەوانە دێرینەکانی ئێران.
(٥٦) فەرەنگ: ئۆروپا.
(٥٧) جیلوە: پیشاندان، دەرخستن، ئاشکراکردن، نواندن.
(٥٨) لوولە: پێچراو، بادراو، ئاماژەیە بۆ زوڵف.

(٥٩) ئەدەو: ئەدەب، شەرم.
(٦٠) گا: جارێ.
(٦١) ونارا: دەوردان، پێچان.
(٦٢) مەگرد: دەیگرت.
(٦٣) خـــەراج: باج، ئەو مـــاڵەیە کـــە لە باتی بەکـــارهێنانی زەوی لە بەرهەمی کشتوکاڵ و شتی تر وەردەگیرێت.
(٦٤) نۆ: نوێ، تازە.
(٦٥) مەکەردش: دەیکرد.
(٦٦) حەی: مار.
(٦٧) وەزەن: ئازار، عەزیەت.
(٦٨) پەی: بۆ.
(٦٩) مدرابی: ڕاوەستابوو.
(٧٠) لێوە: فێدار، شێت.
(٧١) وەرین: پێشین.
(٧٢) ڕەمنا: ڕەم، ڕەو، تۆران، ڕاکردن.
(٧٣) مەدهۆش: سەرخۆش.
(٧٤) وێم: خۆم.
(٧٥) کولفەت: کێشە، تێچوون.
(٧٦) تاراج: تالآن.
(٧٧) نوسف: نیوە.
(٧٨) ستارە: ئەستێرە.
(٧٩) شی: ڕۆیشت.
(٨٠) کام: ئاوات، ئارەزوو.
(٨١) حەیان: کۆی (حەی) مار، شاعیر مەبەستی لە زوڵفەکانی ئازیزەکەیەتی.
(٨٢) دراز: درێژ.
(٨٣) ستێزا: ڕاپەڕی.
(٨٤) تاقی: ڕاستی.
(٨٥) هوجووم: هێرش.

(٨٦) ڕەشتە: ڕێژراو.

(٨٧) مەدان: دەدەن.

(٨٨) عەقرەبان: کۆی عەقرەب، دووپشک، کولاژدم.

(٨٩) عەین: چاو.

(٩٠) شەست: شتێکە وەکو ئەموستیلە لە ئێسقان و شاخی ولاخ دروست دەکرێ و لە کاتی تیر تەقاندندا دەکرێتە پەنجە و ژێی کەوانی پێ دەگیرێت.

(٩١) گۆش: گوێ.

(٩٢) زەخم: برین.

(٩٣) تار: شێوە، جۆر.

(٩٤) یاونام: گەیاندمی.

(٩٥) هەو: ١) شالاو، پەلامار: ٢) دەنگ، سەدا.

(٩٦) جا: جێگە، شوێن.

(٩٧) گرد: گرت، گرتی.

(٩٨) وەقەس: بە ئانقەست.

(٩٩) مەس: مەست.

(١٠٠) زامەت: ئەرکی گران و زەحمەت.

(١٠١) ئەلوەدا: هەڵوەدا، ئاوارە، سەرگەردان.

(١٠٢) خوونین: خوێناوی، ئەوەی لەشی بە خوێنەوەیە.

(١٠٣) وییارا: تێپەڕ بوو.

(١٠٤) کەرۆ: بکا.

(١٠٥) زامەت: زامت، کێم، چڵکی برین.

(١٠٦) زوخاو: کێمی برین.

# بەشی ئاینی

## موناجات[١] له دەرگەی خوا[٢]

یا رب الرحـــــــــیم، یا رب الرحـــــــــیم
به عـــــەشق بسم الله الرحـــــمن الرحــــیم
جـــەی[٣] کـــۆهـ رەحـــمـــــەت بڵند عـــەزیم[٤]
رەحـــمێ بکەر[٥] پێم جــــه نار جـــەحـــیم[٦]
وه تەنهـــایی تاک بێ هەمـــتـــاییت[٧] کـــەی
وه نیگاهداریی[٨] عەرش و[٩] ماهیت[١٠] کەی
به[١١] چوار موقـەڕڕەب[١٢] بەنده فەرمـانت
به ویرد و[١٣] ئایەت زیکر ســـوبحـــــانت[١٤]
به ناز و فورقان[١٥] فەرمـوودەی[١٦] فـامت[١٧]
خـــــەلات بێ عـــــەیب رەســـــووڵ عـــــامت[١٨]
به نوور خـــــاتەم[١٩] (خـــــتم المرسلین)[٢٠]
شای قاب قەوسـەین[٢١] (فخـر العالمین)[٢٢]
هـــەم وه چـــەهـــار[٢٣] یـــار، یـــار دڵـــوازت
وه موسای[٢٤] گوستاخ[٢٥] مەحرەم جه ڕازت[٢٦]
وه حـــــەزرەت وەیس[٢٧] خــــاتر مـــــەلولت
وه باقی خـــاســـــان[٢٨] ڕەجـــا قـــەبوڵت
وه بوزرگی[٢٩] وێت[٣٠] نەگـــــــشت بالاتەر[٣١]
وه تیپ زومـــرەی[٣٢] جـــەمع پێـــغـــەمـــەر

"لامـــەکـــان"! بـە عـــەشق لامـــەکـــانی وێت[٣٣]
بـەو عـــــــیلـم دانـای کـــــــەس نـەزانـی وێت
هـەم وە بـێ کــــەسـی پـڕ کــــەسـی کــــەست[٣٤]
کــــەس کـــۆی عـــــالـەم زات ئـەقـــــدەست
وێـم حـــــاڵی جــــەحــــاڵ کـــردار کــــارم[٣٥]
جــــە کـــــار بـەدی[٣٦] چ تـەورەن[٣٧] بـارم؟!
بـوگــــزەری[٣٨] نـەجــــەمـع گــــوناهـان مـن
جـــــــــە تـەریـقـی وەخـت ڕۆی دیـوان مـن
ســــوئـال مــــونکەر[٣٩] زوبـان بـەســــتــەی مـن
خــەتای بێ شـومـار[٤٠] دەسـتـە دەسـتـە مـن
جــە عــەزاب قــەبر گـــۆڕ ئـەفـشــارەی[٤١] مـن
غـــــەیر[٤٢] جــــەزات تـۆ نیـــــەن چـارەی مـن
فـریاد ڕەســیم[٤٣] کـەر[٤٤] فـەرد بێ هـەمـتـا
بـە حــــورمـــــەت پـاک "خــــتم الأنبـــــیـــا"
ببـــەخــشــیم[٤٥] بـەناز پێـــغــــەمــبــەرانت
بـە ئـایـەی ڕەحــــــمــــــــەت دیـن پـەروەرانـت[٤٦]
عــــــەبداڵ جـــــەو بـۆنـە ڕەجـــــا زەرروورەن
کــردارش جـــە[٤٧] کـــار ئـیــســـلامـی دوورەن

---

(١) موناجات: راز و نیازکردن.
(٢) شاعیر ناوونیشانی شیعرەکەی بە فارسی بەم جۆرە داناوە: (مناجات عبدال بدرگاه خداوند اکبر)، واتە: موناجاتی عەبداڵ لە دەرگەی خواوەندی گەورە.
(٣) جەی: لەی.

(٤) عەزیم: مەزن، گەورە، شکۆدار.
(٥) بکەر: بکە.
(٦) نار جەحیم: ئاگری کڵپەدار، ئاگری بە تین و بڵێسە، ئاگری بەتاو، مەبەست لە ئاوری دۆزەخە، تێکڕای نیو باڵەکە لە دەستنووسەکەی مەلا فاتیح بەم جۆرە هاتووە: (ڕەحمێ کەی وە من جە سزای جەحیم).
(٧) بێ هەمتا: بێ هاوتا.
(٨) نیگاهداری: چاودێری، ئاگەداری.
(٩) عەرش: تەختی پاشایەتی، ئاماژەیە بۆ عەرشی یەزدان.
(١٠) ماهی: ماسی، ئاماژەیە بۆ گا و ماهی کە گوایە ئەرز بەندە لەسەر شاخی گایەک و گایەکەش لەسەر پشتی ماسییەک ڕاوەستاوە.
(١١) بە: لە دەستنووسەکەی مەلا فاتیح (وە) هاتووە، هەروەها زۆربەی (بە) بووەتە (وە).
(١٢) چوار موقەڕڕەب: مەبەست لە چوار یاری پێغەمبەرە (د.خ)، چوار خەلیفەی ڕاشدین: ئەبوبەکر و عومەر و عوسمان و عەلی.
(١٣) ویرد: نزای لە بن لێوانەوە، دوعای بە پرتەپرت.
(١٤) سوبحان: ١) خوا: ٢) بە پاک و خاوێنی یادکردنی خوا.
(١٥) فورقان: قورعان.
(١٦) فەرموودە: وتراو، ئەو قسەیەی کە کەسێکی گەورە دەیکا، لێرەدا مەبەست لە قورئانە کە فەرمایشی یەزدانە.
(١٧) فام: تێگەیشتن، ئاوەز.
(١٨) ڕەسووڵ عامت: پێغەمبەری هەر هەموو، ئاماژەیە بۆ محەمەد پێغەمبەر (د.خ).
(١٩) خاتەم: مۆر، دوا پێغەمبەر، دەڵێن محەمەد پێغەمبەری موسڵمانان نیشانەیەک لە ناو شانیدا بووە، ئەوە نیشانەی پێغەمبەری بووە و پێیان وتووە (مۆری شان).
(٢٠) ختم المرسلین: دوا پێغەمبەر، ئەو پێغەمبەرەی پێغەمبەری تری لە دوودا نییە، محەمەد پێغەمبەری موسڵمانان.
(٢١) شای قاب قەوسەین: ئاماژەیە بۆ ئەو گەورەیەی کە لێمانەوە نزیکە، ئاماژەیە

بۆ یەزدانی مەزن.
(٢٢) فخر العالمين: لە دەستنووسەکەی مەلا فاتیح نووسراوە: رب العالمين.
(٢٣) چوار یار، چوار خەلیفەی ڕاشدین (ئەبو بەکر، عومەر، عوسمان، عەلی).
(٢٤) موسا: پێغەمبەری بەناوبانگی ئیسرائیلە.
(٢٥) گوستاخ: ١) پوختە: ٢) چاو نەترس: ٣) بێ شەرم.
(٢٦) مەحرەم ڕاز: ئەو کەسوکارانەی کە زۆر لەیەکەوە نزیکن و بۆیان هەیە هەمیشە پێکەوە بدوێن، مەبەست لە موسا پێغەمبەرە کە لەگەڵ خوادا دەدوا.
(٢٧) وەیس: وەیسی قەرەنی ماهیدەشتی، بە نەتەوە کورد بووە، یەکێکە لە ئایندار و باوەڕ بەهێزانی سەرەتای بڵاوبوونەوەی ئاینی موسڵمانی، گوایە لە چۆڵ و بیاباندا دەژیا، دەڵێن لە سەردەمی پێغەمبەردا هێشتا مابوو، بەڵام چاوی پێی نەکەوت، عومەری کوڕی خەتتابی دیوە، دەڵێن لە شەڕی ئازادکردنی کوردستان لە سەردەمی عومەری کوڕی خەتتابدا (٣٧هـ ـ ٦٥٧ی ز)، لە ناو کوردەواریدا وەکو وەلییەک پایەیەکی بەرزی هەیە.
(٢٨) خاسان: چاکان، پیاو چاکان.
(٢٩) بوزرگ: گەورە.
(٣٠) وێت: خۆت.
(٣١) بالاتەر: بڵندتر، بەرزتر.
(٣٢) زومرە: گرووپ، دەستە.
(٣٣) ئەم خشتەیە تەنیا لە دەستنووسەکەی مەلا فاتیحدا هەیە.
(٣٤) ئەم خشتەیە تەنیا لە دەستنووسەکەی مەلا فاتیحدا هەیە.
(٣٥) ئەم نیو باڵە لە دەستنووسەکەی مەلا فاتیحدا بەم جۆرە هاتووە: وێم حاڵیم نە حاڵ کردار کارم.
(٣٦) بەدی: خراپی.
(٣٧) تەور: جۆر، شێوە.
(٣٨) بوگزەر: ببوورە.
(٣٩) مونکەر (مونکیر): دوو فریشتەن "ئەنکیر و مونکیر"، لەسەر گۆڕی هەر مردوویەک ئامادە دەبن و پرسیار لە مردووەکە دەکەن لە کار و کردەوەی سەر دنیای دەپرسن.

(٤٠) بێ شومار: بێ ژمارە، بێ حەساب.

(٤١) ئەفشار: زۆرکردن، تەقالاکردن.

(٤٢) غەیر: جگە، بێجگە.

(٤٣) فریاد ڕەس: ئەوەی لە ڕۆژی تەنگانەدا فریای کەسێ دەکەوێت، فریاد ڕەسیمکەر: فریام بکەوە.

(٤٤) کەر: بکە، لە دەستنووسەکەی مەلا فاتیحدا نووسراوە: (کەی) کە هەمان واتا دەبەخشێت.

(٤٥) ببەخشیم: لە دەستنووسەکەی مەلا فاتیحدا نووسراوە: (بوەخشم)، دەبوایە بینووسیایە: بوەخشەم کە هەمان واتای هەیە.

(٤٦) دین پەروەرانت: لە دەستنووسەکەی مەلا فاتیح نووسراوە: گشت سەروەرانت.

(٤٧) جە: لە دەستنووسەکەی محەمەد مەلا عەبدولکەریم (نە) هاتووە.

## موناجات - حەیی زولجەلال

حـــەیی زولجـــەلال[١]، حـــەیی زولجـــەلال
زولجـــەلال حـــــەی، حـــــەیی زولجـــــەلال
قـــــەییـــــوم و[٢] قـــایم قـــــەڕن[٣] لایەزال[٤]
یەکتای بێ هەمتـا[٥] بێ میـسل و میسـال[٦]
قـەرار دادەی چەرخ سـەبعـەلسـەمـاوات[٧]
مـەنشـوورەن[٨] زاتت لامـەکـان[٩] مـاوات[١٠]
بێ شوبهەی[١١] شەریک لامەوتو[١٢] بێ خەو
ئاگـای حـاڵ و سـاڵ ڕۆژ و مـاهـو شـەو
سەبوری تیفلان [١٣]جە سەحرای[١٤] هاموون[١٥]
سەبەبساز وەحش[١٦]هیجران[١٧]جەیحوون[١٨]
دەفـتـەر دارندەی[١٩] یەک یەک میللەتان
ڕازق دەهندەی[٢٠] مـــەکـــانلمـــەکـــان[٢١]
بێچـوون[٢٢] بێ باک بێ پەروا جە کـەس
سـوڵتـان سـەر فـەوق سـەرهـەنگان مـەس
پادشـــای شـــاهان جــیـــهـــان ئافـــەرین[٢٣]
خـــــالق مـــــەخلوق ڕەبلعـــــالەمین
مـەقـام جـە گـۆشـەی دڵەی مـوئمـینان
مـوئمـینان مـوخـڵس خـانەی لا مـەکـان[٢٤]

لا مـــەكـــان وە عـــەشـق لامـــەكـــانـی وێت[٢٥]
بـەو عـــــیلـم دانای کــــەس نـەزانـی وێت
بەو جـــاگــەی بـوزرگ کــەس پەی نـەیاوات
وە نـیگاهـداری تـیــــفـــــڵان ســــاوات
بـە چەرخ دنـیـــای کـــەس نـەزان ئـەنجـــام
بـە نـوور ڕەســــــوول (الـوحـی المقــــام)[٢٦]
هـەم بە چوار یار پاک مـــوتـتـــەهـهـــەر[٢٧]
بو بەکـر و عـومـەر عـوسـمـــان و حـەیدەر
هـەم وە بێ کـــەسـی پڕکـــەسی کـــەست
کـــــەس کـــۆی عــــالەم زات ئـەقـــدەست[٢٨]
کــەس داریم بکەر بێ کـــەســـان کـــەس
عــــەبداڵ بێ چارەن بـە فــــریادش ڕەس

............................................................................

(١) حەیی زولجەلال (حيّ ذو الجلال): خوای مەزن و پایەبەرز.
(٢) قەییووم: نەمر، هەمیشەیی، پارێزی هەموو شتێک، ناوێکە لە ناوەکانی خوا.
(٣) قەڕن: سەدە، (١٠٠) ساڵ.
(٤) لایەزال: هەمیشەیی.
(٥) هەمتا: هاوتا.
(٦) بێ میسل و میسال: کەس لە شێوە و وێنەی نییە، ئاماژەیە بۆ یەزدان.
(٧) سەبعەلسەماوات، حەوت تەبەقەی ئاسمان.
(٨) مەنشوور: ئاگەداری، فەرمان، فەرمانی پادشا، فەرمانی دەوڵەت، نامەی کراوە.
(٩) لامەکان: بێ شوێن.
(١٠) ماوا: جێگە، شوێن.
(١١) شوبهە: گومان، شک.

(١٢) مەوت: مەرگ، مردن، لامەوت: نەمر، واتە: خوا نەمرە.

(١٣) تیفلان: کۆی (تیفڵ) منداڵ، زارۆ، منداڵی چکۆلە.

(١٤) سەحرا: سارا، دەشت.

(١٥) هاموون: بیابان، دەشتی چۆڵ.

(١٦) وەحش: جانەوەرانی بیابان و کێوی.

(١٧) هیجران: دووری لە دۆست و یاران.

(١٨) جەیحوون: ناوی ڕووبارێکە درێژیی (٢٥٤٠کم)ە لە شاخی پامیر لە هیندستان هەڵدەقوڵێ.

(١٩) دەفتەر دارندە: دەفتەردار.

(٢٠) دەهندە: بەخشندە، بەخشین.

(٢١) مەکانلمەکان (مکان المکان): شوێن و جێگە.

(٢٢) بێچوون، بێ هاوتا.

(٢٣) جیهان ئافەرین: جیهانی دروستکراو، جیهانی خولقێنراو، دروستبوونی سەرانسەر جیهان لەلایەن یەزدانەوە.

(٢٤) لامەکان: بێ شوێن.

(٢٥) وێت: خۆت.

(٢٦) الوحی المقام: خاوەن بەهرە و ئیلهامی خوایی کە ئاماژەیە بۆ پێغەمبەر محەمەد (د.خ).

(٢٧) موتتەهەهەر: پاک و خاوێن.

(٢٨) ئەقدەس، خاوێن، پاک.

## موناجات له دەرگەی محەمەد پێغەمبەر (د.خ)[١]

سـەیـیـد سـالار[٢]، سـەیـیـد سـالار
یا ڕەسـولـەڵڵا سـەیـیـد سـالار
پەنای عـاسـیـان[٣] بەندەی شـەرمـەزار
مـوخـتـار بێ عـەیب پادشـای غـەفـفـار[٤]
شـیـفـاخـوای ئوممەت سـەردار مـەحـشـەر[٥]
بوزرگ جـەلای حـەق ئەڵڵاهـو ئەکـبـەر
نـیـەن خـاتـەمـێ[٦] وێـنـەی تـۆ بـالا[٧]
بالادەست[٨] جـە[٩] عـەشق تۆ دنیـا[١٠] کـالا[١١]
سـەمـا و سـەر زەمین قـەرارداد وە نـاز
جـە حـورمـەت پاک[١٢] تۆکـەردش[١٣] مـومـتـاز[١٤]
شـای بوراق سـوار[١٥] گـوزیدەی[١٦] داوەر[١٧]
سـەردار سـوپای ڕووی دەشت مـەحـشـەر
سـەهمگین[١٨] سـام[١٩] سـایەی بێ شـومـار
بە عـەشق زات حـەق تۆ کـەرد وە مـوخـتـار[٢٠]
جـیـهـان چەمـەڕای[٢١] مـەیل شـیـفـاتەن
جـە[٢٢] حـیـسـاب ئەو دەر[٢٣]، عـالەم نەپاتەن
من جـەو[٢٤] عـاسـیـان[٢٥] سـەد پایە بەتەر[٢٦]
وە کەلب[٢٧] خـانەی[٢٨] وێت[٢٩] حـیـسـابم کەر[٣٠]

هەر کەس کەلبێ داشت تەحقیق بێچارەن
ساحێبداریش کەر سەدکە مردارەن[٣١]
ئای هەی جەی خۆشی من کەلب تۆ بیم[٣٢]
جەو ساحێبداری چەندان بەدخۆ بیم[٣٣]
ئەر گونام نە فەوق[٣٤] کۆهان[٣٥] بۆ ئیزهار[٣٦]
چونکە کەلب تۆم حەق نەدارۆ[٣٧] چار!!!
مەبۆ ببەخشیم[٣٨] وە نوور پاکت
وە شەریفی شەوق تاج لەولاکت[٣٩]
ئەشهەد وە لیسان[٤٠] تەمامی ئیسلام
پایەت هانە پای ئیسم لایەنام
وە نەجات پاک تاک تەنیای تاک
قەبوڵ کەر تەدبیر ئی بەندەی ناپاک
عەبداڵ وەپای تەدبیر وێش[٤١] بۆ
سەر فراز جە[٤٢] غەم جەمع ئەندێش[٤٣] بۆ

..........................................................

(١) شاعیر ناوونیشانی شیعرەکەی بە فارسی بەم جۆرە داڕێژاوە: (فرمودن عبدال نعت جناب ختم الأنبیارا)، واتە: «فەرموودەی عەبداڵ دەربارەی ستایشی جەنابی دوا پێغەمبەر»، ئەمە تەنیا لە دەستنووسەکەی مەلا فاتیحدا هەیە.

(٢) سالار: گەورەی کۆمەڵ، ئاماژەیە بۆ محەمەد پێغەمبەر (د.خ)، بەڵام لە دەستنووسەکەی مەلا فاتیحدا نووسراوە: (سادار)، واتا: خاوەن سێبەر، خاوەن داڵدە.

(٣) عاسیان: یاخیبووەکان.

(٤) پادشای غەففار: گەورەی بەخشندە، ئاماژەیە بۆ یەزدان، لە دەستنووسەکەی

مەلا فاتیحدا (جەببار) هاتووە، هەروەها نیو باڵە خشتەکە پاشوپێش کراوە.

(٥) مەحشەر: دوا ڕۆژ، لە دەستنووسەکەی مەلا فاتیح نووسراوە: (سەروەر).

(٦) خاتەم: مۆر، دوا پێغەمبەر.

(٧) باڵا، بەرز، بڵند.

(٨) باڵادەست: ئاماژەیە بۆ خوا، چونکە هەر ئەو دەست باڵادەستە.

(٩) جە: لە دەستنووسەکەی محەمەد مەلا عەبدولکەریم نووسراوە: (نە).

(١٠) دنیا: لە دەستنووسەکەی مەلا فاتیح نووسراوە (دنیاش) کە هەمان واتا دەبەخشێت.

(١١) کاڵا: ئامادەکراو، خوڵقان.

(١٢) پاک: لە دەستنووسەکەی مەلا فاتیح نووسراوە (زات).

(١٣) کەردش: کردی.

(١٤) مومتاز: نایاب، جیاکراو، لێرەدا مەبەست لە دروستکردن و ڕازانەوەی جیهانە لە لایەن یەزدانی مەزنەوە.

(١٥) شای بوراق سوار: بوراق، ئەو ئەسپەیە کە محەمەد پێغەمبەر (د.خ) لە شەوی میعراجدا سواری بوو و پێی چووە ئاسمان بۆ بارەگای خوا. شای بوراق سوار، مەبەست لە پێغەمبەرە.

(١٦) گوزیدە: هەڵبژاردە، پەسەند کراو، واتە محەمەد لە لایەن یەزدانەوە هەڵبژێردراوە.

(١٧) داوەر: گەورە، یەزدان، خوا.

(١٨) سەهمگین: ترسناک، لە دەستنووسەکەی مەلا فاتیح نووسراوە: (سەهم سەنگین).

(١٩) سام: سامدار.

(٢٠) ئەم نیو باڵە لە دەستنووسەکەی مەلا فاتیح بەم شێوە هاتووە: (وە عیشق زات حەق تۆش کەرد وە موختار).

(٢١) چەمەڕا: چاوەڕێ، چاوەڕوان.

(٢٢) جە: لە، لە دەستنووسەکەی مەلا فاتیح نووسراوە: (نە).

(٢٣) دەر: دەرگە، قاپی.

(٢٤) جەو: لەو، لە دەستخەتەکەی مەلا فاتیح نووسراوە: (لەو).

(٢٥) عاسیان: یاخیبووان.

(٢٦) بەتەر: خراپتر.

(٢٧) کەلب: سەگ.

(٢٨) خانە: ماڵ.

(٢٩) وێت: خۆت.

(٣٠) کەر: بکە.

(٣١) ئەم نیو باڵە لە دەستخەتەکەی مەلا فاتیح بەم جۆرە هاتووە: (ساحیب داریش کەی ئەر سەد مردارەن)!!.

(٣٢) بیم: بووم، لە دەستنووسەکەی مەلا فاتیح نووسراوە: (بووم).

(٣٣) بیم: بووم، لە دەستنووسەکەی مەلا فاتیح نووسراوە: (بووم).

(٣٤) فەوق: بان.

(٣٥) کۆهان: کۆی (کێو)ە، چیا.

(٣٦) ئیزهار:

(٣٧) نەدارۆ: نییەتی.

(٣٨) ببەخشیم: لە دەستخەتەکەی مەلا فاتیح نووسراوە: (بوەخشیم) کە هەمان واتا دەبەخشێت.

(٣٩) لەولاک: ئاماژەیە بۆ: (لولاک، لولاک لما خلقت الافلاک)، واتا: ئەگەر تۆ نەبوویتایە ئاسمانەکانم دروست نەدەکرد، ئەم وتارە لە ڕاستیدا فەرمایشی خوا نییە.

(٤٠) ئەشهەد وە لیسان: ئاماژەیە بۆ شایەتمان هێنان کە دووەمیان بە ناوی پێغەمبەرەوەیە و ها بەسەر زمانی هەموو موسوڵمانێک، لە دەستنووسەکەی مەلا فاتیح نووسراوە: (ئەشهەدی لیسان).

(٤١) وێش: خۆی.

(٤٢) جە: لە، لە دەستنووسەکەی مەلا فاتیح نووسراوە: (نە).

(٤٣) ئەندێش: ١) ترس: ٢) بیرکردنەوە.

## موناجات له دەرگەی غەوسی گەیلانی

باز گــــــــەیلانی[١]، باز گــــــــەیلانی
یا باز پڕ ناز غــــــــەوس گــــــــەیلانی
ڕوح جـــە نوور پاک یەکـــتـــای ڕەببـــانی[٢]
ئافـــریدەی[٣] زات حـــەیی ســـوبحـــانی[٤]
نازدار ڕەســـــوول فـــــەخـــر کـــائینات
بەیداغـــدار[٥] ڕۆز[٦] ڕووی (یوم الممـــات)[٧]
شـــەریف[٨] کـــەردەی[٩] حـــەق بینای لایەنام[١٠]
سەردار شێخان زومرەی[١١] خاس و عام
عـــەزیز و[١٢] غـەفـوور[١٣] هەم باز غەفـفـار[١٤]
ســـتـــوون دیرەک مـــوڵک[١٥] بەغـــداد شـــار
دار خۆش مێوەی سای سەحن[١٦] بێ عەیب
عالیم ئەسرار[١٧] وانای[١٨] عیلم[١٩] غەیب[٢٠]
ڕووتبەی[٢١] بوزرگی[٢٢] شێخان جە لاتەن [٢٣]
چەند هەزار هیندی[٢٤] جـــە خـــاک پاتەن
نوور حـــــــەق داخل ســـــــەر تا وە پاتەن
جە قاف[٢٥] تا بە قاف گـۆیای[٢٦] سەناتەن[٢٧]
چەند هەزار عـــابیـــد[٢٨] بەلخ و بوخـــارا[٢٩]
چەند[٣٠] هەزار دەروێش دەیری[٣١] جە سارا

چەند هەزار جە موڵک ماوای[٣٢] هیندوستان
چەند هەزار (مکان الملکان)[٣٣]
گشت جەخت[٣٤] ڕاشەن[٣٥] پەی ئاستانەی[٣٦] تۆ
جەمین[٣٧] قورس[٣٨] خۆر ئالآی شەمس سۆ
شوعلەی[٣٩] سوب[٤٠] ڕەونەق قامەت پڕ جە نوور
مەعلووم های[٤١] جە نوور ئیلاهی زوهوور[٤٢]
پەسەندەیی حەق پادشای جەببار[٤٣]
وەکیل[٤٤] حەزرەت سەیید موختار[٤٥]
ئوستاد[٤٦] شێخان سیڕڕ پەنهانی[٤٧]
دانای عیلم زات حەیی[٤٨] سوبحانی[٤٩]
شاه دەروێشان وەحشیان چۆڵ
ئاگای عابیدان[٥٠] جەمع پۆست نەکۆڵ[٥١]
قووەت بەخش حاڵ گشت تەکیەداران[٥٢]
بەدر[٥٣] ئاسای[٥٤] ملووک[٥٥] جەمع ستاران[٥٦]
نادیرەی[٥٧] نایاب[٥٨] نازک بەدر ساف
ڕەشتەی[٥٩] سونع[٦٠] دەست چەرخ بێ تەناف[٦١]
نەزەر[٦٢] کەردەی[٦٣] نوور بینای بێ نەزیر[٦٤]
سوپادار جەیش شێخان کەبیر
عەلەم گیر فەتح ڕۆی دەشت مەحشەر
بەفەرمان حەق ئەمر پێغەمەر
بە عەشق خالق (کل المخلوقات)[٦٥]
جە دیوان عەدل عەرسەی عەراسات [٦٦]

گونای بێشومار[٦٧] وە نەم بیەن پەست
ماتم چەنی[٦٨] غەم مدرام[٦٩] تەهی[٧٠] دەست
جەکار کەردەی[٧١] وێم[٧٢] شەرمەسارم
نیگا کەر[٧٣] بەحاڵ جەستەی بیمارم[٧٤]
زەڕەی سای عەلەم بوەزیم نەفەوق
فارغ بیم جە بیم[٧٥] بنیشین بەزەوق
ئەر[٧٦] بدۆم[٧٧] نەفەوق سای بەیداغ[٧٨] تۆ
ئاڵای سەبز[٧٩] خام عەتر جەننەت بۆ
ئومێد هەن بە[٨٠] زات قەییوم قەهار[٨١]
لێم[٨٢] نەکەن سوئال[٨٣] جە (دار القرار)[٨٤]
یا حەق بە حورمەت شەریفی زاتت
بەناز ڕەسوول ڕۆی کائیناتت[٨٥]
وە نەعرەی[٨٦] عەلی[٨٧] شای دوڵدوڵ سوار[٨٨]_ [٨٩]
وە شێر خەللاق[٩٠] واحیدولقەهار[٩١]
وە چەهار یاران[٩٢] گزیدەی[٩٣] ڕەسوول[٩٤]
جە لای ڕەسوول بی حەرفشان[٩٥] قەبوول
وە هەفتاو دوو تەن شەهیدان زار[٩٦]
سەرو گیان جە ڕای دین کەردن نیسار[٩٧]_ [٩٨]
وە عەبدولقادر مەرد پڕ سیفات[٩٩]
بە ئیخلاس[١٠٠] خەڵق خاسان دەرگات
بە فورقان فەهم[١٠١] گۆیای کەلامت[١٠٢]
وەی سەرسامی سام[١٠٣] جیهان جە سامت

به عەشق[١٠٤] ئایات ڕووی کاف و نوونت[١٠٥]
به ئەمر فەرمان[١٠٦] کون فەیەکونت[١٠٧]
به ڕۆژ هەیهات[١٠٨] هوجووم[١٠٩] عامت
به دیوان عەدل تەخت و مەقامت
وه بەخشندەگی جەمع خەتاهت
وەکان ڕەحمەت سەبعلسەماهت[١١٠]
به زیکرو تەسبیح[١١١] مەلەکان عەرش[١١٢]
به ویردو[١١٣] ئەوراد[١١٤] فریشتان فەرش[١١٥]
ڕەحمێ بکەر[١١٦] پێم[١١٧] یا (فرد الرحیم)[١١٨]
بدەریم[١١٩] پەنا جە (نار الجحیم)[١٢٠]
شنۆی سای عەلەم بوەزیم جە سەر
ئازاد باین[١٢١] جه خۆف[١٢٢] زەلزەلەی[١٢٣] مەحشەر[١٢٤][١٢٥]
ئای چ خۆشەن ساکن باین نەوجا[١٢٦][١٢٧]
به ئەمر بێچوون[١٢٨] یەکتای بێ هەمتا[١٢٩]
بەرمەشیم[١٣٠] جە غەم جەمع دەردینان[١٣١]
مەشیم[١٣٢] به گۆشەی جەننەت نشینان
(عەبداڵ)جەی شادی سا[١٣٣] بسپارە[١٣٤] گیان
وێت[١٣٥] مەدەر[١٣٦] نه عیلم کار دیگەران[١٣٧]

---

(١) باز گەیلانی: شێخ عەبدولقادری گەیلانی (١٠٧٧ _ ١١٦٥ی ز) مرۆڤێکی خواناس و سۆفییەکی پایەبەرز بووە، ڕێبازێکی سۆفیگەری دەروێشی له کوردستاندا به ناوییەوە هەیە، به زۆری به غەوسی گەیلانی ناسراوە.

(٢) یەکتای ڕەببانی: خوای تاک و تەنیا.

(٣) ئافەریدە: دروستکار.

(٤) سوبحان: خوا، به پاکی یادکردنی خواوەند، وتنی: (سبحان الله).
(٥) بەیداغدار: ئاڵا هەڵگر، بەیاخدار.
(٦) ڕۆز: ڕۆژ.
(٧) یوم الممات: ڕۆژی مردن، دوا ڕۆژ، ڕۆژی حەشر.
(٨) شەریف: مەزن، گەورە، پایە بەرز، شکۆدار، بە ناموس، بە ئابڕوو.
(٩) کەردە: کردە، کردن بە هەموو مانایەکەوە.
(١٠) بینای لایەنام: ئاگا و بینا، خوا.
(١١) زومرە: گرووپ، دەستە.
(١٢) عەزیز: ئازیز.
(١٣) غەفوور: بەخشندە، لێخۆشبوو، بەخشەر.
(١٤) غەففار: بەخشندە، یەکێکە لە سیفەتەکانی پەروەردگار.
(١٥) موڵک: لە دەستخەتەکەی مەلا فاتیح نووسراوە: (شار).
(١٦) سەحن: حەوشە، گۆڕەپان.
(١٧) عالیم ئەسرار: ئەو زانایەی کە لە نهێنییەکانی پشت پەردە ئاگەدارە.
(١٨) وانای: خوێندت، لە دەستنووسەکەی مەلا فاتیح نووسراوە: (دانای).
(١٩) عیلم: زانیاری، زانین، فێربوون، زانست.
(٢٠) غەیب: نادیار، نهێن، هەر شتێک لە مرۆڤ نادیار بێت.
(٢١) ڕوتبە: پلە، پایە.
(٢٢) بوزرگ: گەورە، بەرانبەر بە بچووک.
(٢٣) جەلاتەن: لە لاتە، بەلاتەوەیە.
(٢٤) هندی: خەڵکی وڵاتی هندستان کە موریدی شێخ عەبدولقادری زۆر لێیە.
(٢٥) قاف: ناوی چیایەکی ئەفسانەییە.
(٢٦) گۆیا: قسەکەر، نوێنەر.
(٢٧) سەنا: ستایش، وەسف.
(٢٨) عابید: خواپەرست، کەسێکە لە خوا بترسێ و بیپرسێت.
(٢٩) بەڵخ و بوخارا: ١) بەڵخ: شارێکە دەکەوێتە ئەوپەڕی ئێرانەوە: ٢) بوخارا: شارێکی گەورەیە لە ناوەڕاستی ئاسیای ناوەڕاستدا کە شاری ئیمامی بوخارییە.

(٣٠) چەند: لە دەستنووسەکەی مەلا فاتیح نووسراوە: (سەد) هەروەها ئەو (چەند)ەکانی تریش نووسراون سەد کە ژمارەیان چوارن.
(٣١) دەیری: تووڕە، گوێ بە هیچ شتێ نەدەر.
(٣٢) ماوا: جێگە، شوێن.
(٣٣) مکان المکان: شوێن وە شوێن.
(٣٤) جەخت: پەلە، لەز.
(٣٥) ڕاشەن: ڕێگەی.
(٣٦) ئاستانە: دەرگە، قاپی.
(٣٧) جەمین: توێڵ، نێوچەوان.
(٣٨) قورس: هەر شتێکی خڕ وەکو خۆر، نان، مانگ..
(٣٩) شوعلە: کڵپە، بڵێسە، هێڵە، کڵپەسەندنی ئاگر.
(٤٠) سوب: بەرەبەیان، سبەینێ.
(٤١) مەعلووم: ئاشکرا.
(٤٢) زوهوور: دەرکەوتن، ئاشکرابوون.
(٤٣) پادشای جەببار: گەورەیی خوا، مەزنی پەروەردگار.
(٤٤) وەکیل: جێگر، بریکار.
(٤٥) سەییدلموختار: سەروەری هەڵبژاردە، حەزرەتی محەمەد پێغەمبەر.
(٤٦) ئوستاد: مامۆستا.
(٤٧) سیرڕ پەنهانی: نهێنی نادیار، لە دەستخەتەکەی مەلا فاتیح نووسراوە: (سیرڕ نیهانی) کە هەمان واتا دەبەخشێت.
(٤٨) حەیی: لە دەستنووسەکەی مەلا فاتیح نووسراوە: (حەق).
(٤٩) حەیی سوبحانی: خوای مەزن.
(٥٠) عابیدان: کۆی عابید، خودا پەرست.
(٥١) پۆست نەکۆڵ: پۆست نشین، شێخ و موریدو دەروێش، ئەوەی زیندەگانی لە تەکیەو خانەقاکان دەباتە سەرو ژیانێکی درشت دەژی.
(٥٢) تەکیەدار: خاوەن تەکیە، ئەوەی تەکیەی هەیە.
(٥٣) بەدر: مانگی یەک شەوە.
(٥٤) ئاسا: وەکو: وەک.

(٥٥) ملووك: کۆی مەلیک، پاشا.
(٥٦) ستاران: کۆی ئەستێرە.
(٥٧) نادیر: دانسقە، دەگمەن، زۆر کەم.
(٥٨) نایاب: دانسقە، زۆر بە نرخ، لە دەستخەتەکەی مەلا فاتیح نووسراوە: (نایاف).
(٥٩) ڕەشتە: ڕەژتن.
(٦٠) سونع: دروستکردن، بە ئەنجامی گەیاندن.
(٦١) چەرخ بێ تەناف: ئاسمانی بێ ستوون.
(٦٢) نەزەر: ڕوانین، بینین.
(٦٣) کەردە: کردن.
(٦٤) بێ نەزیر: بێ هاوتا، بێ وێنە.
(٦٥) کل المخلوقات: هەمو زیندەوەران، هەمو گیانداران.
(٦٦) عەرەسەی عەرەسات: عەرەسات، کۆی عەرەسە، گۆڕەپانی ماڵ، پارچە زەوییەکی بەرین و فراوان کە هیچ بینا و ساختمانێکی تێدا نەبێت، دەشتی مەحشەر، مەیدانی دوا ڕۆژ.
(٦٧) بێشومار: بێ ژمارە، بێ حیساب.
(٦٨) چەنی: لەگەڵ.
(٦٩) مدرام: ڕاوەستام.
(٧٠) تەهی: خاڵی، بەتاڵ.
(٧١) کەردەی: لە دەستنووسەکەی مەلا فاتیح نووسراوە: (کردار).
(٧٢) وێم: خۆم.
(٧٣) کەر: بکە، لە دەستخەتەکەی مەلا فاتیح نووسراوە: (کەی).
(٧٤) بیمارم: لە دەستنووسەکەی مەلا فاتیح نووسراوە: (غەمبارم).
(٧٥) بیم: ترس.
(٧٦) ئەر: ئەگەر.
(٧٧) بدۆم: بمدا.
(٧٨) بەیداغ: ئاڵا، لە دەستخەتەکەی مەلا فاتیح: (بەیراغ) هاتووە.
(٧٩) سەبز: سەوز.

(٨٠) بە: لە دەستخەتەکەی مەلا فاتیح نووسراوە: (وە).
(٨١) قەییوم و قەهار: دوو ناوە لە ناوەکانی خوای مەزن.
(٨٢) لێم: لە دەستخەتەکەی مەلا فاتیح نووسراوە: (چێم).
(٨٣) سوئال: پرسیار.
(٨٤) دار القرار: سەرای نەمران، بەهەشت.
(٨٥) کائینات: بوونەوەر.
(٨٦) نەعرە: بانگکردن بە دەنگی بەرز، لێخوڕین بە دەنگی بەرز.
(٨٧) عەلی: کوڕی ئەبی تالیب کوڕی عەبدولموتەلیبە، لە ساڵی (٦٠٠ی ز) لە مەککە لە دایک بووە، ئامۆزا و زاوای محەمەد پێغەمبەرە، لە پاش کوشتنی عوسمان لە ساڵی (٦٥٥ی ز) بوو بە خەلیفەی چوارەم کە دوا خەلیفەی ڕاشدینە، خاوەنی کتێبی (نهج البلاغە)یە، بە (حەیدەر)و (حەیدەرولکەڕاڕ)و (عەلی کەڕاڕ)و (ئەبی الحسنین)و (شێری خوا)یش ناسراوە، ساڵی (٤٠ی ک) بەرامبەر بە (٦٦١ی ز) بە دەستی عەبدولڕەحمانی کوڕی مولجەم کوژراوە، مەزارگاکەی لە شاری (نەجەف) دایە.
(٨٨) شای دوڵدول سوار: حەزرەتی ئیمامی عەلی کوڕی ئەبی تالیب کە ناوی ئەسپەکەی دوڵدوڵ بووە.
(٨٩) ئەم خشتە لە دەستنووسەکەی مەلا فاتیحدا نییە.
(٩٠) شێر خەللاق: شێری خوا، ئاماژەیە بۆ ئیمامی عەلی کوڕی ئەبی تالیب کە بە شێری خوا ناسراوە.
(٩١) واحیدولقەههار: ئەو دەستەڵاتدارەی کە دەستەڵاتی بێ سنوورە، مەبەست لە خوای مەزنە.
(٩٢) چەهار یاران: چوار خەلیفەی ڕاشدین: ئەبوبەکر، عومەر، عوسمان، عەلی.
(٩٣) گزیدە: هەڵبژاردە، پەسەندکراو.
(٩٤) ئەم خشتە لە دەستخەتەکەی مەلا فاتیحدا نییە.
(٩٥) حەرفشان: کۆی حەرف، وتە، قسە، ئاخافتن.
(٩٦) ئەم خشتە لە دەستنووسەکەی مەلا فاتیحدا بەرچاو ناکەوێت.
(٩٧–٩٨) نیسار (نیثار) پەڕاگەندەیی، پەرشوبڵاوی، ڕژاندن و پەخشکردنەوە.
(٩٩) سیفات: کۆی سیفەت، بەیانکردنی حاڵ و ئەحواڵ.

(١٠٠) ئیخلاس: دڵسۆزی، جگەرسۆزی، دڵپاکی، لە دەستنووسەکەی مەلا فاتیح نووسراوە: (خالقی).
(١٠١) فەهم: تێگەیشتن، هەست پێکردن، دەرک پێکردن، زیرەکی، بلیمەتی.
(١٠٢) کەلامت: لە دەستخەتەکەی مەلا فاتیح نووسراوە: (سەلامت).
(١٠٣) وەی سەرسامی سام: لە دەستنووسەکەی مەلا فاتیح نووسراوە: (وەی سام سەرسام).
(١٠٤) بە عەشق: لای مەلا فاتیح نووسراوە: (وە حەرف).
(١٠٥) کاف و نوون: ئاماژەیە بۆ ئایەتی (کن فیکن) سوورەتی یاسین، ئایەتی / ٨٢، سوورەتی بەقەرە _ ئایەتی / ١١٧، واتە خوا ئارەزووی لێ بێ بڵێ ببێ دەستبەجێ دەبێ.
(١٠٦) بە ئەمر فەرمان: لای مەلا فاتیح نووسراوە: (بە فەرمان ئەمر).
(١٠٧) کون فەیەکوون: بڕوانە کاف و نون.
(١٠٨) هەیهات: دوورە، وشەیەکە بەکار دێت بۆ دووری ڕوودانی کارەساتێک، ڕۆژ هەیهات، ئاماژەیە بۆ دوا ڕۆژ، ڕۆژی حەشر.
(١٠٩) هوجووم: هێرشبردن، پەلاماردان، هەڵمەت.
(١١٠) سەبعەلسەما: حەوت تەبەقەی ئاسمان.
(١١١) تەسبیح: ئەو کەسەی دەڵێ (سبحان الله)، بە پاکی یادکردنی خوا.
(١١٢) مەلەکان عەرش: فریشتەکانی عەرشی خوا.
(١١٣) ویرد: نزا و تکا، لە خوا پاڕانەوە لە ژێر لێوانەوە.
(١١٤) ئەوراد: کۆی (وەرد)، گوڵ، بریتییە لە چەند زیکرێکی خوای مەزن، شێخی تەریقەت دەیدا بە دەروێش، واتای دوعا و نزاش دەدا.
(١١٥) فریشتان فەرش: فریشتەکانی زەوی.
(١١٦) بکەر: بکە، فەرمان بە کردن.
(١١٧) ڕەحمێ بکەر پێم: لە دەستخەتەکەی مەلا فایتح نووسراوە: (ڕەحمێ کەر وە من).
(١١٨) فرد الرحیم: واتا: خوای تاکو تەنیای بە بەزەیی و میهرەبان.
(١١٩) بدەریم: بمدەرێ.
(١٢٠) نار الجحیم: ئاگری دۆزەخ.

(١٢١) باين: ببين.

(١٢٢) خۆف: ترس.

(١٢٣) زەلزەلەی: لەرزین، بوومە لەرزە.

(١٢٤) مەحشەر: ڕۆژی پەسلان، دوا ڕۆژ، ڕۆژی حەشر.

(١٢٥) ئەم نیـو باڵە لای مـەلا فـاتیح بەم جـۆرە داڕێژراوە: (پەرواز بـین جـە فـەوق زەلزەلەی سەقەر).

(١٢٦) نەوجا: لەو شوێنە، لەو جێگەیە.

(١٢٧) ئەم نیـو باڵە لـە دەسـتنووسـەکەی مـەلا فـاتیح بەم جـۆرە هـاتووە: (ئایا چ خۆش مەبۆ ساکن بین نەوسا)، بەم جۆرە لەنگی تێدایە.

(١٢٨) بێچوون: بێ هاوتا، خوا.

(١٢٩) یەکتای بێ هەمتا: یەکتای بێ هاوتا، خوا.

(١٣٠) بەرمەشیم: دەردەچین، لای مەلا فاتیح نووسراوە: (بەرمـەچین) کە هەمـان واتا دەبەخشێت.

(١٣١) دەردینان: کۆی دەرد، نەخۆشی، بێماری.

(١٣٢) مەشیم: دەڕۆین.

(١٣٣) سا: ئیتر، کەوابوو.

(١٣٤) بسپارە: بسپێرە.

(١٣٥) وێت: خۆت.

(١٣٦) مەدەر: مەدە.

(١٣٧) دیگەران: کۆی دیگەر: یەکێکی تر.

# بەشی هەمە چەشنە

## هەردەم خەیاڵەن[١]

نامەی محەمەد خورشید ئاغا بۆ عەبداڵی داودە

هەردەم[٢] خەیاڵەن، هەردەم خەیاڵەن
پەژارەی لەیلم[٣] هەردەم خەیاڵەن
مەعلووم[٤] دڵداریم جە لاش[٥] بەتاڵەن
دڵەی من جەو بۆن ئیقباڵش تاڵەن
دڵ مایل بە شەوق شۆخی نەوهاڵەن[٦]
نەورەسیدەی[٧] نۆ[٨] دوو هەفتە ساڵەن[٩]
نازدار بێ عەیب گشت ماه[١٠] جەماڵەن[١١]
چون بانۆی خوسرەو[١٢] ساحێب کەماڵەن
شەهد[١٣] شەکەر ڕاز شای شرین خاڵەن
باڵا وێنەی نەی[١٤] قەد چون شمشاڵەن
سەد وێنەی مەجنوون[١٥] پەرێش[١٦] عەبداڵەن[١٧]
شەهزادەی[١٨] چینەن قەست قەتاڵەن[١٩]
دو دیدەش جە[٢٠] تەرح[٢١] دیدەی غەزاڵەن[٢٢]
گۆنای گوڵ شێوەش ئامێتەی[٢٣] خاڵەن
کلافان ئاوێز[٢٤] سەحن[٢٥] جەماڵەن
جەماڵش ڕەواج عەقڵ و کەماڵەن
تاتا تای کلاف وێنەی پەڕ داڵەن
گرەیی[٢٦] پێچ پێچ دەور دەستماڵەن

مــــژانش[٢٧] خـــەدەنگ[٢٨] دو لێـــوش ئاڵەن
ڕەشتەی[٢٩] سونع[٣٠] دەست شای بێ زەواڵەن[٣١]
بینی[٣٢] زەڕ[٣٣] وەرەق چون غـونچـەی کـاڵەن
داییـــرەی غـــەبغـــەب[٣٤] تێـــدا یاســـاڵەن[٣٥]
لەب[٣٦] غـونچـەی گـوڵان پای چەمـچـەمـاڵەن[٣٧]
دڵشــــاد پڕ شــــەوق زەمــــان و ســــاڵەن
جـەمین[٣٨] چون[٣٩] لیـقـای[٤٠] ئاوی زوڵاڵەن[٤١]
وەی[٤٢] تەور[٤٣] جـەمـینێ جـە عـام مـەحـاڵەن[٤٤]
مــــــــــەتـای[٤٥] پـڕ بـەهـای دەسـت دەڵاڵـەن
شـــەمع[٤٦] شـــەو ئەفـرووز[٤٧] بەزم قــەڕڕاڵەن[٤٨]
جـــفـــتێ زەردە بەی جــــە ســـینەش قـــاڵەن[٤٩]
شـــوعلـەی[٥٠] بـەزم شـــەوق نـەقش قـــەباڵەن[٥١]
ناف[٥٢] قتووی مەعجوون لوقمانی[٥٣] ساڵەن
وەرمـــاس[٥٤] کـــەڵڕەم[٥٥] جــــەمع غـــەزاڵەن
مــــــایل بە دیدار دەور ڕەشــــــــمـــــــاڵەن
بـازنگ نە دوو قــــۆڵ جــــە پا خــــڕخـــاڵەن
ڕەمکێش[٥٦] رەوێڵـەی[٥٧] خـوتەن[٥٨] مـەحـاڵەن
(أحيـاء الأمـوات)[٥٩] مـەردەی[٦٠] سـەد سـاڵەن
جــە ســـەر تا وە پاش چون تـەڵای[٦١] قـاڵەن
دەســــتـــڕێز[٦٢] قـــودرەت شـــای بڵند مــاڵەن
مـــــژانش ســــیــــا[٦٣] دو لێــــوش ئاڵەن
(خـــەتا پۆش)[٦٤] هـەردەم پەرێش بەدحـــاڵەن

.............................................................................

(١) محەمەد خورشید ئاغای دوڕاجی ئەم پارچە شیعرە دەنێرێ بۆ عەبداڵی شاعیر و وەڵامدانەوەی ئەویش بە چامە شیعرێک بووە بە ناوونیشانی (محەمەد لاڵەن)، جا ئەوەمان بە چاک زانی لێرەدا هەردوو شیعرەکە بە شوێن یەکدا بڵاو بکەینەوە.

(٢) هەردەم: هەمیشە، گش وەخت.

(٣) لەیل: لەیلای دڵدارەکەی قەیسی عامریە (مەجنوون).

(٤) مەعلووم: ئاشکرا.

(٥) جە لاش: لە لای.

(٦) نەوهاڵ: نەوجوان، تازە پێگەیشتوو.

(٧) نەوڕەسیدە: تازە پێگەیشتوو، نەوجوان.

(٨) نۆ: نوێ، تازە.

(٩) دوو هەفتە ساڵ: واتە: چواردە ساڵ.

(١٠) ماه: مانگ.

(١١) جەماڵ: جوان، قەشەنگ.

(١٢) بانۆ: خانم، خان، بانۆی خوسرەو، ئاماژەیە بۆ شرینی هاوسەری خوسرەو شا کە لە جوانی و قەشەنگیدا بێ هاوتا بووە، بە شرینی ئەرمەن ناسراوە.

(١٣) شەهد: هەنگوین، شیرەی هەنگوین و خورما و هەر شیرنەمەنییەک.

(١٤) نەی: قامیش.

(١٥) مەجنوون: قەیسی عامرییە، دڵدارەکەی لەیلا.

(١٦) پەرێش: بۆی.

(١٧) عەبداڵ: ئەڵوەدا، سەرگەردان، ئەراگێڵ.

(١٨) شەهزادەی: شازادە، نەوەی شا، کوڕ و کچی شا.

(١٩) قەست قەتاڵ: نیازی کوشتن.

(٢٠) جە: لە، ژە، چە.

(٢١) تەرح: شێوەو سەروسەکوت، بیچم.

(٢٢) غەزال: مامز، ئاسکە، ئاسی.

(٢٣) ئامێتە: تێکەڵ، تێکەڵاو، ئاوێتە، لێکدراو، بە هەڵە لە دەستنووسەکەدا

نووسراوە: (ئامێختە).

(٢٤) ئاوێز: هەڵواسراو.

(٢٥) سەحن: حەوشە، گۆڕەپان.

(٢٦) گرە: زوڵف.

(٢٧) مژان: برژانگ.

(٢ ٨) خەدەنگ: تیر.

(٢٩) ڕشتە: ڕشتن، ڕەژتن، جوانکردنەوە

(٣٠) سونع: دروستکراو.

(٣١) بێ زەواڵ: برێتی لە یەزدانی مەزن.

(٣٢) بین: گەروو.

(٣٣) زەڕ: زێڕ.

(٣٤) غەبغەب: گەردن.

(٣٥) یاساڵ: برێتی لە ئارامی و سەقامگرتن.

(٣٦) لەب: لێو.

(٣٧) چەمچەماڵ: شارۆچکەیەکە سەر بە شاری کەرکووک.

(٣٨) جەمین: توێڵ، نێوچەوان.

(٣٩) چون: وەک.

(٤٠) لیقا: دیدەنی، بەیەکگەیشتن.

(٤١) زوڵاڵ: ئاوی پاک و سازگار.

(٤٢) وەی: بەم.

(٤٣) تەور: جۆر، شێوە.

(٤٤) مەحاڵ: نابوون، ناشێ، شتێ کە ڕوودانی یا لە وێنەی نەبێ.

(٤٥) مەتا: سامان، کاڵا.

(٤٦) شەمع: شەم، مۆم.

(٤٧) ئەفرووز: هەڵبوون، داگرسان، پێبوونی چرا یا ئاگر.

(٤٨) قەڕڕاڵ: شای فەڕەنگ، مەلیکی فەرەنگستان.

(٤٩) قاڵ: تاواوە.

(٥٠) شوعلە: شەوق، ڕووناکی، مەشخەڵ.

(٥١) قەباڵە: تاپۆ، سەنەد، واتا: نەقشەکەی وەکو نووسراوی ڕووی قەباڵە وایە.
(٥٢) ناف: ناوک.
(٥٣) لوقمان: لوقمانی حەکیم، فەیلەسووفێکی حەبەشییە، دەڵێن: لە دەرمانسازی میللیشدا دەستێکی باڵای هەبووە، لە سەردەمی حەزرەتی داود پێغەمبەر ژیاوە، لە قورئاندا ناوی بە زیرەکی و وریایی هاتووە. شاعیر ناوکی ئەویندارەکەی بە قوتووی پڕ لە دەرمانی دەستی لوقمانی حەکیم زانیوە.
(٥٤) وەرماس: بەرماس، مانگێ پێش ئەوەی ئاسکە بێتە تەگەو خوازیاری کەڵ بکات.
(٥٥) کەڵڕەم: کەڵەز، کەڵە هەرز، جەنگەی تێبەربوونی بەران و نێرییە کێوی کە ڕێکەوتی مانگی کانوونی یەکەمە.
(٥٦) ڕەمکێش: پێشەنگ، سەرگەلە.
(٥٧) ڕەوێڵە: ڕەوین، ڕەوینەوە، هەڵاتن.
(٥٨) خوتەن: ناوی کۆنی بەشێک لە تورکستانی چینە کە مامزی موشکی ئەوێ بە ناوبانگ بووە.
(٥٩) أحياء الأموات: مردوو زیندوو کردنەوە، کە تەنیا خودا دەتوانێ ئەوە بکات.
(٦٠) مەردە: مردوو.
(٦١) تەڵا: زێڕ.
(٦٢) دەستڕێز: دەستکرد.
(٦٣) سیا: ڕەش.
(٦٤) خەتا پۆش: نازناوی محەمەد خورشیدی شاعیرە.

## محەمەد لاڵەن[١]

بۆ شاعیر محەمەد خورشید ئاغای داودە

مـــحـــــەمـــــەد لاڵـەن، مـــحـــــەمـــــەد لاڵـەن[٢]
فــامت[٣] غــەرق غـــەم ســـەودای یـەک لاڵەن
خـــەڵف نـەوخـــێـــزەن[٤] یاوای نـەو هاڵـەن[٥]
تـوول عــەرعــەرەن[٦] قـامــەت شــمــشـــاڵەن
پێشانیش[٧] چون بەرق[٨] شەمس[٩] زولاڵەن
نمناک[١٠] ســورەن هەم مـاه[١١] جـەمـاڵەن[١٢]
چـین گـــوڵ پەرچین جـــە پای دەســـمـــاڵەن[١٣]
هـەر تـائـێ ســــــەد دەرد تـەن پێش بـەتاڵـەن
ئەبرۆ جەدوەل خەت[١٤] ساختەی[١٥] کەماڵەن
یاخــو فـاقــەی[١٦] شــەست فــەرزەند زاڵەن
دوو دیدەش بـێ کـــەحل[١٧] دیدەی غـــەزاڵەن
مــــژانش[١٨] جـــــە نێش تـەرح پـەڕ داڵـەن
گۆنا شەکرە سێف[١٩] سورخ[٢٠] نەو هاڵەن
کـێشـیـدەی[٢١] ئوسـتـاد شـای بێ زەواڵەن[٢٢]
بینی[٢٣] شیشەی سیم[٢٤] جە کوورەی قاڵەن
مـژانش خـەدەنگ[٢٥] شـەڕجـۆی[٢٦] قـەتاڵەن
دەم چەشـــمـــەی حـــەیات[٢٧] پڕ دانـەی لاڵەن
قـووەت بەخش ڕوح مـەردەی[٢٨] سـەد ساڵەن

زەردی زنج زەڕ گـــــــولْـتـــــــۆپ ئـالّـەن
خـــوردە ئـەگـــریجـــەی یـاوای نەو خـــالّـەن
گـــــەردن مـــــینـای ســـــاف دەست دەلاڵـەن
چون دووربین حـوکـمش پەی دوور مـەحـالّـەن
جـە سـەدر سـینـەش دوو قـوبـبـەی[29] کـالّـەن
گـــرانـتـــر جـــە بـەزم شـــــەمع قـــەڕالّـەن
ناف قـتـووی مـــەعـجـوون دەرد دڵ کـالّـەن
ســـــەد لوقـــمـــان پـەرێش زەروور حـــالّـەن
بـاقی ســــەر تـا پـاش حـــۆری کــــەمـــالّـەن
بـریقـــــەش چون بـەرق مــــــینـای زولالّـەن
هـەر تـاکـــە ســـەودای عـــەشـــقش خـــەیالّـەن
بـێ مـــــــەیلیش وە تـۆ مـــــەعلـوم بـەتـالّـەن
دەرد بـــێ دەوا هـــا وە عـــــــــــــەبـدالّـەن
ئـەویش زەدەی زام یـەک مـــــاوی خـــــالّـەن

(١) شاعیر لە وەڵامدانەوەی شیعرەکەی محەمەد خورشید ئاغای دوڕاجیدا ئەم شیعرەی وتووە.
(٢) لالّ: لال، لەعل، یەکێکە لە بەردە بە نرخەکان و ڕەنگی سوورە وەکو یاقووت.
(٣) فام: تێگەیشتن، زانین.
(٤) خەڵف نەوخێز: نەمامی تازە هەڵچوو، برێتی لە کیژی تازە پێگەیشتوو.
(٥) نەو هالّ: نەوجوان.
(٦) عەرعەر: دارێکی بێ بەری شۆخ و شەنگە.
(٧) پێشان: لە بەرەوە، لە پێشەوە، ئاماژەیە بۆ ڕوخسار.
(٨) بەرق: برووسکە، چەخماخە.

(٩) شەمس: ڕۆژ، خۆر.
(١٠) نمناک: نمدار، شێدار، نمناک سوورەن: ئاماژەیە بۆ ئارەقەی سەر گۆنای یارەکەی کە بە هۆی سووری سەر کوڵمییەوە سوور هەڵگەڕاوە.
(١١) ماه: مانگ.
(١٢) جەماڵ: جوانی، قەشەنگی، ڕازاوە.
(١٣) دەسماڵ: لەچک و سەرپۆشی ژنان.
(١٤) جەدوەل خەت: وێنەکێشان بە قەڵەم.
(١٥) ساختە: دروستکراو، ئامادەکراو، ڕازاوە.
(١٦) فاقە: فاق، بنی تیری کەوان.
(١٧) کەحل: سورمە، کل.
(١٨) مژان: برژانگ.
(١٩) شەکرە سێف: شەکرە سێو.
(٢٠) سورخ: سوور.
(٢١) کێشیدە: کێشا، کێشان.
(٢٢) شای بێ زەواڵ: خوا، یەزدان.
(٢٣) بین: گەروو.
(٢٤) شیشەی سیم: شووشەی زیو.
(٢٥) خەدەنگ: تیر، ئەوەی بە کەوان دەیهاوێژن.
(٢٦) شەڕجۆ: شەڕخواز.
(٢٧) چەشمەی حەیات: سەرچاوەی ژیان.
(٢٨) مەردە: مردن.
(٢٩) قوببە: گومەز، مەبەستی شاعیر لە مەمکەکانی ئەویندارەکەیەتی.

# شەریکم وەغەم

(بۆ محەمەد[1] خورشید ئاغای دوڕاجی
بەهۆی کۆچی دوایی هاوسەرەکەیەوە وتراوە)

محەمەد شینت، محەمەد شینت
داخلم وە بەزم زایەڵەی شینت
شەریکم وەغەم دەرد وەرینت
هام جە ڕەستاخێز[2] کەس کەس نەدینت
مەزانۆم[3] بە حاڵ لەیلێ[4] مەردەنت
سەرگەردان قەیس روح سپەردەنت
ئێش نەشتەر گاز یانەی دەروونت
دڵ جە گێژ بەحر خەمان نیگوونت[5]
جاری زوخاوان[6] زەدەی[7] هیجرانت[8]
پەی یار دڵسۆز، باز تەڕلانت[9]
غەم نۆش پۆسپۆش[10] وێل هەردانت
تەن مەکۆی ڕەساس[11] سوپای دەردانت
ویرد[12] خەیاڵان دڵەی پڕ ئێشت
خەیاڵان خام لەیل ناز کێشت
شینت پەی ئەندام[13] شیرین قامەتەن[14]
پەرێ یەک نەدین تا قیامەتەن

داخم پەرێ تۆ لەیلێی خاست[١٥] شی[١٦]
کان[١٧] مەعریفەت[١٨] دورٍ شوناست[١٩] شی
ڕەم[٢٠] ڕوێڵەی[٢١] پۆل ڕەمت شی
باتڵ خەرمان کۆگای[٢٢] خەمت شی
خەیاڵ شۆخان ئاماو[٢٣] شی وە هەرد
بەرزە دەماغ[٢٤] بیت نشتی[٢٥] ئاه سەرد
ئیستە های بە دەست جەفاو[٢٦] دەردەوە
خەریکی وەغەم لەیلێ مەردەوە
وە بەیع و[٢٧] بازارٍ تۆ مەرگ مەستانی[٢٨]
هەواڵتەن[٢٩] دمای لەیلێ بی فانی[٣٠]
ئیحتیاج نیەن یۆت[٣١] کەری خەسار
مەهمانت[٣٢] مەیۆ[٣٣] بە چار و ناچار
بەڵێ بشنەوە[٣٤] جە من ڕازێ کەم
دنیا بێ بەقان[٣٥] وێت[٣٦] مەدەر[٣٧] وە غەم
گەردانای گەردوون[٣٨] کان کۆی کەرەم[٣٩]
بزانە جەکێ نەکەردەن[٤٠] ستەم
باوەر[٤١] بە خەیاڵ ویەردەی[٤٢] دەوران[٤٣]
خەت قەڵەم زەن[٤٤] هاستەن[٤٥] پەی نیشان
یەکایەک نەڕووی کیتاب عەیانەن[٤٦]
چەند شاهان دەور چەند عاشقانەن
کوا شەوق ئەوسەوڵ[٤٧] جە عام مەنشوور[٤٨] بی
سەنعان پەی شێوەش نەتاعەت دوور بی؟

کـــــوا شـــــریـن نـەوەخـت دەوران پێـش بـی
قـــاتڵ[٤٩] پـادشـــاهـان هـەم قـــاتـڵ وێش بـی؟
کــوا ئەو کــەس نـەچین عــالی مــەکــان[٥٠] بی
چەن شــاە نە شــۆنش خـەرقــە[٥١] وەشـان بی
ســەد لەیـلێ و مـەجـنون چون وەرقــە گــوڵشــاد[٥٢]
زوهرە و موشـــــــتەری[٥٣] شـین[٥٤] بە نا موراد[٥٥]
نــــــمەز[٥٦] وە کۆ[٥٧] شـین یاران گشت تەمام
عــاشـــقـــان پێش شـــــــــاهان ئـەییــام
گـشت تـەشـریف بە مـوڵک مـاوای خـاکش بەرد[٥٨]
تۆ پەی[٥٩] یار وێت، وێت مـــەدەر[٦٠] بەگــەرد[٦١]
ئـەگـــەر مـــــەزانـی پەی وێت نیـــەن مــــەر[٦٢]
غــەمــان کــۆ بکەر رۆژ جــە ڕۆژ فــیــشــتــەر[٦٣]
مـــــەبۆ دڵشــــاد بین تـا ڕوح پێـــمــــانەن[٦٤]
بـەوێـت مـــــــــەزانـی تـاقـی ڕێـمــــــــانـەن
دونیــــائێ وەی تـەور مــــەرگ نـەڕاگــــە[٦٥] بۆ
چ ســــوودێ دارۆ[٦٦] خــــەمـــان کـــەری کـــۆ
تـۆ عـــــــەشق خــــــودا تـا داری حــــــەیات[٦٧]
ئەگـەر دڵ جــە غــەم هـەنی[٦٨] کـەری[٦٩] مـات
دەوران دنــیـــــــــــــــا پــڕ داخ و دەردەن
توجـاڕی[٧٠] غـەمـان مـایەش[٧١] بێ سـوودەن
ئێـــمـــە ئەمـــر حــەق وە غـــەم چار مـــەکـــەین[٧٢]
پەنج و دوو ڕۆژێ ئێـــمـــەش بار مــــەکـــەین

مەشین بەو جاگەی زوڵماتو بێدەر[٧٣]
مەگەر یاوەر[٧٤] بۆ ئەڵلاهو ئەکبەر
وەر نە جە کردار هەوای نەفس شووم
نەجای ئەنتەهوور[٧٥] مەنۆشین[٧٦] زەقووم[٧٧]
ئەگەر غەمباری هەر غەم ئانەت بۆ
پەرێی مەجازی غەمان مەکەر کۆ
غەمان دەر[٧٨] وەباد هەتا مەتوانی[٧٩]
وێت مەدەر وە غەم ئی دنیای فانی
عەبداڵ ئید زانا سازناش[٨٠] جە دڵ
دڵەی محەمەد دەردان کۆ[٨١] باتڵ [٨٢]

.............................................................................

(١) محەمەد خورشید ئاغای دوڕاجی (١٨٧٦ _ ١٩٢٥ی ز) کوڕی محەمەد باقره، یەکێک بووە لە سەرەک هۆزەکانی داودە، لە ئاوایی (دوڕاجی) کە سەر بە شارۆچکەی (کفری) یە لە دەڤەری گەرمیاندا، دەستی شیعر نووسینیشی هەبووە.

(٢) ڕەستاخێز: هەستان، ڕاپەڕین.

(٣) مەزانۆم: دەزانم.

(٤) لەیلێ: نێوی دڵدارەکەی قەیسی عامرییە کە بە مەجنوون ناسراوە، لێرەدا مەبەستی شاعیر هاوسەرەکەی محەمەد خورشید ئاغای شاعیرە کە ئەم شیعرەی بەو بۆنەوە داناوە.

(٥) نیگوون: گوم بوو، سەراوژێر، بێ سەروشوێن.

(٦) زوخاو: کێمو خوێنی تێکەڵاو.

(٧) زەدە: نەنگ لە کوتاڵ و ماڵی کڕیاریدا.

(٨) هیجران: جودایی، دووری لە دۆست و یاران.

(٩) تەڕلان: مەلێکی ڕاوکەرە لە ڕەگەزی باز.

(١٠) پۆسپۆش: کەوڵ پۆش، برێتی لە دەروێش و هەژارو نەدارا.
(١١) ڕەساس: فیشەک.
(١٢) ویرد: لە خوا پاڕانەوە، نزا و تکا.
(١٣) ئەندام: لەش.
(١٤) قامەت: بالآ، بەژن.
(١٥) خاس: باش، چاک.
(١٦) شی: ڕۆیشت.
(١٧) کان: ناوەند و جێگەی هەرشتێکی سروشتی.
(١٨) مەعریفەت: زانین، زانیاری.
(١٩) دوڕ شـــوناس: دوڕ: مـــرواری درشـت، دوڕ شـــونـاس: ئەوەی لـە مـــرواریدا شارەزایی هەیە، ئەوەی لە بواری مرواریدا پسپۆڕە.
(٢٠) ڕەم: سڵ، ترس.
(٢١) ڕوێڵ: سڵکردن.
(٢٢) کۆگا: دووکانی وردەواڵە.
(٢٣) ئاما: هاتن.
(٢٤) بەرزە دەماغ: لووت بەرز، فیز زل.
(٢٥) نشتی: دانیشتی.
(٢٦) جەفا: جەور و ستەم.
(٢٧) بەیع: فرۆشتن.
(٢٨) مەستانی: دەکڕی، دەسێنی.
(٢٩) هەواڵ: خـەبەر، چلـۆنەتی حـاڵ و ئەحـواڵ، واتا: وا هەواڵـمـان پێگەیشـتـووە دەتەوێ لە پاش مردنی هاوسەرەکەت خۆت بفەوتێنی.
(٣٠) فانی: نەبوون، لەناوچوو.
(٣١) یۆت: وێت، خۆت.
(٣٢) مەهمان: میوان.
(٣٣) مەیۆ: مەیەو، دێت.
(٣٤) بشنەوە: گوێ بگرە، ببیسە.
(٣٥) بێ بەقا: بێ وەفا، بێ ئەمەک.

(٣٦) وێت: خۆت.

(٣٧) مەدەر: مەدە.

(٣٨) گەردانای گەردوون: ئەوەی ئەرز و ئاسمان دەسووڕێنێتەوە، ئاماژەیە بۆ یەزدان.

(٣٩) کەرەم: بەخشین، ناندان، لێبوردن.

(٤٠) نەکەردەن: نەیکردووە.

(٤١) باوەر: بهێنە.

(٤٢) ویەردە: ڕابردوو.

(٤٣) دەوران: زەمانە، دنیا.

(٤٤) خەت قەڵەم زەن: نووسراو، ئەوەی بە قەڵەم دەنووسرێ، دەستنووس.

(٤٥) هاستەن: هێشتوویەتی.

(٤٦) عەیان: بینین، دیتن، بەدیکردن.

(٤٧) سەوڵ: گوڵی پۆپەی کەڵەشێر.

(٤٨) مەنشوور: بڵاو، بڵاوکراوە، پەخشنامە.

(٤٩) قاتڵ: پیاوکوژ، خوێنڕێژ.

(٥٠) عالی مەکان: پایەدار، پایەبەرز.

(٥١) خەرقە: باڵاپۆشی دەروێش.

(٥٢) وەرقە گوڵشاد: نێوی ئافرەتێکە، لە داستانە فۆلکلۆرییەکاندا نێوی بە شۆخ و شەنگی هاتووە وەکو شرینی دڵدارەکەی فەرهاد.

(٥٣) زوهرە و موشتەری: ١) زوهرە، ناهید، ڤینۆس، نزیکترینی ئەستێرە گەڕۆکەکانە لە زەوی ئێمە، لە پێش ڕۆژهەڵات و لە پاش ڕۆژئاوا لە ئاسماندا دەبینرێ، ماوەی بزووتنەوەی لە دەوری ڕۆژدا (٢٢٥) ڕۆژە، دوو ئەوەندەی عەتاریدو هەندێ لە زەوی ئێمە بچووکترە، گۆڕانیی فیکرو سەماکەری چەرخ و فەلەکی پێ دەڵێن: ٢) موشتەری: ئەستێرەی گەڕۆکی جۆبیتەر، ئەستێرەی هورمز گەورەترینی ئەستێرە گەڕۆکەکانی بنەماڵەی ڕۆژە، لە ڕووی ڕووناکیشەوە دووەمین ئەستێرەیە لە پاش ئەستێرەی زوهرە.

(٥٤) شین: ڕۆیشتن.

(٥٥) ناموراد. موراد: مەبەست، نیاز، ئاواتخواز، ناموراد: بە ئاوات نەگەیشتوو،

به مەبەست نەگەیشتوو.
(٥٦) نمەز: نازانم.
(٥٧) وەكۆ: كام جێ، كوێ.
(٥٨) بەرد: بردی.
(٥٩) پەی: بۆ.
(٦٠) مەدەر: مەدە، فەرمان بە نەدان.
(٦١) گەرد: تۆز، غوبار.
(٦٢) مەر: مەگەر.
(٦٣) فیشتەر: زیاتر.
(٦٤) تا ڕوح پێمانەن: تا ڕوحمان پێیە.
(٦٥) ڕاگە: ڕێگە.
(٦٦) دارۆ: هەیە.
(٦٧) حەیات: ژیان.
(٦٨) هەنی: ئیتر.
(٦٩) كەری: بكەی.
(٧٠) توجاڕی: بازرگانی.
(٧١) مایە: هەوێن.
(٧٢) مەكەین: دەكەین.
(٧٣) دەر: دەرگە، بێدەر: بێ دەرگە.
(٧٤) یاوەر: ١ برێكار: ٢) یاریدەدەر.
(٧٥) ئەنتەهوور: ئاوی بەهەشت.
(٧٦) مەنۆشین: دەنۆشین.
(٧٧) زەققوم: درەختێكی زۆر تاڵە لە دۆزەخدایە، دۆزەخییەكان لە بەرەكەی دەخۆن.
(٧٨) دەر: كورتكراوەی (بدەر)ە واتا: بدە.
(٧٩) مەتوانی: دەتوانی.
(٨٠) سازناش: سازاندی.
(٨١) كۆ: بكا، فەرمان بەكردن.
(٨٢) باتڵ: باتیڵ، ناڕاست، ناهەق، پووچ، دژی هەق.

# جه نەسڵ[١] زاڵەن[٢]

١٩٠٩ی ز[٣]

جـــــــه نـەسـڵ زاڵـەن، جـــــــه نـەسـڵ زاڵـەن
مــحـــەمـــەد ئاغـــا ســـیلســـیلـەی[٤] زاڵەن
مــــەنشـــــوور ئیـــــســــــمش تاریـخ ســــاڵـەن
حـــاتـەم[٥] تـەبیـــعـــــەت بڵـند ئیـــقـــبـــاڵـەن[٦]
ڕۆسـتـەمـەن[٧] سـاحـێب گـورز و[٨] گـۆپاڵـەن[٩]
زوبان جــه تەعــریف[١٠] تەوسـیـفش[١١] لاڵەن
ئەرسـتـۆ[١٢] عـەقڵـەن لوقـمـان[١٣] کـەمـاڵەن[١٤]
به شـەوکەت[١٥] خوسرەو[١٦] پەرۆز[١٧] مەحاڵەن[١٨]
دایم نـه جـــۆیای[١٩] جـــەنگ و قـــەتاڵـەن[٢٠]
دلێـــــرێ چون ئەو هـەنی[٢١] مـــــەحــــاڵەن[٢٢]
دوشـمـن فـەناکـەر[٢٣] شـەڕجـۆی[٢٤] قـەتاڵەن
ئـەبولـسکینـەن[٢٥] خـــــوســــــرەو خــــەیاڵەن
فـامش چون فـــەڕەنگ[٢٦] یا تەڵای[٢٧] قـاڵەن
سایەی سـەیوان[٢٨] بەرز چون سیمرغ[٢٩] باڵەن
عـارفـان[٣٠] سـەڕڕاف[٣١] ئاگـای هەر حـاڵەن
چ حـاسڵ[٣٢] به حـەرف[٣٣] گـوفـتـار کـاڵەن
ئوسـتــاد ســـەمـین[٣٤] نام خــەیات خــاڵەن
مـەعلوومـەن [٣٥]مـەشـهـوور کـفـری مـەحـاڵەن

ئـەســــــڵش داودەیـی(٣٦) چـون دانـەی لاڵـەن
یـەتـیـم عـــەشـــرەت فـــەقـــەت نـەومـــاڵـەن(٣٧)
ئـاغـا یە فــەرزەند(٣٨) ئـوســتــاد عــەبداڵـەن
ئـاگـــاداریشـکـەر(٣٩) ئـەوقـــاتش(٤٠) تـاڵـەن
یـە (عــەبداڵ) واتەن پـۆشــیــدەی(٤١) شــاڵـەن(٤٢)
دەروێـش دڵـڕێـش(٤٣) شـــــــادیش بـەتـاڵـەن

(١) نەسڵ: نەوە، وەچە.
(٢) زاڵ: کوڕی سام کوڕی نەریمانە، باوکی ڕۆستەمی زاڵە.
(٣) شاعیر ئەم شیعرەی بۆ شاعیر محەمەد خورشید ئاغای دوڕاجی نووسیوە و ناونیشانەکەشی بە فارسی بەم جۆرە داناوە: (در بیان مدح جناب محمد خورشید آغای دراجی رئیس داوده بود _ ١٣٢٧ھ) = ١٩٠٩ی ز.
(٤) سیلسیلە: زنجیرە.
(٥) حاتەم: کوڕی عەبدوڵلای تائییە، ناودارێکی عەرەب بووە، لە دوا ساڵەکانی پێش ئیسلامدا ژیاوە بە چاو تێری و دەهندەیی و حاتەمی تەی ناوی دەرکردووە.
(٦) ئیقباڵ: تاڵە، بەخت، ئیغبال.
(٧) ڕۆستەم: کوڕی زاڵ کوڕی سام کوڕی نەریمانە، بە ڕۆستەمی زاڵ ناسراوە، پاڵەوانێکی زەبر بە دەستی ئێران بووە.
(٨) گورز: ئامرازێکی سەر ئەستووری دەسکدارە بۆ جەنگ.
(٩) گۆپاڵ: گۆچان، داردەستی سەر چەماو.
(١٠) تەعریف: پێناسە، پێناسین.
(١١) تەوسیف: چاکەوتن، هەڵدان، ڕاناندن.
(١٢) ئەرستۆ: کوڕی تالیسە، فەیلەسووفێکی یۆنانییە، بە زیرەکی و وریایی ناسراوە، فەلسەفەکەی لەگەڵ ئایندا دەگونجێت.
(١٣) لوقمان (لوقمانی حەکیم): فەیلەسووف و بەندەیەکی حەبەشی بووە،

کەوتووەتە وڵاتی فەلەستینەوە لە سەردەمی حەزرەتی داود پێغەمبەردا (خوا لێی ڕازی بێت)، لە قورئانی پیرۆزدا ناوی بە زیرەکی و زانایی هاتووە.

(١٤) کەماڵ: بێ کەموکووڕی، بێ نەنگ، تەواو.

(١٥) شەوکەت: گەورەیی و بەرزی، جوان چاکی: (پیاوێ بە شەوکەتە).

(١٦) خەسرەو، خەسرەوی پەروێز، خەسرەوی دووەم، نەوەی نەوشیروانی دادپەروەرە، پاشایەکی دادپەروەر بووە، مێردی شرینی ئەرمەنە.

(١٧) پەرۆز: بریتی لە شوێن و جێگەی خوسرەو شا.

(١٨) مەحاڵ: نابوون، ناشێ، شتێ کە ڕوودانی نەبێت، لێرەدا کینایەیە بۆ شوێن و جێگە.

(١٩) جۆیا: سۆراغ، گەڕان بەدوای شتێکدا.

(٢٠) قەتال: کوژراو.

(٢١) هەنی: ئیتر، دیتر.

(٢٢) مەحاڵ: نابوون، ناپەیدا.

(٢٣) فەناکەر: کاولکەر، وێرانکەر.

(٢٤) شەڕجۆ: شەڕخواز.

(٢٥) ئەبولسکین: باوکی هەژار، ئەوەی دەستی یارمەتی و بەزەیی بۆ هەژار و نەداران درێژ دەکات.

(٢٦) فەڕەنگ: خەڵکی ئەورووپا.

(٢٧) تەڵا: زێڕ، تەڵای قاڵ: زێڕی بێ غەل و غەش، زێڕی پوخت و خاوێن.

(٢٨) سەیوان: چەتر.

(٢٩) سیمرغ: سیمر، باڵدارێکی چیرۆکی و خەیاڵییە، گوایە زۆر زل و بە هێزە.

(٣٠) عارف: زانا، شارەزا.

(٣١) سەڕڕاف: ١) ژمێریار، قاسەوان، سندووقدار: ٢) ئەوەی دراو و پارە دەگۆڕێتەوە.

(٣٢) حاسڵ: ئەنجام، دەرەنجام.

(٣٣) حەرف: ١) پیت: ٢) قسە، وشە. مەبەستی شاعیر لە دووەمیانە.

(٣٤) ئوستاد سەمین: کوڕی شاعیرە.

(٣٥) مەعلووم: زانراو، دیار و ئاشکرا.

(٣٦) داوده: هۆزێکی کورده، له دەڤەری گەرمیانی کەرکووکدا نیشتەجێن.
(٣٧) نەومالْ: نۆمالْ، ئەوەی تازه ژنی هێناوه و مالْی پێک هێناوه.
(٣٨) فەرزەند: ڕۆڵه.
(٣٩) ئاگەداریشکەر: ئاگەداری بە.
(٤٠) ئەوقات: گوزەران، ژیان بەڕێوه چوون.
(٤١) پۆشیده: پۆشراو.
(٤٢) شالْ: جۆره قوماشێکی زبری تەنراوه.
(٤٣) دلْڕێش: دلْ بریندار.

## هامسەران سەردان

هامسەران[١] سەردان[٢]، هامسەران سەردان
مەعلومەن[٣] نەشئەی پیری لێم سەردان
وەنەم[٤] سپەردەن[٥] یەکا یەک دەردان[٦]
سەد ڕێشەی مەحکەم نەجەرگم وەردان[٧]
جوانی ڕەقەم مازورەی[٨] دانا
سوپای خەم بە جەور[٩] تاقەتم سانا[١٠]
هیمەتوازیشەن[١١] عەزم[١٢] کۆچ دارۆ
مەکانش بە حوکم پیری مەسپارۆ[١٣]
شین و ڕەستاخێز[١٤] دونیای فانیمەن[١٥]
ئاخر وەخت کۆچ نەوجوانیمەن
مەنزڵ چی پیری ئاما گرد[١٦] مەنزڵ
بە زۆر مەدەرۆ[١٧] نشتەر[١٨] نەڕووی دڵ
چون پادشای ناعەدڵ بەدخوو[١٩] نشت وە تەخت
دڵ پێچا بە خار[٢٠] خەمان بەد بەخت
بوانیم ناعەدلی پیری سەراسەر
سزای عەلامەت[٢١] یەک جە یەک بەدتەر[٢٢]
چوستی و چابوکی توند خێزی نەوڕەس
ئارۆ ئاخێز[٢٣] کەم من بەو زۆر دەس

چنگ مەدۆم[٢٤] بە خاک مەخێزۆن[٢٥] وەپا
ئەویش بە حیکمەت سەد جار ئیللەڵڵا
مینای بینایيم دوور بییەن دویرم[٢٦]
جەدوور مەنمانا شێوەی نەچیرم
بە سەد شادی و زەوق ڕەمی[٢٧] پڕ هەوەس
مەیاوام[٢٨] بەنەش[٢٩] ماوەردم[٣٠] بە دەس
پێکام وەتیر شادی مەنمانام[٣١]
جە وێم بالاتەر[٣٢] کەس نمەزانام[٣٣]
ئارۆ زەمینم غەرقەن[٣٤] چەنی[٣٥] خەم
نزدیکم چون دوور نمەیۆ[٣٦] بە چەم
نەمەندەن[٣٧] تاقەت جە زانوم[٣٨] تاقی[٣٩]
بنچینەی ڕیشەی عومرمەن باقی
ئەسرینم سۆمای دیدەم کەم کەردەن[٤٠]
بەکەم کەم کەم کەم، خەمان جەم[٤١] کەردەن
شادیم ڕەمنان چون ڕەم[٤٢] جە زاخان[٤٣]
خەمان جەرگم دان وەنێش[٤٤] داخان
ڕێزنان[٤٥] جەرگم چون جای گاز حەی[٤٦]
کۆتاهێش[٤٧] نییەن وەی[٤٨] وەبان وەی
سککەی[٤٩] جە خۆ ڕەنگ[٥٠] موبتەلای دڵان
جەمین[٥١] شەوق شەم[٥٢] شکۆفەی[٥٣] گوڵان
سای گەردن سیمای بللور[٥٤] مەنمانا[٥٥]
جەور و دەرد و غەم ڕەونەقش سانا

وەی کـــەردەی ڕوخـــســـار نـوور لێ ئـاخــێــزم
چرچەن بەد ڕەنگەن جـــە عـــام وە بێـــزم[٥٦]
نـوورم نـەمـــــەندەن بـەڕوخــــــســــــارەوە
مـــەشــــغـــوڵم بەدەرد کــــۆی قـــەهـــهــارەوە
سککەم هۆرگـێـلان[٥٧] جـە خـۆ ڕەنگی ڕەنگ
مـەنمانۆ[٥٨] شـێـوەی وەفـران[٥٩] سـەرتەنگ
هەر چەند مـــەوینۆم[٦٠] سـفـیـدەن سککەم
تـون مــــــەبۆ فــــامم نـوقم بەحـــــر غــــەم
دندان[٦١] سەدەفکار[٦٢] هەم سافتەر جە سیم[٦٣]
نمانا[٦٤] پەنەم[٦٥] شـــەرارەی[٦٦] جـــەحـــیم[٦٧]
شـــــەوان جـــە ئێـــشش مـــەنالاّم تا ســــۆ[٦٨]
ئاوات مـــەواســـتم[٦٩] ســا مـــەرگ خـــودا ڕۆ
تـەمـــامی وەگـــاز بەڕبەڕ[٧٠] جـــەشـــاران
فــــەرمـــان دام جـــە بێخ ڕیشـــەش برئاران[٧١]
چەنی گـــیـــر و گـــاز مــەکــێــشـــان بەزۆر
ڕۆژ مـەوت[٧٢] مـەدیم[٧٣] هەم مـەویم[٧٤] زهوور[٧٥]
زۆر بـازی بـازوو نـە دەورەی زەمـــــــــــــان
مـــەکـــەردم[٧٦] چەنی جـــەمع هـامـــدەمـــان[٧٧]
نـە هـەر چـی مـــــەدام چـنـگ وەقـــــینـەوە
مـــەکـــێـــشــــام بەکـــێش وە زەمـــینـەوە
ئـیـــســــە نـەمـــەندەن تـاقـــەت جــــە باڵم
بـەســـــەد ڕەنگ نـەدەست دەردان مـــــەناڵم

بێ عەیبی ئەندام[٧٨] شێوەی قامەتم
کولیاوە یەک یەک ئێش زامەتم[٧٩]
زەمزەمەی[٨٠] وەرین گنیا وە یادم[٨١]
چەنی خاڵی[٨٢] ساف دڵەی گوشادم[٨٣]
چی مەدی[٨٤] وە چەم[٨٥] نە ڕووی ئەندامم
ئاواتواز بین[٨٦] بەیان بە دامم[٨٧]
بە قەول و سەوگەند[٨٨] بە دڵوازم[٨٩] بین
یانەی[٩٠] میرشکار[٩١] جاگەی نیازم بین
سەیر سەیرانگای سوب ئێوارم بین
هەرکەس پەی وێشان[٩٢] جە پەژارەم بین
من جە خۆشیشان بڵند پایە بیم
ناسک چون تووبا[٩٣] ، سەوڵ[٩٤] سایە[٩٥] بیم
بێ خەبەر نە مەرگ بێ باک نەدەرد بیم
دائیمەن جە مەدح[٩٦] خاڵ بیم[٩٧] زەرد بیم
جەسایەی شنۆی[٩٨] زوڵف خوناو[٩٩] بیم
دایم کاس نەبۆی عەتر گوڵاو بیم
دەماغم[١٠٠] هەوای کۆی ئەڵبورز[١٠١] مەکەرد[١٠٢]
نازداران پەرێم مەدان ئاه سەرد
ساتێ نەدینم[١٠٣] جە لاشان ساڵ بی
یەک یەک وە ئاڵداغ[١٠٤] جە پەی هەواڵ بی
تاسەح[١٠٥] نەزانان[١٠٦] جە کۆن[١٠٧] مەکانم[١٠٨]
نمەبین[١٠٩] ساکن شەو جە خەمانم

ئیستا سیاپیر[١١٠] قامەت چون دالّم[١١١]
کێ زانۆ[١١٢] مەکان پرس و ئەحوالّم
غەمخوارم[١١٣] کییەن[١١٤] کێ بەرۆ[١١٥] ناوم
پا بەند زنجیر گیر و گۆڕ داوم
سەر تەوق پیری شی بە گەردەنم
ئەڵقاوێزمەن[١١٦] تا ڕۆی مەردەنم
پیری وێش نیەن بێ حەد سوپاشەن
جەیحوون[١١٧] بەحرییە دەردان جەلاشەن
خەم و خەیاڵان دڵەی پڕ جە دەرد
ئێش و نێش داخ هەناسان سەرد
یەک یەک بە ئەندام جەستەی من پۆشان
پیاڵەیێ جە زەهر[١١٨] مارانم نۆشان
بەند، بەند[١١٩] ئەعزام[١٢٠] جە ئازار کەیلەن[١٢١]
گڕانتر جە نار[١٢٢] سووزان وەیلەن[١٢٣]
سیلسیلەی[١٢٤] دەردان تەمام سەرانسەر
کەمێ هاوماڵی[١٢٥] جە گشت زیاتەر
تەن[١٢٦] خەستەی[١٢٧] خەمان چون مار مەردە
سەرزندەی مەینەت[١٢٨] کەس چار نەکەردە
پیری چون قەساس[١٢٩] قەست[١٣٠] گیانم کەرد
چەمنواڕ[١٣١] بە دەست ناکەسانم کەرد
عەبداڵ تا مەردەن پیری بەرگشەن
خەوف[١٣٢] حەول[١٣٣] وەلای ڕۆژ مەرگشەن

(١) هامسەران: کۆی هامسەر، دۆست، هاوڕێ، دۆستی گیانی بە گیانی.
(٢) سەردان: بەرپا بووە، ساز بووە.
(٣) مەعلووم: دیار، ئاشکرا، زانراو. مەعلوومەن: ئاشکرایە.
(٤) وەنەم: پێم.
(٥) سپەردە: ئەسپاردە.
(٦) دەردان: کۆی دەرد، نەخۆشی، بێماری.
(٧) وەردا: بەردا، بەریدا.
(٨) مازوور: مەعذوور، بیانوو، بەهانە.
(٩) جەور: زوڵمکردن، ستەمکردن، زۆرداریکردن.
(١٠) سانا: سەندی.
(١١) هیمەتواز: داواکردن بۆ ئۆغر کردن.
(١٢) عەزم: نیاز، مەبەست، بڕیاردان بۆ کردنی شتێک.
(١٣) مەسپارۆ: دەسپێرێ.
(١٤) ڕەستاخێز: ڕاپەڕین.
(١٥) فانی نەبوون: لەنێو چوون.
(١٦) گرد: گرت.
(١٧) مەدەرۆ: دەدا.
(١٨) نشتەر: نەشتەر، نشتێر، شفرەی برین دڕین.
(١٩) بەدخوو: نەگونجاو، بێ ئاکار.
(٢٠) خار: دڕک.
(٢١) عەلامەت: نیشانە.
(٢٢) بەدتەر: بەتەر، خراپتر.
(٢٣) رۆی ئاخێر، ڕۆژی ڕاپەڕین، دوا ڕۆژ.
(٢٤) مەدۆم: دەدەم.
(٢٥) مەخێزۆن: هەڵدەستم، ڕادەپەڕم.
(٢٦) دویر: دوور.
(٢٧) ڕەم: ڕاکردن، هەڵاتن، دوورکەوتنەوە.

(٢٨) مەیاوام: دەگەیشتم.

(٢٩) بەنەش: پێی. مەیاوام بەنەش: دەگەیشتم پێی.

(٣٠) ماوەردم: دەمهێنا.

(٣١) مەنمانام: دەمنواند.

(٣٢) بالآتەر: بەرزتر.

(٣٣) نمەزانام: نەمدەزانی.

(٣٤) غەرق: نوقم.

(٣٥) چەنی: لەگەڵ.

(٣٦) نمەیۆ: نایێ.

(٣٧) نەمەندەن: نەماوە.

(٣٨) زانو: ئەژنۆ، زرانی.

(٣٩) تاقی: ڕاستی، دروستی.

(٤٠) کەردەن: کردوویەتی، پێی هەستاوە.

(٤١) جەم: کۆ.

(٤٢) ڕەم: ڕەوە، ئاماژەیە بۆ ڕەوە مامز.

(٤٣) زاخان: کۆی زاخ، کێو، چیا.

(٤٤) نێش: ئێش، ئازار.

(٤٥) ڕێزنان: ڕزاندوویەتی.

(٤٦) حەی: مار.

(٤٧) کۆتاهیش: دوایی.

(٤٨) وەی: ئازار، دەرد و ژان.

(٤٩) سککە: ریش، ڕدێن،

(٥٠) خۆڕەنگ: ڕەنگی خواکرد، ڕەنگی سروشتی.

(٥١) جەمین: توێڵ، هەنیە، ناوچەوان.

(٥٢) شەم: مۆم.

(٥٣) شکۆفە: چرۆ.

(٥٤) بللور: جۆرێ شووشەی جوان و ئەستوور.

(٥٥) مەنمانا: پێشان دەدا.

(٥٦) بێز: قێز.
(٥٧) هۆرگێلان: گۆڕاوە، هەڵگەڕایەوە.
(٥٨) مەنمانۆ: دەنوێنێ.
(٥٩) وەفران: کۆی وەفر، بەفر.
(٦٠) مەوینۆم: دەبینم.
(٦١) دندان: دان، ددان.
(٦٢) سەدەفکار: هەر شتێ لە سەدەف دروست کرابێت.
(٦٣) سیم: زیو.
(٦٤) نمانا: نواندی.
(٦٥) پەنەم: پیم، نمانا پەنەم: نواندی پێم.
(٦٦) شەرارە: پریشک، پزیشک، پرشنگ.
(٦٧) جەحیم: ئاگری کڵپەدار، ئاگری بەتین و بڵێسە.
(٦٨) سو: بەرەبەیان، سبەینێ.
(٦٩) مەواستم: دەمخواست.
(٧٠) بەربەر: سەرتاش، زووتر هەندێ لە سەرتاشەکانی شار بە ئامرازی گاز ددانی بە ئازاریان دەکێشایەوە.
(٧١) برئاران: دەرهێنن.
(٧٢) مەوت: مردن.
(٧٣) مەدیم: دەمدی.
(٧٤) مەویم: دەبووم.
(٧٥) زهوور: دەرکەوتن، ئاشکرابوون.
(٧٦) مەکەردم: دەمکرد.
(٧٧) هامدەم: هاودەم، ئاودەم، ئاودەنگی.
(٧٨) ئەندام: لەش.
(٧٩) زامەت: ئەرکی گران، زەحمەت، دەردی ئەوین.
(٨٠) زەمزەمە: دەنگ و ئاوازی خۆش.
(٨١) گنیا وەیارم: هاتەوە یادم.
(٨٢) خاڵ: کوتان، زووتر نەریت وا بوو خانمەکان خاڵیان لە ڕوومەتی خۆیان

دەكوتا.

(٨٣) گوشاد: ئاواڵە.

(٨٤) مەدی: دەدەم.

(٨٥) چەم: چاو.

(٨٦) ئاواتواز بین: ئاواتخوازبین.

(٨٧) دام: داو، داوی ڕاوکردنی باڵندە.

(٨٨) دڵواز: دڵخواز، ئەوەی دڵ ئارەزووی دەکا

(٨٩) یانە: ماڵ.

(٩٠) میرشکار: میری ڕاو.

(٩١) وێشان: خۆیان.

(٩٢) سەوگەند: قەستەم، سوێند.

(٩٣) تووبا: درەختێکە لە بەهەشت.

(٩٤) سەوڵ: گوڵە پۆپەی کەڵەشێر.

(٩٥) سایە: سێبەر.

(٩٦) مەدح: ستایش.

(٩٧) بیم: ڕوو، ڕوخسار.

(٩٨) شنۆ: سروە، کزەبا.

(٩٩) خوناو: شەونم.

(١٠٠) دەماغ: لووت.

(١٠١) کۆی ئەلبورز: زنجیرە چیایەکی بەناوبانگە لە ئێران.

(١٠٢) مەکەرد: دەیکرد.

(١٠٣) دین: چاوپێکەوتن.

(١٠٤) ئاڵداغ: هەڵەداوان، پەلەی زۆر.

(١٠٥) سەح: ڕاست، دروست.

(١٠٦) نەزانان: نەزانن.

(١٠٧) جە کۆن: لە کوێیە؟.

(١٠٨) مەکانم: شوێنم، جێگەم.

(١٠٩) نمەبین: نەدەبوون.

(١١٠) سیا: ڕەش.
(١١١) دال: پیــتــی (د) ال، واتە ڕەش هــەڵگەڕاوم پشــتــیــشم وەکــو پیــتــی دال چەماوەتەوە.
(١١٢) زانۆ: دەزانیێ.
(١١٣) غەمخوار: خەمخۆر، کەسێ کە خەم لە پیاو دەخوا، دڵسۆز.
(١١٤) کییەن: کێیە؟.
(١١٥) بەرۆ: ببا.
(١١٦) ئەڵقاوێز: بە پەت هەڵواسراو، خنکان بە سێدارە.
(١١٧) جــەیحــوون: ناوی ڕووبارێکە درێژیی (٢٥٤٠ کم)ە، لە شــاخــی پامــیــر لە هیندستـان هەڵدەقوڵێ و بەناو ئاسیای ناوەڕاستی وڵاتی یەکێتی سۆڤیەت تێ دەپەڕێ و دەرژێتە ناو زەریای ئۆراڵ، ئێستا (ئەمودەریا)ی پێ دەڵێن.
(١١٨) زەهر: ژەهر، ژار.
(١١٩) بەند: جومگەی پەنجە و دەست و پا.
(١٢٠) ئەعزا: هەموو ئەندامی لەش.
(١٢١) کەیل: پڕاوپڕ، دارماڵ.
(١٢٢) نار: ئاگر، ئاور، ئایر.
(١٢٣) وەیل: بەڵا، خەم، پەژارە، ماتەمینی، کارەسات.
(١٢٤) سیلسیلە: زنجیرە.
(١٢٥) هاوماڵ: ١) دراوسێ: ٢) شەریک.
(١٢٦) تەن: لەش.
(١٢٧) خەستە: نەخۆش.
(١٢٨) مەینەت: ١) دەرد و ئازار: خەم و خەفەت.
(١٢٩) قــەســـاس: ســزا، دابەزینی ســزا بەســەر تـاوانکاردا بـە چەشنـی ســزاو تاوانەکەی خۆی.
(١٣٠) قەست: مەبەست نیازی کوشتنی.
(١٣١) چەمنوار: چاوەنۆڕ، چاوەڕێ.
(١٣٢) خەوف: ترس.
(١٣٣) حەول: تەقا، کۆششت.

## نیزام نیزامەن[١]

نیـــزام[٢] نیـــزامـــەن، نیـــزام نیـــزامـــەن
یاران وە تـاقـی[٣] دەنـگ نـیـــــزامـــــەن
درەنـگەی گـــشت وەخت ئـاخـــر ئـەیامـــەن[٤]
دەنـگ تـوتـای[٥] تـوت ڕۆم[٦] بـێ ڕامـــــەن
ئـەوەڵ وەی دەورە بـاوەڕ نـەکــــــــەردیـن[٧]
هیچ خـەوف جـە هـاتـهـات[٨] وە دڵ نەوەردین[٩]
جـــا هـاتـهـــات نـیـــەن وە تـاقـی ئـامـــان[١٠]
سـوپـای ڕۆم گـرتەن[١١] مـوڵک بێ سـامـان
ســوپـاش هـەم گــرتـەن مــوڵک ڕۆم تـەمــام
داوای[١٢] نیـزامـەن مـەگـێـرۆ[١٣] جـەعـام
ڕەستاخێز[١٤] بکەین هـەر کەس پەی[١٥] وێمان[١٦]
یـە زنـدەمـــەرگـــەن ئـامـــان وە ڕێـمـــان
ئادەم مەردە[١٧] بۆ وەر[١٨] نەشۆ[١٩] وە دیل
دەروەدەر بـوان پـێـش مــــــــەبـۆ زەلـیـل
مــەردەن خــاســتــەرەن[٢٠] گـرەی نـارێوەن[٢١]
مـــــەرگ ئـەو زنـدە هـەر ڕۆژ جــــارێوەن[٢٢]
زنـدەیی وەیتـــەور[٢٣] دایم غـــەمـــبـــار بـۆ
جـــە گــشت قـــەوم و کـــار هـەر نادیـار بۆ

زندەیی وەیتـــــەور نـی دنیــــای فـــــانی[٢٤]
تـەن[٢٥] ئـازار ســـــــەخـت وە نـاتـوانـی
جـــەور و جــەزای ســەخت زوڵم ئینســـانی
ســەد خـۆزگــە بە مـــەرگ نـەک زندەگـــانی
وەخـتــەن چون مـێـشـان[٢٦] ڕۆژ زاوو مـاه[٢٧]
زاری[٢٨] بـەو تـەور جــــەعــــام بۆ وە پـاە[٢٩]
ئـەمـــجـــار بگێــران[٣٠] دەورمـــان جـــە نۆ[٣١]
داو مـــەشـقــبـازی شــرپـەی قــەمـچـی بۆ
هـەر یـەک یەک تفــەنگ ســەنگین والاکـــەین[٣٢]
ئـەســاســەی رۆی جــەنگ دەور دنیــاکــەین
گاه[٣٣] تەعلیم[٣٤] تەوق وێنەی مەحبووسان[٣٥]
گاه زەرب[٣٦] تۆقان[٣٧] جە گشت مەئیووسان[٣٨]
وە شـــۆربـای بێ ڕۆن وە ســـەمـــوون ڕەق
ئـیــــدارە بکـەیـن بـە ئـەحـــــواڵ شـــــەق[٣٩]
وێـنـەی بـایـەقـــــوش[٤٠] تـەرک بـکـەیـن لانـە
بـکێـــــــشـین نـۆبـەت هـەم قـــــــارەوانـە[٤١]
مــــەحـــروم خـــۆبـین جــــە نۆبـەتگیـــری
حـیـفـز دامـربـاش[٤٢] ئـەسلـەحـەی مـیـری
بکەفـین بـە دەست ڕۆمـی چـەنـد ئـەســــیــــر
بـووەنمـان وە دیـل ڕاگـــــــەی چـۆڵ و دیـر[٤٣]
وەحـوکم حـاکم عــەجـەب ئـەغـیــار[٤٤] بین
پـەرێ[٤٥] دا و جــەنگ تەمـــام تـەیار[٤٦] بین

بـاهـوو[٤٧] بـەنـدەبـین وە چـۆی ڕەقـــــــەوە
وەلای زاڵـمـــــان دوور جـــــە حـــــەقــــەوە
هـیـچ جـە گـشـتـمـان تەقـسـیـر نەكـەران
ئـا ئـێــــمـــــە وە تـیـپ وێشــــان مـــــەوەران[٤٨]
ڕوومان كەن وە مولْک ئەستەمبووڵ[٤٩] ماوا[٥٠]
جیهان تەی[٥١] بكەین سوب[٥٢] تا خۆرئاوا
ڕۆژ ڕاگـەی بیـدی[٥٣] تەی بكەین یەكسـەر
ڕوو بكەین بـەجـــای بـێ مـــاوا و بێـــدەر[٥٤]
خــودا مـــەزانۆ[٥٥] پەی كـام مـەكــان بۆ
پەی جـەنگ كـام گەور[٥٦] جا هـەراسـان بۆ
ئـەمــجـــا بكەرین[٥٧] دەعـــوا پەرێ دین
چەنی[٥٨] كـــافـــران بـجـــۆشـین وەقـین
چەنی كـــافـــران بین وە مـــوقـــابیل[٥٩]
چون ڕەزم ئـێــــران كـــــابـول و زابـیـل
دو لـنگ ســـــوپـاهـان ئـاهـر دۆ[٦٠] مـــاردەم[٦١]
دنیـــــا جـــــە ســــــامش بـۆ وە تـۆزو تـەم
بدەین وەهـەمـــدا چون ســــوپای كـــاوس[٦٢]
دەنگ زەلزەلـەی[٦٣] نـەعـــرەتەی نـاقـــووس[٦٤]
چەنی گـرپەی نـار قـیـژەی ڕەسـاس[٦٥] بۆ
نەبۆ شــەو هـەركـەس عـومـرش خـەلاس بۆ
نە چـركـەی چەقـمـاق[٦٦] ئاهـیـر وە پا بۆ
بـارووت ئـیـنـگـلـیـس وە ڕووی هــەوا بــۆ

خودا مەزانۆ کام گەور وە بێ باک
سینەمان وەتیغ هیندی کەرۆ چاک[٦٧]
کوا وەک موسڵمان وەئاواز خۆش
بوانان[٦٨] یاسین بەیۆمان[٦٩] بە گۆش؟
وە ئاو زوڵاڵ ئەعزامان پاک کەن
قەورمان لە قەور کافران تاک کەن
بە ڕەسم مەردەی وەرەسەی وێمان
نە خاک بسازان قەبرێ پەرێمان[٧٠]
بە ئیسم ئەعزەم محەمەد زەریف
ڕوومان بکەران وە کاوەی[٧١] شەریف
مەترسۆن[٧٢] یاران بکەفین بەدام[٧٣]
بکەفین بە دام ڕۆم بەد نیزام
چون بەندەی پابەند ڕووی سەر زەمین بین
سەرنیگون[٧٤] بە دەست گەور بێدین بین
دیدار وە مەحشەر چەنی هامدەمان[٧٥]
ڕۆی یەوملمەحشەر[٧٦] لێمان بۆ عەیان[٧٧]
یە[٧٨] عەبداڵ واتەن خەوفش خەیاڵەن
جە ترس نیزام شادیش بەتاڵەن
یە عەبداڵ واتەن پڕ قەبرش نوور بۆ
ڕوحش جە عەزاب قیامەت دوور بۆ

---

(١) شاعیر نێونیشانی شیعرەکەی بەم جۆرە داڕێژاوە: (فرمودن عبدال بر سر عسکر جهادو غزا).

(٢) نیزام: سوپا، لەشکر.

(٣) تاقی: ڕاستی.

(٤) ئەیام: کۆی یەوم، ڕۆژ.

(٥) توتای توت: بگرە بگرە، وشەکە تورکییە.

(٦) ڕۆم: ١) لە کوردەواریدا بە ولآت و نەتەوەی تورکی عوسمانی دەڵێن: ٢) ناوی ولآتێکی بەناوبانگە لە سنووری شام، لێرەدا مەبەست لە یەکەمیانە.

(٧) نەکەردین: نەمانکرد.

(٨) هاتهات: وا هاتە پێشەوە، لە کاتێکدا دەوترێ دوژمن بە لەشکرەوە هێرش بەرێتە سەر شوێنێک، واتا: هاتن زووکەن بکەونە خۆتان.

(٩) نەوەردین: نەمانبرد.

(١٠) ئامان: هاتووە.

(١١) گرتەن: گرتوویەتی.

(١٢) داوا: شەڕ و هەرا، جەنگ.

(١٣) مەگێرۆ: دەگرێ.

(١٤) ڕەستاخێز: ڕاپەڕین.

(١٥) پەی: بۆ.

(١٦) وێمان: خۆمان.

(١٧) مەردە: مردوو.

(١٨) وەر: بەڵام.

(١٩) نەشۆ: نەڕوا.

(٢٠) خاستەرەن: چاکترە، باشترە.

(٢١) نارێوەن: ئاگرێکە، ئاورێکە.

(٢٢) جارێوەن: جارێکە.

(٢٣) تەور: جۆر، شێوە.

(٢٤) فانی: نەبوون، لەناوچوون.

(٢٥) تەن: لەش، ئەندام.

(٢٦) مێشان: کۆی مێش، مەڕ، پەز.

(٢٧) زاوما: تێکەڵبوونی ئاژەڵ و گیانداران لەگەڵ بێچوەکانیاندا.

(٢٨) زاری: گریان و شیوەن.
(٢٩) وەپا: بەرپا، سازکردن، دامەزران.
(٣٠) بگێران: بگرن.
(٣١) نۆ: نوێ، تازە.
(٣٢) والآکەین: ڕازاوە، ئامادە.
(٣٣) گاھ: دەم، وەخت.
(٣٤) تەعلیم: فێرکردن، تێگەیاندن.
(٣٥) مەحبووسان: کۆی مەحبووس، بەندی، زیندانی.
(٣٦) زەرب: لێدان، پێداکێشان.
(٣٧) تۆقان: لە ترسا مردن.
(٣٨) مەئیووس (مایوس): نائومێد، بێ هیواو ئامانج، دەست شوشتن لە شتێک.
(٣٩) شەق: شڕ، ژیانی پڕ لە دەردە سەری، کولەمەرگی.
(٤٠) بایەقــوش: بەیانقــوش، کــوندەبوو، بووم، کــونەبی، پەلەوەرێکی چاو زاقــە، پەلەوەری بچووک ڕاو دەکا، لە کوردەواریدا بە شوومی دەزانن.
(٤١) قارەوان: قارەمان، پاڵەوان. قارەوانە: قارەمانانە، وەکو قارەمان.
(٤٢) دامـر باش: ئـەو پۆشـاکـە ئاسنینانـەیە کـە زووتر جــەنگاوەرەکـان لـە کـاتی جەنگدا دەیانپۆشی وەکو کڵاو ئاسنین و زرێپۆش و...
(٤٣) دیر: دوور.
(٤٤) ئەغیار: بێگانە.
(٤٥) پەرێ: بۆ.
(٤٦) تەیار: ئامادە، حازر.
(٤٧) باھوو: قۆڵ، بازوو، باڵ.
(٤٨) مەوەران: دەبەن.
(٤٩) ئەستەمبووڵ: ئەستەموول، ئەستەنبوول، شارێکی گەورەیە لە تورکیا، زووتر پایتەختی ئەو وڵاتە بووە، ئاستانەشیان پێ وتووە، لە ساڵی ١٩٢٢ی ز. شاری ئەنقەرە لە جیاتی ئەمیان بووە بە پایتەخت.
(٥٠) ماوا: شوێن، جێگە.
(٥١) تەی: گەڕان و سووڕانەوە.

(٥٢) سوب: بەرەبەیان، بەیان.
(٥٣) بیدی: چۆڵەوانی، چۆڵ و هۆڵ، بیابان.
(٥٤) بێدەر: بێ پەنا و بێ کەس.
(٥٥) مەزانۆ: دەزانێ.
(٥٦) گەور: گاور، زەردەشتی.
(٥٧) بکەرین: بکەین.
(٥٨) چەنی: لەگەڵ.
(٥٩) موقابیل: بەرانبەر.
(٦٠) دۆ: بدا.
(٦١) ماردەم: جۆرە تفەنگێکی کۆنی سەردەمی شاعیرە.
(٦٢) کاوس: کەیکاوس، پاتشایەکی بەناوبانگی ئێران بووە.
(٦٣) زەلزەلە: بوومەلەرزە، زەوی لەرزین.
(٦٤) ناقووس: زەنگی گەورە کە لە کەنیسەکان دامەزراون.
(٦٥) ڕەساس: فیشەک، گوللەی تفەنگ.
(٦٦) چەقماق: چەخماغ.
(٦٧) چاک: پارچە، لەت، کوت.
(٦٨) بوانان: بخوێنن.
(٦٩) بەیۆ: بێت بگا بە یۆمان بە گۆش: بگا بە گوێمان.
(٧٠) پەرێمان: بۆمان.
(٧١) کاوە: کابە، کەعبە، ماڵی خوا، قیبلە.
(٧٢) مەتەرسۆن: دەترسم.
(٧٣) دام: داو، داوی مەل ڕاوکردن.
(٧٤) سەرنیگون: سەرەوبن، سەرەوخوار.
(٧٥) هامدەمان: کۆی هاودەم، ئاودەم، ئاودەنگی.
(٧٦) یەومەلحەشر: ڕۆژی حەشر، دوا ڕۆژ، ڕۆژی قیامەت.
(٧٧) عەیان: ئاشکرا، دیار، بینین بە چاو.
(٧٨) یە: ئەمە، ئا ئەمە.

## عەبداڵ هەجوی بەبول ناوێک دەکا[١]

توخواکی ئاغا بەبولت لاوە
کۆنە قوین گوشاد[٢] لە گەڕان ماوە
من یەک جار حەیفم پەی[٣] ناو تونە[٤]
لە لای خەڵق ماچی[٥] یە[٦] پیاو منە
نێکی[٧] ناو تۆ لە عالەم ڕەگە[٨]
مەڵێ پیاومە ئەم پیرە سەگە
قەت بییە بەبول بکەی وە شانە[٩]
حەتا شەش هەنگاو هەر زگی پانە
مەخلوقات تووکی نەمایە پێوە
ناتوانن بەبول بووەن وە ڕێوە
ئەر تۆ حەز ئەکەی گوزەران بکا
ئەوەندە بخوا حەتا ژان بکا
جا من ئەزانم تەدبیری چییە
دەوایێ گەورەم بۆ بەبول دیە
بینێرە وە سەیر سیروان عەزیم
هاییتەی[١٠] بکە لە بێشەی[١١] عەزیم[١٢]
چون گامێش مانگا دەور بدا پێوە
بەڵکەم مەعاشی[١٣] بچێ وە ڕێوە

وەرنە خەڵق برسی وە تۆڵە[١٤] دەرچووی
چۆن ئەدەن مـەعـاش بەبول تـەپـەگـووی
غـوول[١٥] بیـابـان دێوەچـی[١٦] بەبـول
(عـەبدالّ) بێـزارە لە چارەی بەبـول [١٧]

............................................................

(١) ناونیشانی شیعرەکەی بە فارسی بەم جۆرە دارێژاوە: (دَر بَیان فَرمودن عبدال بر سـر ببل شـحنەء درّاجي دَر خـزمت خـورشـیـد آغـا بوده أست)، واتا: فـەرمـایشی = عـەبدالّ دەربارەی (بـەبول) کـە گزیری دوڕاجییـە و لە خـزمـەتی خورشید ئاغادایە.

(٢) گۆشاد: والا، کراوە.

(٣) پەی: بۆ.

(٤) تونە: تۆیە.

(٥) ماچی: دەڵێی.

(٦) یە: ئەمە.

(٧) نێک: باش، چاک، خاس.

(٨) ڕەگە: تاکە.

(٩) شانە: شەعنە، گزیر، برێکاری ئاغا یان کۆخا دێ.

(١٠) هاییت: بەرەڵلا، ڕەها، ئازاد.

(١١) بێشە: مێشە، دەحل، دارستانی درەختی بی لە ڕۆخی چەم.

(١٢) ئەم خشتە شیعرە سەرواکەی تەواو نییە.

(١٣) مەعاش: ژیان، هۆی ژیان.

(١٤) تۆڵە: تۆڵەکە، واتا: خەڵکی ئەوەندە نەداران بە تۆڵەکە خواردن دەژین.

(١٥) غوول: دێو، دەعبایەکی زلی خەیاڵییە.

(١٦) دێو: غوول.

(١٧) ئەم خشتە سەرواکەی لەنگە.

## داشۆرینی ئاغایەکی باجەڵانی[١]

دۆعا و سەلامێ پەی ئاغای نامی[٢]
(..........) ئاغا ئاغای تەمامی
سەد نام خودا لەو ئیقباڵتە[٣]
لە ئیقباڵ وەخت مانگ و ساڵتە
فریشتەت بێدار بەختت وەکار بی
عەلیجان دوشمن یەکجار قەهار[٤] بی
دوشمن بەدخوو[٥] ناخۆش وە گیانت
ئەو بی وە باعیس[٦] بڕین نانت
فریشتەی دەوڵەت بەختت بی وەپا
وەها شنەفتم[٧] خودا فەوتیدا
جە هەر دوو دنیا ئەو ناموراد[٨] بی
ئەرواحش بە جای[٩] جەهەننەم شاد بی
ئەگەر فەوت بییەن ئای لە هەوەست
فرسەتێ زەریف[١٠] کەفتەن[١١] وە دەست
ئینە ڕۆژ تووەن[١٢] هەم عید[١٣] (وەلی)
یەک کارێ بکەر[١٤] لە عام بۆ یەللی[١٥]
سا حەولێ بدەن وەنێکی[١٦] خۆتان
بەڵکە غەیرەیێ نە گێرۆ جێتان

چونکە جە ئەزەڵ جیّ و مەکانتانەن[١٧]
وەباوڵاوک[١٨] هەر نان نانتانەن
سەنعەت سالاّن ئاغا ئەوقەرەن[١٩]
میراس[٢٠] بابۆ[٢١] ئەرس[٢٢] پسەرەن [٢٣]
ماوای[٢٤] عەلیجان پەی[٢٥] وێت[٢٦] کەر[٢٧] ئاوا
مەجلیست گەرم بۆ[٢٨] سوب[٢٩] تا خۆرئاوا
یانەی[٣٠] پڕ مەزاق[٣١] بەزم سیکبازی[٣٢]
بەو شەرت عاجزی هەرگیز نەوازی[٣٣]
ئەگەر وێت دەماغ[٣٤] مەقبوڵی داری
وەکیلیّ بگرە پەنەش[٣٥] بسپاری[٣٦]
وەکیل موتڵەق[٣٧] ئاگاش[٣٨] جە ماڵ بۆ
ئەویش کاکە...... بەقاڵ بۆ
چونکە جە[٣٩] ئەزەڵ وەکیلی خۆتە
ئاگای لە حیساب گشت تان و پۆتە
چون ئەمەکداران وەی کارە دەلیل
فەرزەن دووبارە هەم بۆ بە وەکیل
وەکیل پارە بۆ، بۆ حووبب و[٤٠] گانکەر
بەڵێ تەمێیکە هیچ نەکا خەتەر
یاوەری[٤١] وێتەن[٤٢] مەردێ پڕ هۆشە
بەڵێ تەمێی تۆ چون حەڵقەی گۆشە
ئەو وەکیلت بۆ نمەکەی[٤٣] زەرەر
تۆ هەر ڕاگەی[٤٤] ڕاست مەقبوڵیت جە سەر

ئیتر دانیشە دەست وە بان دەست
فەرمایش[٤٥] بکەر[٤٦] وێنەی شێر مەست
فڕڕەی نێرگێلەی[٤٧] قەمچی[٤٨] سەر لە سیم[٤٩]
بنۆشە وێنەی تۆش ماڵ قەدیم
قاوەی قلیانت جە دیوەخان بۆ
گرمەی دیوەخان جە ڕووی مەیدان بۆ
بنۆش هەی بنۆش بەزم و بادە[٥٠] بۆ
ئیچا ئیچ[٥١] مەی ساقی سادە بۆ
بزەن[٥٢] هابزەن کەفەڵ[٥٣] سفید[٥٤] بۆ
دەور سەڵتەنەت[٥٥] ئاغا... بۆ
جەمع چۆپیکێش جە مەجلس گەرم بۆ
بێ پەردەی حیجاب[٥٦] بێ عارو[٥٧] شەرم بۆ
کاکە... یەک جار مەردێ وە کارە
پەرێ ئی[٥٨] ئیشە خۆی زۆر کارزارە[٥٩]
بەڵێ تەمێت بۆ هەر تا ئەتوانی
چونکە ئی ڕشتە[٦٠] خۆت خاس[٦١] مەزانی
موحیبەت[٦٢] بنمان[٦٣] چەنی مەخلوقات[٦٤]
هەنی[٦٥] عەلیجان کەس نەکا وە یاد
دەورە بدەن لێت جەمع نەزان خوو
بزان چەن خەزنە کۆمەڵ ئەکەی کۆ
گۆش[٦٦] دە وە دەماغ[٦٧] وەی قسەی منە
تەدبیرێ بە خێر یە[٦٨] پەرێ تونە[٦٩]

دۆعا و سەلامم بستانە وە خێر
وە قسەم بکەی ئەکەفی وە سێر[٧٠]
سێر سەفای[٧١] زەوق چەنی نەغمەی ساز
چریکەی ئاواز جەمع دڵنەواز[٧٢]
چەقەی چەقانەی[٧٣] کزەی بەزم و ڕەزم
وێت پایە پایە فەرماندەر[٧٤] وە نەزم
زەمزەمەی[٧٥] مەجلیس بڕانی سەرخۆش
جەم بان[٧٦] جەلات مەرد شەراو نۆش
تیپ گانکەران چەمەڕای[٧٧] نۆبە
بۆ وە کەشاکەش[٧٨] یاڕەبیی تۆبە
یەک نرخ هەرزان بکەر بە دەستوور[٧٩]
نەبۆ بە خوونی[٨٠] زۆردار بێ زۆر
کەیف مایەشا[٨١] هەر کەس پەرێی وێش
نوقسانی[٨٢] نەبۆ ئەر غەریب ئەر خوێش
وە حیساب سیک[٨٣] وەر بگرە پارە
لە خۆشی بمرە هەر مەرگت چارە
وە تەدبیر مەن ئەر نەوی ڕازی
دە فەردێ[٨٤] هەنی پەرێت مەسازی
سەوگەند[٨٥] بە بێچوون[٨٦] پادشای ئەکبەر
نمەشیم[٨٧] جە یاد تا زندەم جە سەر
دایمەن[٨٨] خەریک مەدح کەردەی تۆم
ئەیاغێ[٨٩] چون تۆ نا پەیدان جە دۆم

چونکە ئاغامی جە عام دیاری
جای هاناو هاوار گشت کەفتەکاری[٩٠]
منیش تا زیندەم نمەشی[٩١] جە ویرم[٩٢]
چە مەدح و سەنات[٩٣] نیەن تەقسیرم
شەرتەن مەدحت کەم وێنەی شێر مەس[٩٤]
جاگەی عەلیجان نەبەخشی وە کەس
قەدیم جاگەی تۆن ئاواش کەر جە نۆ
گەنج هەمایۆن[٩٥] پەی وێت بکەر کۆ
جە ڕاگەی دۆستی پێت مەکەم تەدبیر
خێر خوازیت ئەکەم هیچ مەبەر[٩٦] دڵگیر
بەچەی[٩٧] خەر[٩٨] نەوی شیر خەران[٩٩] نۆش
ئەی نەسیحەتە مەگیری نەگۆش[١٠٠]
بەچەی سەگ نەوی جە ئەتوار[١٠١] ژەن[١٠٢]
مەناسی[١٠٣] گوفتار دۆست چەنی دوشمەن[١٠٤]
ئەر دەبەنگ[١٠٥] نەوی وێنەی کەڕو لاڵ
مەگێری بە گۆش گفتوگۆی عەبداڵ
ها واتەم بە تۆ نەسیحەت تەمام
ئیختیار[١٠٦] بە توەن باقی وەلسەلام

---

(١) لەبەرئەوەی داشۆرینەکە لە ڕووی ئەدەبی و کۆمەڵایەتییەوە گونجاو نییە بۆیە ناوی ئاغاکەمان تۆمار نەکرد.

(٢) نام: ناو.

(٣) ئیقباڵ: بەخت، تالح.

(٤) قەهـهار: بە توانا، زاڵ.
(٥) بەدخوو: نەگونجاو، بێ ئاکار.
(٦) باعیس: هۆ، سەبەب.
(٧) شنەفتم: بیستم، گوێم لێ بوو.
(٨) نامورا د: ناکام.
(٩) جا: جێگە، شوێن.
(١٠) زەریف: دڵگر، دڵپەسەند.
(١١) کەفتەن: کەوتووە.
(١٢) تووەن: تۆیە.
(١٣) عید: جەژن.
(١٤) بکەر: بکە.
(١٥) یەللی: ئەوەی لە رۆژی خۆشی و شادیدا بانگەواز دەکا.
(١٦) نێک: چاک، باش.
(١٧) مەکانتانەن: جێگەتانە.
(١٨) باوڵباوک: باب و باپیر، ئەژداد.
(١٩) ئەوقەرەن: ئەوەندەیە، هەندەیە.
(٢٠) میراس (میرات): میراتی، مەنە، ئەو ماڵ و سامانەی لە دوای مردوو بەجێ دەمێنێت.
(٢١) بابۆ: باوک.
(٢٢) ئەرس (أرث): میراتی، جێماو، کەلەپوور، ئەو ماڵ و سامانەی لە کەسی مردوو بەجێ دەمێنێ.
(٢٣) پسەر: کوڕ.
(٢٤) ماوا: شوێن، جێگە.
(٢٥) پەی: بۆ.
(٢٦) وێت: خۆت.
(٢٧) کەر: بکە.
(٢٨) بۆ: ببێ.
(٢٩) سوب: بەرەبەیان، بەیانی.

(٣٠) یانه: ماڵ.

(٣١) مەزاق: گاڵته، گەمە، شۆخی.

(٣٢) سیکبازی: کاری سیکسی.

(٣٣) نەوازی: نەخوازی.

(٣٤) دەماغ: ١) زەوق، خۆشی: ٢) مێژک.

(٣٥) پەنەش: پێی.

(٣٦) بسپاری: بسپێرم.

(٣٧) موتڵەق: ئازاد، ڕەها.

(٣٨) ئاگاش: ئاگای.

(٣٩) جه: له، چه، ژه.

(٤٠) حوب: خۆشەویستی.

(٤١) یاوەر: هاوڕێ، دۆست.

(٤٢) وێت: خۆت.

(٤٣) نمەکەی: ناکەی.

(٤٤) ڕاگە: ڕێگە.

(٤٥) فەرمایش: قسە، ئاخافتن، وتار، وتاری گەورە پیاوان.

(٤٦) بکەر: بکە.

(٤٧) نێرگێلە: قلیانئاوی.

(٤٨) قەمچی: ئەو لوولەیەی کە دووکەڵی قلیانئاوی پێ دەمژن.

(٤٩) سیم: زیو.

(٥٠) بادە: شەراو، مەی.

(٥١) ئیچائیچ: نۆشای نۆش.

(٥٢) بزەن: بژەن.

(٥٣) کەفەڵ: سمت.

(٥٤) سفید: سپی.

(٥٥) سەڵتەنەت: پادشایی.

(٥٦) حیجاب: پەچە، ڕووپۆش.

(٥٧) عار: شوورەیی.

(٥٨) ئی: ئەمە.
(٥٩) کارزار: جەنگ، نەبەرد، ئازا، شەڕەچەقە.
(٦٠) ڕشتە: ڕستە، ڕشتەی زێڕ، مرواری.
(٦١) خاس: چاک، باش.
(٦٢) موحیبەت: خۆشەویستی.
(٦٣) بنمان: بنوێنە.
(٦٤) مەخلوقات: زیندەوەران، گیانداران.
(٦٥) هەنی: ئیتر.
(٦٦) گۆش: گوێ.
(٦٧) دەماغ: کەیف سازی، شادی.
(٦٨) یە: ئەمە.
(٦٩) تونە: تۆیە.
(٧٠) سێر: تێر.
(٧١) سەفا: دیمەنی جوان و هەواش.
(٧٢) دڵنەواز: بە بەزەیی، دڵنەرم، میهرەبان.
(٧٣) چەقانە: چەقەوانە، چەقەنەی دەستی سەماکەر، چەقەنە.
(٧٤) فەرماندەر: فەرمان بدە.
(٧٥) زەمزەمە: دەنگ و ئاوازی خۆش.
(٧٦) جەم بان: کۆ ببنەوە.
(٧٧) چەمەڕا: چاوەڕێ، چاوەڕوانی.
(٧٨) کەشاکەش: کێشەکێش، گێرە و کێشە، تەنگو چەڵەمە، بگرە و بەردە، شەڕوشۆڕ، گفتوگۆ و ئاژاوە.
(٧٩) دەستوور: ئەرەما، فەرمان، ڕێوشوێن.
(٨٠) خوون: خوێن.
(٨١) مایەشا: بە ئارەزووی خۆی، ئەوەی خۆی دەیەوێ.
(٨٢) نوقسانی: کەموکووڕی.
(٨٣) سیک: ئەندامی زاوزێی پیاو.
(٨٤) فەرد: شیعر، هۆنراوە.

(٨٥) سەوگەند: قەستەم، سوێند.
(٨٦) بێچوون: خوا.
(٨٧) نمەشیم: ناچی. نمەشیم جە یاد: لە یادم ناچی.
(٨٨) داییمەن: هەمیشە.
(٨٩) ئەیاغ: چرووک، قرپۆک، بێ برەو، بێ نرخ.
(٩٠) کەفتەکار: لەکارکەوتوو.
(٩١) نمەشی: ناچی.
(٩٢) ویر: بیر، یاد، فکر.
(٩٣) سەنا: ستایش، مەدح.
(٩٤) مەس: مەست.
(٩٥) هەمایۆن: ناوی دڵدارەکەی (هەمەیلا)یە، داستانێکی خۆش بە زمانی فارسی بە ناویانەوە هەیە و لە ئێراندا بە چاپ گەیشتووە، لە شانامەی فیردەوسیشدا ناوی هاتووە، دەڵێن گوایە هەمایۆن زۆر دەوڵەمەند بووە.
(٩٦) مەبەر: مەبە.
(٩٧) بەچە: منداڵ، کۆرپە، فەرزەند.
(٩٨) خەر: کەر، گوێدرێژ. بەچەی خەر: بێچووی کەر، جاش.
(٩٩) خەران: کۆی خەر، گوێدرێژ، کەر.
(١٠٠) گۆش: گوێ.
(١٠١) ئەتوار: کۆی تەور، شێوە، جۆر.
(١٠٢) ژەن: ژن، بەرامبەر پیاو.
(١٠٣) مەناسی: دەناسی.
(١٠٤) دوشمەن: دوژمن.
(١٠٥) دەبەنگ: بێ ئاوەز، گێل، نەفام.
(١٠٦) ئیختیار: هەڵبژاردن، پەسەند.

## داشۆرین[١]

یاران یاوەران[٢] گۆشدەن[٣] بە دەنگم
جەی[٤] بەردەڵبەردی[٥] ستارەی[٦] لەنگم
جە[٧] نەحسی[٨] نەگبەت نەهاتە وەختم
ڕەزم ڕەشبگیر[٩] نیزام[١٠] سەختم
دەنگ توتای توت[١١] ڕۆم[١٢] بێڕام[١٣] بی
بەزم کەشاکەش[١٤] نمرەی[١٥] نیزام بی
فیرار بیم جە قەوم چون باد زەڵان[١٦]
لوام وە عەشرەت قەوم باجەڵان
ئەوەڵ بە خزمەت زات وە...[١٧] ئاغا
بزانە چ تەور[١٨] نریام وە زاغا
مەردی... ئاغا چەنی[١٩] فە...
مەبۆ[٢٠] نە جیهان بکەرۆن[٢١] وە پا[٢٢]
چ تەورێ مەردی لە بارەی من کەرد[٢٣]
هەتاکە زندەم بنویسۆم بە فەرد[٢٤]
کاشکێ[٢٥] دز و حیز گشت دونیا بیام[٢٦]
ئەو ڕۆژە لە پاڵ عا... بیام
عا... نامێ[٢٧] لە خانەقییە[٢٨]
گەوادێ وەها لە دونیا نییە

ســـەردار قـــەحـــپـــە هەر ئەو حـــەســـاوە
وە پـای فـــــــــە... مـــــــــەردێ تـەواوە
دونـیـــــا نـە دیدەم وێـنـەی شـــــەو بـیـــــا
لـە جـــــای فـــــە... ئەو ڕۆژ ئـەو بـیـــــا
تـکـا بـکـردا[٢٩] ئـەو بـە حـــــــــاڵ مـن
پەرێ[٣٠] زاڵـمـــــان نمەبەست[٣١] باڵ من
یا چون هـەمـــەوەند[٣٢] خـــەتاکـار بیـــام
جـە قـەتل غـارەت[٣٣] جـە کـوشـتـار بیـام
چون (عـــەلی خـالیـد) کـەللە شـویم بیـام
ڕازەن[٣٤] و ڕاگــیــر گــشت ئەقلیم بیـــام
حـوکـمـــەت پەی قـەســتم بنالاّ وە قـەس[٣٥]
دامـــــــان مــــــووشی[٣٦] بگرتام بە دەس
ئەر ســەدکـە جـفـیـد[٣٧] جـە دین بێـوەر بێ
ئەوجـــــە فـــــە... دەنگی[٣٨] وە ســــەر بێ
پەی نامـــووس وێش غـــیـــرەت مـــەنمانا[٣٩]
هەر بە زەرب پوول خـوونم[٤٠] مـەسـتـانا[٤١]
یا دەست بە دامان[٤٢] ژەنێ[٤٣] دۆم[٤٤] بیام
بێ باک جـە حـوکـمـەت ئاغـای ڕۆم بیـام
گـشت دەست وە خـشـتـە مـەیل بە جـەنگەوە
نـەهـاشتن[٤٥] خـــــوڵکم بای وە تەنگەوە
ئەر ســوڵتـــان ڕۆم لێم بچـــویا بە قـــار
نمەبەست[٤٦] باڵم ئەو وە بێ کـــوشــتـــار

قــەت حـــەیفت نـە کــەرد ئاغـــای نـامــراد[٤٧]
گـشت نامـووسـداران نامـووس دای وە باد[٤٨]
هـیچ دۆم وە دۆمـی نمەکـــەرد[٤٩] قـــەبیل[٥٠]
بەو تـەورە بالّم بوەســـیـــــان[٥١] وە دیل
خـــۆ تۆ دۆم نەویت ئاغـــای ســـەنجـــەقی[٥٢]
پـەرێ فـــــەقـــیـــــران زۆر کـــەللـە ڕەقـی
لـە دڵ خـــۆشـی هات ئەتو بە ڕوخـــســـەت
بووتـای[٥٣] کـــاکـــە بچن وە حکومـــەت
ئەگــەر قـــەتلی کـا حکومـــەت خـــاســـە[٥٤]
لێــــــرە نـاوڕێ ئەم دەعـــــواو باســــــە
چونکە فـــەقـــیـــرە هیچ نیـــیـــە حـــاڵی
یا زوغـــە[٥٥] بۆ من بوسم[٥٦] بەو حـــاڵی
ئەگـــــەر من ئەیە[٥٧] بدەم بە دەســــــەوە
نـامــــووس نـامـــێنـێ وە لای کــــەســــەوە
ئـینـە[٥٨] بـوتـای هـەر وە گـــــــوڕڕەی دەم
ســاکن[٥٩] بکەردام[٦٠] دڵ فـارغ جـە غــەم
بواتـام بـە خـــــودا ئاغـــــا وە کــــــارە
دایاغ[٦١] عـــەشــرەت گـــەدا و[٦٢] هەژارە
یـــا ڕەبـــبـــی بـــکـــا دایـــاغـــت بـــوڕێ
دەنگ بەد نـامـــــیت[٦٣] لە عـــــالەم زڕێ
دوانـتـــــــان ئـاوس خــــــێڵ بـاوان بـۆ[٦٤]
وە پـەردە یـاوای[٦٥] کــــــوڕ لـە داوان بـۆ!!

دەنگ بـە دیتــــــان لـە عــــــام بـە دەر بـۆ
ژەنتــــــان بـەرەوەن دەست گــــانکـەر بـۆ
مــەعلووم تۆ ئاغــای بـە ســەد گـیـانـەوە
دو پـا هـای لـە ژێر عــــــا... جــــــانـەوە
عــا... جــان چیــیــە ببــۆ[٦٦] وە ئێــوە
وە پـارەی گـــــــانـکـەر ئـەچـێ وە ڕێـوە
خـــۆ شــــۆخی ئێـــوە لـە عــــام دیارە
چونـکـە وجـــــاغن[٦٧] ناســـــێـن پارە
باغـتــان بـێ خـاوەن مــێــوە بـێ باجــەن[٦٨]
خـــــەزنـەتان بـە دەسـت نـادان تـاراجــــەن[٦٩]
عــەرز و[٧٠] مــاڵتــان تەمــام ســەبیلـەن[٧١]
ئاغــــا خـــانـەدان زاتش ئـەســــیلـەن[٧٢]
مــەردێ کــە هـاومل[٧٣] وە عــا... جــان بۆ
ئەرواچی[٧٤] والی[٧٥] کوللی[٧٦] جـیـهـان بۆ
مــــەبۆ چ تـەور بۆ هـونـەر و خــــێــــری
بزەن بـزەن[٧٧] بۆ شــۆن جــڵــد کــێــری
یـەکـێ فـــــــە... هــەم ئـاغـــــــا... لـی
گـەورەی بـاجـەڵان هـەم باشــقـەی[٧٨] یەلی[٧٩]
مــەردان[٨٠] نامی[٨١] هەم زۆر وە مـشـتـەن
ئوستای کارخانـەی ڕووی جیـهان گشتـەن[٨٢]
هـەرچەند کـارخـانە هەن نە ڕووی جـیـهـان
لـە ڕۆم و عـــەرەب کـــوردو عـــارەبســان

ئـاخــــر مـــــايـه[٨٣] پـووچ زەوق دونـيـــــايـه
کـــــەڵ مـن شـــــاگـــــرد ئـەو فـــــە... یـه
هـەر کــەس ئـی[٨٤] نامــە بـوەرۆ[٨٥] پەرێش
نـەوانـۆ[٨٦] پــەرێ فـــــــــــە... بـە وێـش[٨٧]
قـەسـتـەم وە بێـچـوون[٨٨] پادشـای مـەککەین[٨٩]
ئـەویـش بـەی تـەورە مـــەکـــــەریـش وە پـەن
مـــەکـــەریش وە پەند تـا بە قـــەرنێ ســـاڵ
نمـەبـۆ[٩٠] خـــــەڵاس نـە دەسـت (عـــــەبـداڵ)

---

(١) شـاعیر لەم شـیعرەدا بە سـەختی هێرش دەکاتە سـەر چەند ئاغـایەکی هۆزی باجـەڵان، چونکە خـۆی و شـاعـیـر مـحـەمـەد خـورشـیـد ئاغـای داودە لە لایەن ڕژێمی عوسـمـانییـەوە ڕاو نرابوون و ئەمانیش پەنایان بردووەتە بەر ئەو هۆزە و بۆ ماوەیەک لەوێ نیشتەجێ بوونە، بەڵام لە ئاکامدا لە لایەن چەند ئاغایەکی باجـــەڵانـەوە تووشـی کـێــشـــە و چۆرتم دێن و ناچار لەوێیش هـەڵدێن و بۆ جێگەیەکی تر دەگوێزنەوە، جا بەم شیعرە هەجو ئامێزە خەم و پەژارە و داخی خۆی دادەمرکێنێت.

(٢) یاوەران: کۆی یاوەر، هاوڕێ.

(٣) گۆشدەن: گوێدەن.

(٤) جەی: لەی.

(٥) بەردەڵبەرد: دەربەدەری، ئاوارەیی.

(٦) ستارە: ئەستێرە.

(٧) جە: لە.

(٨) نەحس: شووم، بێ فەڕ.

(٩) ڕەشبگیر: هـەمـوو کـەس بۆ شـەڕ ناردن، هەمـوو لاوەکـان بـۆ جـەنگ ناردن کـە مووی سەر و ڕیشیان ڕەشە.

(١٠) نیزام: لەشکر، سوپا.

(١١) توتای توت: بگرە بگرە، گرتن، وشەیەکی تورکییە.

(١٢) ڕۆم: لە کوردەواریدا بە وڵات و نەتەوەی تورکی عوسمانی دەڵێن.
(١٣) بێڕام: گومڕا، ئەوەی ڕێگەی لێ ون بووە، ئەوەی لە یاسا و نەریتی ئاسایی لای داوە.
(١٤) کەشاکەش: کێشاکێش، کەشمەکەش، نێوان ناخۆشی و زەنا و چەقەچەق.
(١٥) نمرە: نیشانە، ژمارە.
(١٦) باد زەڵان: بای تیژ و بە هێزی ساردوسڕ.
(١٧) ئەمە و تێکڕای ئەو شوێنانەی خاڵمان داناون نێوی ئاغەکانن، لەبەر چەند هۆیەکی کۆمەڵایەتی ناویانمان یاد نەکرد.
(١٨) تەور: جۆر، شێوە.
(١٩) چەنی: لەگەڵ.
(٢٠) مەبۆ: دەبێ.
(٢١) بکەرۆن: بکەم.
(٢٢) وە پا: بەر پا.
(٢٣) کەرد: کردی.
(٢٤) فەرد: شیعر، هۆنراوە.
(٢٥) کاشکێ: خۆزگە، بریا.
(٢٦) بیام: ببوایەم.
(٢٧) نامێ: ناوێ، نام: نام.
(٢٨) خانەقین: شارۆچکەیەکی کوردنشینە.
(٢٩) بکردا: بمکردایە.
(٣٠) پەرێ: بۆ.
(٣١) نمەبەست: نەیدەبەست.
(٣٢) هەمەوەند: هۆزێکی گەورەی کوردە، بە زۆری لە شارۆچکەی چەمچەماڵ و دەوروبەری دەژین.
(٣٣) غارەت: تاڵان، چەپاو.
(٣٤) ڕازەن: ڕێگر، ڕێبڕ، چەتە.
(٣٥) وە قەس: ئانقەست.
(٣٦) مووشی: بابایە جوو بووە.

(٣٧) جفید: بابایه جوو بووه.

(٣٨) دەنگی: واته: ئەوان له (فه...) به ناوبانگترن.

(٣٩) مەنمانا: دەینواند.

(٤٠) خوون: خوێن.

(٤١) مەستانا: دەیانسەند.

(٤٢) دامان: داوێن.

(٤٣) ژەن: ژن.

(٤٤) دۆم: هۆزێکی کۆچەری کوردن، له پیشەی کلاش چنین و ئامادەکردنی چەقۆو بێژنگ و قاپوقاچاخی داریندا دەستێکی ڕەنگینیان هەیه.

(٤٥) نەهاشتن: نەیانهێشت.

(٤٦) نمەبەست: نەیدەبەست.

(٤٧) نامراد: به ئاوات نەگەیشتوو.

(٤٨) باد: با، هەوا.

(٤٩) نمەکەرد: نەیدەکرد.

(٥٠) قەبیل: قبوول، ڕازی بوون.

(٥١) بوەسیان: ببەسترایه.

(٥٢) سەنجەق: شار، پارێزگا.

(٥٣) بووتای: بیوتایه.

(٥٤) خاس: باش، چاک.

(٥٥) یازوغ: مخابن، حەیف.

(٥٦) بوسم: ڕابوەستم.

(٥٧) ئەیه: ئەمه، ئا ئەمه.

(٥٨) ئینه: ئەمه، ئا ئەمه.

(٥٩) ساکن: هێمن، به ئارام، خامۆش.

(٦٠) بکەردام: بمکردایه، ستوون.

(٦١) دایاغ: دەیاغ، کۆڵەکه، دیرەک.

(٦٢) گەدا: درۆزەکەر، سواڵکەر.

(٦٣) بەد نام: بەد ناو، ئەوەی ناوی به خراپی دەردەچێت.

(٦٤) بۆ: ببێ.

(٦٥) یاوای: گەیشتی.

(٦٦) ببۆ: ببێ، ببێت.

(٦٧) وجاغ: خانەدانی بە میوان.

(٦٨) باج: پیتاک، خەرج، ئەو پارەی کە پیاوی میری لە خەڵکی دەسێنێت.

(٦٩) تاراج: تالآن، چەپاو.

(٧٠) عەرز: جەستە، لەش.

(٧١) سەبیل: ڕێگە، ڕێ.

(٧٢) ئەسیل: ڕەسەن.

(٧٣) هاومل: هاوشان.

(٧٤) ئەرواچی: پایەدار.

(٧٥) والی: پارێزگار.

(٧٦) کوللی: هەموو، هەر هەموو.

(٧٧) بزەن بزەن: بژەن بژەن.

(٧٨) باشقە: بێ وێنە، بە دەگمەن.

(٧٩) یەل: پاڵەوان، قارەمان، نەترس.

(٨٠) مەردان: کۆی مەرد، پیاو.

(٨١) نامی: ناودار.

(٨٢) گشتەن: هەموویەتی.

(٨٣) مایە: هەوێن.

(٨٤) ئی: ئەمە.

(٨٥) بوەرۆ: بیبا.

(٨٦) نەوانۆ: نەخوێنێ.

(٨٧) وێش: خۆی.

(٨٨) بێچوون: خوا، یەزدان.


(٨٩) مەککەین: مەبەست لە شاری "مەککە" و "قودس"ە کە دوو شاری پیرۆزن بە لای موسڵمانەوە.

(٩٠) نمەبۆ: نابێ.



وێنەی عەبداڵی شاعیر

سوپاس بۆ هونەرمەند گرفتار کاکەیی کە وێنەی شاعیری بۆ کێشاوین



اصلش داوده چونانه لاثن    پیم عشرت نقط نو عالی

آغایه فرزند استاد عبدالله    آگاه داریش کراوه قاتش طالی

یه عبدال واتن پوشیده شالی    دروێش دل ریش شاریش بفالی

تمت شد این غزلیات خلیل فقه رمضان بدست حقیر


الفقیر محمد ابن ملا عبدالکریم در ماه ربیع المولود در

روز شنبه مبارک ۱۳۷٦ه برای عبدالله ... ۱۹۵٦

برای اخ العزیز عبدالباقی ابن الحاج حسین خلیل فقیه رمضان

ساکن در شهر صلاحیه است تا لدی الحاجات بکار آید

وێنەی دەستنووسەکەی محەمەد مەلا عەبدولکەریم




یاران ورن دیم    دیم امشو نخاودا لیلی ورن دیم
جه شیوهٔ شیرین ملک ارمن دیم    دو دیده وینه آهوی ختن دیم
زلف عطر آمیز کیل کلاو دیم    زلال تر جه طرز برزهٔ زای کاو دیم
جبین چون صافی تخت مینا دیم    دلهٔ در دنیا ن پیوهٔ عطایم
زبان وریزهٔ شکر فروغ دیم    بوینهٔ لیلی سالان وطوخ دیم
ذوق زنخ چون شوق گل طوپنو دیم    روضه بهشتی هانه جه تو دیم
~~دو چه~~ گردن چون دُر بیه عکس کیان دیم    عکسش چون انجم وروی بیان دیم
دو قبه جه صدر سینهٔ مسکه دیم    حیان بی نکاش هرجه وزن دیم
پنجه و خنای زنگی بستهٔ خاص دیم    بول دلیلهٔ کمند برماس دیم
معلومن عبدال طالش جه نخست
ستاره شومن تا روز الست

سوزهٔ نگاری سوزهٔ نگاری    سوزهٔ واشه چم سوزهٔ نگاری
شاهیه ششلانگ دیده نگاری    چنگ بخون دل رنگ بستهٔ زاری
غضب وست وبان عیه خماری    خوفم پیدا کرد ذات نشئهٔ زاری
او که خشم آورد من سنم تاری    زانای پری قصت من شی نقاری
دا و جستمدا شصد قهاری    هوشم ها یصیحی دردم بی کاری
سوزه بو وخیر مردهٔ ویت چاری    نیم زرهٔ جه عطر دولیموت باری
به نجشلی وزام ناسور نگاری    ساکن کردلم جه تقه زاری
سوزهٔ غمزهٔ نازخوب لنجهٔ لاری    مردهٔ هوش مندهٔ زنده بیماری
پیکای وجرگم یک نیش خاری    مرویت جه ریشهٔ جه رگم برآری
ار درد عبدال ویت نکی چاری
نمبو علاج صد حکیم باری

لیلی تازه کین لیلی تازه کین    با میل قدیم جه نو تازه کین
دل چون پرهٔ گل پره وازه کین    رازانی بناز وهمرازه کین
کوی غمان باطل شادی گشت جم کین    چم دم صم داخل وهم کین
زرهٔ جه شربت منو تو نوش کین    شادی خیالان با فراموش کین
دلهٔ غمینم وبالات شاد کین    ~~شادی خیالان با فراموش~~ وشادی پر شوق دمی و باد دین
یکسر مطلوبان تمام حاصل کین    وینهٔ نادرشاه وتخت واصل کین

وێنەی دەستنووسەکەی مامۆستا مستەفا نەریمان



ل

[فرمودن عبدال نعت جناب ختم الأنبيا را]

سەیید سادار، سەیید سادار    یا رسول‌الله سید سادار !
موختار بێ عەیب پادشای جەببار    پەنای عاصیان بەندەی شەرمسار
شەفا خوای ئومەت سەردار سەروەر    بوزرگ جەلای حەق "اللّٰه أکبر"
نیەن خاتەمێ وێنەی تۆ بالا    بالادەست جە عەشق تۆ دنیال کالا
سەماو سەرزەمین قەرارداوە ناز    بە حورمەت ذات تۆ کەردش مومتاز
شای بوراق سوار گوزیدەی داوەر    سەردار سوپای رۆی دەشت مەحشەر
سەهم سەنگین سام سایەت بێ شومار    دەعیشق ذات حەق تۆش کەرد وەموختار
جیهان چەمەرای مەیل شەفاتەن    نەحیساب ئەودەر عاکی نەپاتەن
من لەو عاصیان صەدپایە بەتەر    وەکەلب خانەی وێت حیسابم کەر
هەرکەس کەلبێ داشت نەحەق بێچارە    صاحیب داریش کەی ئەرصەدمرادەن !!
ئای هەی جەی وەشی من کەلب تۆ بوەیم    تۆ صاحیب داری چەنزان بەدخوو بوەم
ئەرگونام جە فەوق کوهان بۆ ئیظهار    چونکە کەلب تۆم حەق نەدارۆ چار !!!
مەبۆ بوەخشیم وە نوور پاکت    وە شەریف شەوق تاج "لولاک"
"أشهد"ی لیسان تەمامی ئیسلام    پایەت ها نەوپای ئیسم "لاینام"
وە نەجات پاک تاک تەنیای تاک    قەبوول کەی تەدبیر ئەی بەندەی غەمناک
(عەبدال) وەپای تەدبیر وێش بۆ سەرفەراز    نەخەم جەمع ئەندێش بۆ

*** * * *

دەستخەتەکەی مامۆستا فاتیح مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس

# پێڕست


**پێشەکی** ........ 5
**ژیانی شاعیر** ........ 9
**بەشی ئەویندارى** ........ 13
شرین شریندا ........ 15
شرین ئەبرۆدا ........ 18
شرین سێوەنگ کەرد ........ 21
لەیلێ تازە کەین ........ 27
سەوزەی شکاری ........ 29
یاران نەخاو دیم ........ 31
میرزام وەی ڕاوە ........ 34
میرزام شایی بی ........ 38
دڵە وادەشەن ........ 44
زلێخام وەردا ........ 47
**بەشی ئاینی** ........ 57
موناجات لە دەرگەی خوا ........ 59
موناجات – حەیی زولجەلال ........ 64
موناجات لە دەرگەی محەمەد پێغەمبەر ........ 67
موناجات لە دەرگەی غەوسی گەیلانی ........ 71
**بەشی هەمە چەشنە** ........ 81
هەردەم خەیاڵەن – نامەی محەمەد خورشید ئاغای داودە بۆ عەبداڵی شاعیر ... 83
محەمەد لاڵەن – نامەی عەبداڵ بۆ شاعیر محەمەد خورشید ئاغای داودە ........ 88
شەریکم وە غەم ........ 91

جه نەسڵ زاڵەن ..... 98

هامسەران سەردان ..... 102

نیزام نیزامەن ..... 112

عەبداڵ هەجوی بەبول ناوێک دەکا ..... 119

داشۆرینی ئاغایەکی باجەڵانی ..... 121

داشۆرین – جارێکی دی هەجوی ئاغاکانی باجەڵان دەکا ..... 130